عادل صدیق عەلی

# عادیلەخانم

## کەسایەتی و ئەردەڵانی بوون و ساحێبقڕانی بوونی

هەواڵنامەی کتێب

مەڵبەندی کوردۆلۆجی

هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران
مەڵبەندی کوردۆلۆجی

- نووسینی: عادل صدیق عەلی
- ناوی کتێب: عادیلەخانم، کەسایەتی و ئەردەڵانی بوون و ساحێبقڕانی بوونی
- پیتچنین: نووسەر
- دیزاین و سەرپەرشتیاری چاپ : بڕیار فەرەج کاکی
- بەرگ: کەمال عەلی
- لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی
- ژمارەی سپاردن: ١٠٧٢/ ساڵی ٢٠١٠
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە.
- نرخ: ٢٠٠٠ دینار
- زنجیرە: ٤٨

هەواڵنامەی کتێب

مەڵبەندی کوردۆلۆجی
ناونیشان: سلێمانی، کانی ئاسکان – شەقامی ٣، گەڕەك/٢٠٥، ژ. خانوو/٢، ژ. پۆست/٩٥
تەلە فۆن: ٣١٩٣٠٩٣
www.kurdology.com
kteb@kurdology.com

# ناوەرۆك


| بابەت | ژ |
|---|---|
| **پێشەكی** | ٧ |
| عادیلەخانم ئەردەڵانی بوونو ساحێبقڕانی بوونی | ١٥ |
| هاتنی عادیلەخانم بۆ هەڵەبجە | ٢٧ |
| هەڵوێستی توركەكان لە بەرامبەر خواستنی عادیلەخانم لەلایەن وەسمان پاشای جافەوە | ٣٩ |
| ڕۆڵو پێگەی عادیلەخانم لە بەڕێوەبردنی عەشیرەتی جافو فەرمانڕەوایەتی كردنی ناوچەكەدا | ٤١ |
| پەیوەندی نێوان عادیلەخانمو كاربەدەستانی توركی ناوچەكە | ٥١ |
| مێجەرسۆن یان میرزا غولام حسەینی شیرازی لە هەڵەبجە | ٥٩ |
| یەكەم دیداری مێجەرسۆن و عادیلەخانم | ٦٣ |
| دیداری سۆن و تاهیر بەگی جاف | ٦٧ |
| كوڕەكانی عادیلەخانم | ٧٥ |
| عادیلەخانم لە كۆچی دوایی وەسمان پاشاوە تا هاتنی ئینگلیزەكان (١٩٠٩ـ ١٩١٨) | ٨٧ |
| شێخ ڕەزا لە دادگای عادیلەخانمدا | ٩٣ |
| عادیلەخانم لەنێوان دوژمنایەتییو پشتیوانیكردنی شۆڕشی شێخ مەحموددا | ١٠١ |
| **سەرچاوەكان** | ١٢٨ |

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

لەدوای رووخانی دەوڵەتی مادەوە، خاکی کوردستان دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردیی بەخۆوەنەبینیوە، کە سەرانسەری ناوچەکانی کوردستانی خستبێتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە بەو پێیەش دەتوانین بڵێین کۆمەڵگای کوردی سەرباری هەبوونی میرنشینە کوردییەکان کۆمەڵگایەکی ژێر دەستەو داگیرکراو بووە هەر ئەمەش وایکردووە هەمیشە تاکی کورد هەست بە بایەخو گرنگیی خۆی نەکات، چونکە کەسی ژێر دەستە لە لایەن دەسەڵاتی داگیرکەرەوە سادەترین مافەکانی ژیانی پێڕەوا نابینرێتو لێی بێبەش دەکرێت، چ جای ئەوەی بواری ئەوەی پێ بدرێت بوونی خۆی بسەلمێنێتو چانسی خۆدەرخستنی پێ بدرێت. میللەتی کورد بە درێژایی مێژوو کوشتەی دەستی ئەو هەموو چەوسانەوە جۆراو جۆرانە بووە، کە بە دەیانو بگرە بەسەدان ساڵ لەسەر خاکەکەی خۆیو لە نێومالەکەی خۆیدا لێی کراوە.

لەگەڵ ئەوەی کوردستان لە مێژووی دوورو نزیکی خۆیدا لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا خاوەنی چەندین میرنشین بووە، بەڵام ئەمانەش لەبەر گەلێك هۆکاری جیاوازو بە پێی گۆڕانی کاتو شوێنیانەوە هەریەکەیان پاشکۆی یەکێك بوووە لە دوو زلهێزەکەی رۆژهەڵات (ئێرانیو عوسمانی) ( جگە لە هەندێ کاتی کەم نەبێت)، ئەوانیش هەتا بۆیان کرابێت ئاژاوەو ئاگری ناکۆکییان لە نێو میرنشینو دەرەبەگەکانی کوردستاندا چاندووەو هیچ کات درێغییان نەکردووە، بە دەگمەنو بۆ مەبەستێکی کاتیو دیاریکراوی خۆیان یان لەبەر لاوازییان نەبێت، بواری ئەوەیان نەداوە ئەم میرنشینانە دەسەڵاتیان بەهێز ببێتو سنوورەکانیان فراوان بکەن، یاخود رێکەوتنێك لە نێوان میرەکوردەکاندا بێتە ئاراوە، مێژوو لەم بارەیەوە زۆر رووداوی بۆ تۆمار کردووین وابزانم بابەتەکە زۆر روونەو پێویست بە نمونە هێنانەوە ناکات.

ئێرانیو عوسمانییەکان دوو دەوڵەتیی دیکتاتۆریی خۆسەپێن بوونو هەریەکەیان سیستمێکی دەرەبەگایەتیی دواکەتوویان تیادا باڵادەست بووە، گەلانی ژێر دەسەڵاتی ئەم

دوو دەوڵەتە لە بارودۆخێکی زۆر سەختدا ژیانیان دەگوزەراند، بەدەست جۆرەها گیروگرفتی ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئاینیو فەرهەنگییەوە دەیانناڵاند. میرنشینە کوردییەکانیش بەو پێیەی کە بەشێك بوون لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەم دەوڵەتانە بارودۆخیان لە بارودۆخی ئەو دەوڵەتانە زۆر باشتر نەبوو ساتێکیش خۆری دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان رووی لە ئاوابوون کرد، هێندەی دیکە گیروگرفتەکانو باری سەرشانی گەلی کورد زیاتر بوو. ناوچەکانی کوردستان بە کلتوورێکی دواکەوتوییو دەرەبەگایەتیو عەشیرەتگەرایی و باوکسالاریی سیخناخ بووبوون ، هۆزە کوردەکان هەریەکەیان لە سنوورێکی دیاریکراوداو بە پێی تواناو دەسەڵاتی خۆیان ناوچەیەکیان پاوانکردبوو، دوور لە عەشیرەتەکانی دیکە ژیانی رۆژانەی خۆیان بەرێ دەکرد.

عەشیرەتی جاف  کە رێگە بە خۆم دەدەم وەك میرنشینی جاف ناوی بهێنم، نموونەیەکی بچووك کراوەی کۆمەڵگای کوردی بووە، ئەم عەشیرەتە خاوەنی مێژوویەکی دورو درێژو هێزێکی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سەربازیی بەهێزو تایبەت بەخۆی بووە، هیچ کات ملی بۆ داگیرکەرانی ئێرانیو عوسمانی لە لایەكو میرنشینەکانی بابانو ئەردەڵان لە لایەکی تر کەچ نەکردووەو نەیویستووە سەربەخۆیی خۆی لە دەست بدات. بەگزادەو سەرۆکەکانی ئەم عەشیرەتە لە پاراستنی ئەم عەشیرەتەو پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتەدا رۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە، دەوڵەتەکانو میرنشینەکانیش کەم تا زۆر رەچاوی تایبەتمەندییەکانی ئەم عەشیرەتەیان کردووەو جیاواز لە عەشیرەتەکانی تر مامەڵەیان لەگەڵ کردوون .

بەڵام ئەوەی ئێمە دەمانەوێ لەم لێکۆڵینەوەیەدا قسەی لەسەر بکەینو لەبارەیەوە بدوێین کەسایەتییەکی دیکەیە جیاواز لە سەرکردە تەقلیدییەکانی ئەو عەشیرەتە، کە بۆ ماوەی چەند دەیەیەك رۆڵێکی دیارو بەرچاوی لە نەخشی سیاسیو کۆمەڵایەتی ئەو عەشیرەتەدا گێڕاوە، ئەو کەسایەتیەش (عادیلەخانم ـ ە) کە بە خانمی وەسمان پاشا بە ناوبانگ بووە، دەرکەوتنی ئەم خانمە لە کاتێکدا بووە، کە ژنان لەنێو کۆمەڵگای کوردی ئەو سەردەمدا لە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی زۆر دژوارو ناهەمواردا ژیاون، ئەو نالەبارییە بەڕادەیەك گەیشتووە ژن لەبری خوێن و ژنبەژنو بە زۆر بە شوودانو گەورە بە بچووك نمونەیەکی بەرچاوی ئەو قۆناغە بووە، تەنانەت پرس پێکردنو بە گوێکردنی ژنان لە

راپەڕاندنی ئیشوکارە سادەو ساکارەکانی ژیانی رۆژانەشدا کارێکی پڕ لە نەنگیو شوورەیی بووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە کوردناسەکان رەوشو بارودۆخی ژنانی کوردیان بە باش زانیوە، بە بەراورد لە بەرامبەر بارودۆخی ژنانی عەرەبو تورکو فارس.

ئەگەرچی عادیلەخانم خۆی لە بنەڕەتدا لە جافەکان نەبوو، بەڵام تواناو دەسەڵاتی عەشیرەتی جافو پلەو پایەی مێردەکەیو بە هێزیی کەسایەتی خۆی، هەل ودەرفەتی ئەوەی بۆ رەخساند، کە بەشدارییەکی کارا لە بەڕێوەبردنی گەورەترین عەشیرەتی باشووری کوردستاندا بکات، هاوکات دەستێکی باشی ئاوەدانیش بخاتە ناو شاری هەڵەبجەو چەند پرۆژەیەکی گرنگو پڕ بایەخی بێ پێشینەو بێ وێنە کە لە ناوچەکەدا نەبوون، بۆ ئەو شارە ئەنجام بدات.

سەرباری ئەوانەش خانم توانی پارێزگاری لەو ئاڵای سەربەخۆییە بکات کە چەند سەدەیەك بوو بەگزادەکانی جاف یەك لە دوای یەك رادەستی نەوەکانی دوای خۆیان کرد بوو، لەو پێناوەشدا قوربانی زۆریان دابوو. کاتێکیش تورکەکان ویستیان لە رێگەی نانەوەی ناکۆکیو هەڵگیرسانی ئاگری فیتنەوە لەنێو سەرکردەکانیدا بە تایبەتی لە نێوان وەسمان پاشای مێردیو مەحمود پاشای برایدا دەسەڵاتی ئەم عەشیرەتە لاواز بکەن، هەر زوو خانم دەرکی بەم سیاسەتەی تورکەکان کردو رۆڵێکی گەورەی لە پاراستنی یەکڕیزی نێو ماڵی عەشرەتی جافدا بینیو هەوڵی خاوکردنەوەو نەهێشتنی ئەو ناکۆکییانەدا.

دەرکەوتنی عادیلەخانم لە کاتێکدا بووە لە تەواوی دەوڵەتی عوسمانیدا بە پێی گێڕانەوەکانی مێجەرسۆن ژنێك نابینرێت بە ئەندازەی ئەم خاوەن هێزو دەسەڵاتو قسە رۆیشتوو بێت، ئەو بە بەهێزی کەسایەتی خۆیو هاوکات پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە توندو تۆڵەکانی لەگەڵ عەشیرەتو هۆزەکانی دیکەدا، توانیبووی بوونی خۆی وەك ژنێکی چالاكو لێهاتوو بسەلمێنێت. لەنێو هاوڕەگەزەکانی خۆیدا ببووە پێشەنگو کەسایەتییەکی دیار، سەدەیەك بەر لە ئێستا سەلماندبووی کە ئەگەر ژنانی کوردیش دەرفەتی گونجاویان بۆ بڕەخسێت، دەتوانن شانبەشانی پیاوان کارو فەرمان راپەڕێنن هەرچەند قورسیش بێت ، دەتوانم بڵێم خانم سەدەیەك پێش ژنانی هاوسەردەمی خۆی کەوتبوو.

لەوانەشە خوێنەر لێمان بپرسێت هەر لەو سەردەمەدا کە خانمی تێدا ژیاوە ژنانی دیکەشمان هەبووە کە خێزانی ئاغاو دەرەبەگو سەرۆك عەشیرەتەکانی تری کورد بوون،

بۆچی ئەوان نەیانتوانیوە وەك خانم بوونی خۆیان بسەلمێننو ببنە خەڵکانێکی دیارو خاوەن پێگەی گرنگ لەنێو عەشیرەتەکانی خۆیاندا؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ ئاوڕێك لە رابردووی بنەماڵەی عادیلەخانم بدەینەوە سەرنجی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە بدەین کە ئەوی تێدا گەورەو پەروەردە بووە، هەروەها ئەو ناوچەو عەشیرەتەی کە دواتر ئەو دەسەڵاتی تیادا پەیداکردوەو بە وردی سەرنج لە هەریەکێك لەو لایەنانە بدەین، ئەوسا تێدەگەین کە خانم چۆنو بە چ شێوەیەك بوو بەو خانمەی کە مێژوو بەو شێوەیە باسی دەکات.

دەبێ ئەوە بڵێم کە لێکۆڵینەوەکردن لەسەر ژیانی خانمێکی لەو شێوەیە لەنێو ئەم کۆمەڵگایەدا، کارێکی هەروا ئاسان نەبووە، چونکە لەگەڵ خۆیدا بۆ زۆر لایەنو بابەتی دیکە پەلکێشت دەکات، کە بەشێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندییان بەوەوە هەیە، جگە لەوەش نەبوونی، یاخود کەمی زانیاری لەسەر بەشێکی زۆر لە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی ئەو بە تایبەتی دوودەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدە گرفتێکی دیکەی بەردەم ئەم لێکۆڵینەوەیە بوو. لەلایەکی دیکەوە بەڵگەنامەکانی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی کە پشکی شێری لە تێکڕای تەمەنی ئەم خانمە بردووە بە دەگمەن نەبێ تائێستا نەکەوتوونەتە بەردەست، لە کاتێکدا ئەم ناوچەیە لە رووی ئیدارییەوە سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بووەو سەرکردەکانی عەشیرەتی جاف کاروباری ئەم ناوچەیەیان بەڕێوەبردووەو سەرکردەکانی ئەم عەشیرەتە بە گشتیو عادیلەخانم بە تایبەتی هەتا دوا رۆژەکانی دەسەڵاتی ئەم دەوڵەتە لەم ناوچەیەدا لەگەڵ تورکەکان هەر لە کێشەو ململانێدا بوون.

لەوەش زیاتر مینۆرسکی کوردناسی رووسی کە لە ساڵی ١٩١٤دا سەردانی هەڵەبجەی کردووەو لە نزیکەوە چاوی بە خانم کەوتووە، لەدوای گەڕانەوەی لەگەڵ خانمدا ئاڵوگۆڕی نامەی هەبووە، بەم دواییانە لە مەڵبەندی کوردۆلۆجی شاری سلێمانی چاوم بە د.عەبدوڵڵا مەردۆخ کەوت، ناوبراو پێی راگەیاندم کە چەند جارێك لە پاریسی پایتەختی فرەنسا چاوی بە ژنە کوردناسی رووسی (ڤاسیلیەڤا) کەوتووە، ئەو خانمە رووسییە پێی وتووە کە چەند جارێك لە کتێبخانەکەی مینۆرسکیدا بە چاوی خۆی ئەو نامانەی بینیوە کە مینۆرسکیو عادیلەخانم بۆ یەکتریان ناردووە، بەڵام تائێستا ئەوەندەی من ئاگاداربم ئەو نامانە نەکراون بە کوردی تا بتوانرێت سوودیان لێوەربگیرێت، ناشزانرێت ئاخۆ ناوەڕۆکی ئەو نامانە سەبارەت بە چی بوونو چیان تێدا باسکراوە.

له لایەکی دیکەوە سەردەمی دەسەڵاتی ئینگلیزەکانو شۆڕشەکانی شێخ مەحمود شەش ساڵ لە تەمەنی ئەم خانمە بۆ خۆی پاوان دەکات. لەم سەردەمەدا خانم زیاتر لە جاران سەرقاڵو سەرگەرمی پەیوەندیی‌و چالاکییە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکانی بووە، وەك ئەوەی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا روونمان کردووەتەوە، سەرباری ئەوانەش کەچی زانیارییەکانی ئەم سەردەمە لەسەر چالاکییەکانی خانم جگە لە بەرهەمو یاداشتی چەند ئەفسەرێکی ئینگلیزەکان لەوانە (مێجەرسۆن‌و ئەدمۆنس) شتێکی دیکە کە شایانی باسکردن بێت لەسەر خانم نەهاتووە، لیز نمونەی ئەو ئەفسەرو لێپرسراوە ئینگلیزانەیە کە ماوەی دوو ساڵ لە هەڵەبجە (١٩١٩ـ١٩٢١) جێگری حاکمی سیاسی بووە ، دوای گەڕانەوەی بۆ وڵاتەکەی بیرەوەرییەکانی خۆی بە ناوی (دووساڵ لە باشووری کوردستان) لە یەکێك لە گۆڤارەکانی وڵاتەکەیدا بڵاوکردووەتەوە، تائێستا ئەوەندەی من ئاگاداربم ئەو بەرهەمە گرنگەش وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، بێگومان ئەو بەرهەمەی ئەو بۆ لێکۆڵینەوەیەکی لەم شێوەیە بایەخێکی ئێجگار گەورەو گرنگی هەیەو ئێمە زۆرمان هەوڵدا بەردەستمان نەکەوت تاسوودی لێوەربگرین. لە لایەکی دیکەوە بەڵگەنامەکانی ئەوکاتی لێپرسراوە ئینگلیزەکان دەیانتوانی یارمەتی گەورەمان بدەن زیاتر لە ژیانی ئەو خانمە شارەزامان بکەن ، بەڵام ئەو بەڵگەنامانەش هەندێکی کەمیان نەبن وەك پێویست لە بەردەستدا نین‌و تا ئێستا ئەوانیش وەرنەگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی.

بەداخەوە ئەو نووسەرو مێژوونووسانەشی کە یاداشتی خۆیان نوسیوەتەوە بە تایبەتی ئەوانەیان کە لەو سەردەمەدا ژیاون‌و باسی شۆڕشی شێخ مەحمودیان کردووە، بە چەند دێڕێکی کەم نەبێت لەم خانمە نەدوواون‌و باسیان نەکردووە، هی واشیان هەیە هەر باسی نەکردووە، تا ئەو کەلێنەی کە لە نەبوونی بەرهەمو بەڵگەنامە ئینگلیزییەکاندا هەیە بۆ لێکۆڵینەوەکردن لەسەر خانم پڕی بکەنەوە.

گومانی تێدا نییە ئەگەر ئەو بەڵگەنامانەی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی‌و ئینگلیزەکان لە بەردەستدا بوونایە، دەیانتوانی وەڵامی زۆر پرسیار کە لەلای من‌و ئەوانەشی کە سەرنجیان لە ژیانی ئەو خانمە داوە بدەنەوەوە، تەنانەت ئەو پرسیارانەی کە هەتا ئێستاش بەبێ وەڵام ماونەتەوە.

ئەو کۆمەڵە زانیارییەشی کە لەبەردەستی ئێمەدایە لەسەر دوودەیەی کۆتایی ژیانی ئەو ، بەرهەمی ئەو چەند گەڕیدەو ئەفسەرو لێپرسراوە ئینگلیزانەیە، کە دواتر بە

مەبەستی سیاسی تایبەتی خۆیان هاتوونەتە ناوچەکە، لەم بارەیەوە بەرهەمەکانی (مێجەرسۆن‌و ئەدمۆنس) لە هەموو بەرهەمەکانی تر بەبایەخ ترن‌و گرنگی زیاتریان هەیە، لەبەرئەوەی زۆرترین زانیارییان بە بەراود بە هەموو نووسەرەکانی دیکە لەسەر ژیانی عادیلەخانم لەنێو بەرهەمەکانیاندا تۆمارکردووە، دیارە ئەوەش هۆکاری خۆی هەبووە. لەوانەشە خوێنەر لێمان راست بێتەوەو پێمان بڵێت: کە ئەو دوو لێپرساوەی ئینگلیز لە هەر کاربەدەست‌و لێپرساوێکی دیکەی ئینگلیزەکان زیاتر دوژمنایەتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردو بە تایبەتی شۆڕشی شێخ مەحمودیان کردووە، لەبەرئەوە بڕواو متمانە پێکردنی ئەو زانیارییانەی کە تۆماریان کردووە زەحمەتە، بەڵام ئێمە ناتوانین چاو لەو زانیاریانەی ئەوان بپۆشین‌و سوودیان لێوەرنەگرین، چونکە بەرهەمەکانی ئەوان بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمە ئێجگار بەنرخن‌و زانیاری زۆر وردو بەکەڵکیان لەسەر ژیانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی خانم تێدایە، ئەوەشی کە دەوترێت ئەوان دوژمنی شێخ مەحمود بوون، ئەوەیان بابەتێکی دیکەیەو لێرەدا بواری ئەوەمان نیە قسەی زیاتر لەسەرئەو لایەنە بکەین، وابزانم لە بەشی کۆتایی ئەم بابەتەدا کەمێك ئاماژەمان بەو لایەنەش داوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم لە کۆمەڵگایەکدا کە بەدەست دەیان گێروگرفتی جۆراو جۆرەوە ناڵاندوویەتی‌و لە باردۆخێکی وەها ناهەمواری کۆمەڵایەتیدا کە ژنان تیایدا رووبەڕووی جۆرەها چەوسانەوەی کۆمەڵایەتی بوونەتەوە، تەنانەت لەسەر بەدەنگ هاتنی سەرەتایترین مافەکانیان رووبەڕووی لێدان‌و هەندێ جار کوشتنیش دەبوونەوە، دەرکەوتن‌و هاتنە مەیدانی عادیلەخانم بەو شێوازە شایستەی هەڵوێستە لەسەرکردنەو جێگای خۆیەتی لەسەری بووەستین، لەوانەشە ئەوەی پەیوەندی بە منەوە هەبێت‌و وای لێکردبم کە لێکۆڵینەوە لەسەر ژیانی ئەو خانمە بکەم زیاتر هۆکارەکە پەیوەندی بەوەوە هەبێت کە ئەم خانمە تا ئێستا شێکی وای لەسەر نەنووسراوە کە شایستەی ئەو بێت، بۆیە من بە پێویستی سەرشانی خۆم زانیوە ئەو کارە ئەنجامبدەم، لایەنێکی دیکە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە من پێشتر کورتەیەکم لە قۆناغێکی مێژوویی شارەکەم نوسیووەو خانمیش بەشێك بووە لەو مێژووە، روونتر بڵێم من پێشتر ژمارەیەك لەو سەرچاوانەم بینیوە کە بە شێوەیەك لە شێوەکان لەسەر ئەم خانمەیان نوسیووە، هەرئەمەش وایکردووە لێکۆڵینەوەکە بۆمن بە بەراود بە خەڵکێکی دیکە ئاسان تر بێت، ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم.

ماوەتەوە بڵێم لە ئێستادا من هەرئەوەندەم لەدەست هاتووە، هەرچەندە هەندێك لە بابەتەكان زیاتریان بە بەرەوە هەیە لە سەریان بنووسرێت، بەڵام من لام وابووە زیاتر لەسەر رۆیشتنیان لە بابەتە سەرەكییەكە دوورم دەخاتەوە ، بۆیە زیاتر لەسەریان نەدواوم، لەنێوانیاندا مێژووی عەشیرەتی جافو پەیوەندی ئەم عەشیرەتە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیو پەیوەندی قوڵو مێژوویی نێوان جافەكانو بنەماڵەی شێخانی بەرزنجە...هتد.

ناتوانم بڵێم ئەم بەرهەمەی من بێ كەموكوورییەو هەڵەی تێدا نییە، مێژووش رانەوەستاوە، هیوادارم بەم نووسینەم توانیبێتم زانیارییەك ئەگەر كەمیش بێت لەمەڕ ژیانی ئەم ژنە ناودارەی كوردم خستبێتە بەردەستی خوێنەرانی میللەتەكەم، لەو رێگەیەشەوە كەلێنێكی بچووكم لە كتێبخانەی كوردی پڕكردبێتەوە.

هەواڵنامەی كتێب

هەواڵنامەی کتێب



## عادیلەخانم
## ئەردەڵانی بوونو ساحێبقڕانی بوونی

لە باشووری کوردستاندا کەم ژنی کورد بەڕادەی عادیلەخانمو حەپسەخانی نەقیب لە مێژووی هاوچەرخی نەتەوەکەیاندا چالاك بوون، هەربۆیە هەردووکیان لە تۆماری مێژووی کوردو بەرهەمی گەشتیارە رۆژئاواییەکانو بەڵگەنامە نهێنیەکانو دۆکیۆمێنتەکانی (کۆمەڵەی گەلان)دا ناویان دیارە[1]. بەتایبەتی عادیلەخانم کە بابەتی نووسینەکەی ئێمەیە، ناوبراو لە دوودەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەو چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا رۆڵێکی گرنگی لە مێژووی کۆمەڵگای کوردی ئەو سەردەمە بە گشتیو ناوچەکانی هەڵەبجەو شارەزوورو هەورامان بەتایبەتی بینیوە، لێرەدا ئێمە بەپێی تواناو بەپشت بەستن بەو زانیارییانەی کە لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە دەستمان کەوتوون هەوڵدەدەین تیشك بخەینە سەر ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی ئەو خانمە، هاوکات ساغکردنەوەی هەندێك لایەنی ژیانی ئەو کە تا ئێستاش جێگای مشتومڕو قسەی زۆر هەڵدەگرێت، لەوانەش ساڵی لە دایکبوونو ناساندنی پشتەکانیو رەچەڵەكو بنەماڵەکەیو سەرەتای هاتنی بۆ هەڵەبجەو....هتد.

---

[1] د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی حکوومەتی بەریتانیادا، ب١، ٢٠٠٨، ل١٩٣.

عادیلەخانم کچی عەبدولقادر بەگی کوڕی حەمید بەگی کوڕی مەحمود بەگ کوڕی ئەحمەد بەگی ساحێبقڕانە[2]، لەگەڵ ئەوەی هەندێك لە سەرچاوەکان ساڵی (١٨٥٨ز) وەك ساڵی لە دایکبوونی دیاری دەکەن، بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان لەسەرئەوەی کۆکن کە خانم لە ساڵی (١٨٥٩ز) لە شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان و پایتەختی میرنشینی ئەردەڵانییەکان لە دایك بووە[3]. لەوێشەوە هاتووە بۆ شاری هەڵەبجە، پاش ئەوەی کە شووی بە وەسمان پاشای کوڕی محەمەد پاشای جاف کردووە.

بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارەو گومان لە لای خوێنەران درووست دەکات ئەوەیە، کە هەندێك لە کوردناسەکان و تەنانەت هەندێك لە مێژوونووسە کوردەکانی لەمەڕ خۆشمان لەسەری باوکییەوە رەچەڵکی خانم دەبەنەوە سەر بنەماڵەی ئەردەڵانییەکان لە شاری سنەو[4] هەندێکی دیکەشیان عادیلەخانم بە نەوەی بنەماڵەی ساحێبقڕانی ئاماژە دەکەن[5]، کە لە بنەڕەتدا ئەمەی دواییان یەکێکە لە بنەماڵە دێرینو ناسراوەکانی شارەکانی سنەو سلێمانی لە سەردەمی بابانییەکانو ئەردەڵانییەکانو تەنانەت دواتریش[6].

---

[2] حەمەبۆر(محەمەد مستەفا حەمەبۆر): چەپکێ لە هەڵبەستی بڵاونەکراوەی مستەفابەگ (کوردی) ساحێبقڕان، چ١، سلێمانی، ١٩٩٨، ل١٦، عەلادین سەجادی: مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی معارف، سەردەشت، ١٩٥٢، ل٢٢٨-٢٢٩. ئەوەی جێگەی سەرنجە لە دیوانی تاهیر بەگدا بەم شێوە رەچەڵەی خانم دەستنیشانکراوە (عادیلەخانم کچی عەبدولقادر بەگ کوڕی رۆستەم بەگ کوڕی ئەحمەد بەگ) واتە باپیری عادیلەخانم بە ناوی (رۆستەم بەگ) هاتووە نەك حەمید بەگ، (د.عەبدوڵلا مەردۆخ)یش باوکی عەبدولقادر بەگ وەك رۆستەم بەگی بابانی ئەناسێنێت. بڕوانە (دبوانی تاهیر بەگی عوسمان پاشای جاف: دیوانی تاهیر بەگ، چ٣،چاپخانەی هەولێر،١٩٦٦،لb، دامودەزگای دەرەبەگیی بنەماڵەی وەزیرەکانی کوردستانی ئەردەڵان، گۆڤاری کوردۆلۆجی، ژ(١)، ٢٠٠٨، ل٢٧٣-٢٧٤، پ١)

[3] عادل صدیق: هەڵەبجە (١٨٨٩-١٩٣٠)، چ١، چاپو پەخشی نوسەر، ٢٠٠٨،ل٧٥.

[4] میجرسون: رحله متنکر الی بلاد مابین النهرین وکردستان، ت.فوادجمیل، ج١، گ١، بغداد، ١٩٧٠، ص٢٨٧، سلێمانی ناوچەیەك لە کوردستان، و.مینە، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٢٧، محەمەد ئەمین زەکی بەگ: تاریخی سلێمانی و وڵاتی، ب٣، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٣٥.

[5] سیسیل جۆن ئەدمۆندس: کورد تورك عەرەب: و.حامیدگەوهەری، چاپو بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٤، ل٨٨، حەسەن فەهمی بەگی جاف: مێژووی هۆزی جافو مەحمود پاشای جاف، چاپخانەی دێکان، ١٩٩٩، پ٢، ل٧٠.

[6] جەمال بابانو ئەوانی تر: سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ب٣، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم ،٢٠٠٠، ل٦٧، ئەدمۆندس: س.پ، ل٨٨.

ئەمە جگە لەوەی لەسەری دایکییەوە دیسان ئەویش جێگای مشتومڕو هەڵوێستە لەسەرکردنەو پێویستی بە ساغکردنەوە هەیە.

پرسیارەکە لێرەدایە: بۆچی ئەو جیاوازی دیدو بۆچوونانە لەسەر رەچەڵەکی خانم لە لای ئەو نووسەرو مێژوونووسانە درووست بووە؟! سەرچاوەی ئەم هۆکارە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ بۆچی راستیو درووستی ئەم بابەتە تا ئێستا یەکلایی نەکراوەتەوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانەو زیاتر روونکردنەوەی ئەم بابەتە دەبێت کەمێك بۆ دواوەو بگەڕێینەوە و ئاوڕێك لە مێژووی کۆتاییەکانیی میرنشینی بابان بدەینەوە، بۆئەوەی بە شێوازێکی وردتر لەسەر هۆکارەکانی دروستبوونی ئەو جیاوازی دیدو بۆچوونانە هەڵوێستە بکەینو لەو رێگەیەشەوە بتوانین سەرە داوەکانی راستییە مێژووییەکان لەو نووسینە مێژووییانەوە بدۆزینەوە. لە دەورانی میرنشینی بابانەکاندا، دانی پلەی بەرپرسیارێتیی گشتی شێوازێکی میراتگری هەبوو، بەڵام ئەم دیاردەیە پەیوەندی بە بنەماڵەیەکی تایبەتەوە نەبوو، چونکە لە تەواوی ولاتانی رۆژهەڵاتدا بنەماڵە حاکمەکان بە شێوەی ئاسایی لە ناو گروپی لێك جیاوازدا کۆدەبنەوە. لە سلێمانیش بەوەوە بەند بووە کە کاربەدەست بۆ کام لە حکومەتەکانی ئێران یان عوسمانی کێشی ببووایە یان لایەنگری هەریەك لەوانی قبووڵ بکردایە، ئەو پەیوەندییە بە کەسانی لایەنگری ئەو حکومەتانە دەسپێردرا[7]، یەکێك لەو بنەماڵە گرنگانەی کە لە سەردەمی بابانەکاندا دەسەڵاتێکی فراوانی هەبووە بنەماڵەی (ساحێبقڕان) بوو. بە وتەی ئەدمۆنس یەکێك لە سوارەکانی داستانی (١٢سوارەی مەریوان) لەو بنەماڵەیە بووە، کوڕی ئەو ساحێبقڕانە کە ناوی (مەحمودباش چاوەش) بوو، دوایی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی بابانەکان بووە[8]. بەڵام (حەمەبۆر) بۆچوونێکی دیکەی هەیە، ئەو پێی وایە هەر لە بنەڕەتدا بنەماڵەی (ساحێبقڕان) یەکێك بووە لە خانەوادەو بنەماڵە دێرینەکانی شاری (سنە)ی رۆژهەڵاتی کوردستانو پایتەختی میرنشینی ئەردەڵان، ئەم بنەماڵەیە پتر لە پێنج سەدە لەمەو پێشەوە هەتا ئێستا ناوی سەدان زاناو هونەرو جوامێرو گەورە پیاوی هەڵکەوتووی کۆمەڵگای کوردیان بۆ خۆیان بردووە. هەر بەپێی نووسینەکانی (حەمەبۆر)، ئەحمەدبەگی

---

[7] ئەدمۆندس: س.پ، ل٨٨.
[8] هـ.س، ل٨٨.

گەورە کە یەکێکیش بووە لە دوانزە سوارەی مەریوانو لە شاری سنە نیشتەجێ بووبوو، لەسەر داخوازیی سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشای بابان کە ساڵی (١٧٤٧- ١٧٦٣) فەرمانڕەوایی میرنشینی بابان بووە گواستوویەتییەوە بۆ (قەڵاچوڵان)ی پایتەختی ئەوسای بابانیەکانو کراوەتە فەرماندەی گشتیی سوپای میرنشینەکەو راوێژکاری پاشای بابان.

ئەو (ئەحمەدبەگ)ە باپیرە گەورەی ساحێبقڕانەکانی شاری سلێمانیو باشووری کوردستانەو بە (ئەحمەد بەگی گەورە) ناوی دەرکردووە، هەروەها (ئەحان)یشی پێ وتراوە، دوای ئەوەی کە چووەتە حەج بە (حاجی ئەحان) ناسراوە، هاوکات هۆنەرێکی بەتواناش بووە بە نازناوی (شەوقی)یەوە. کاتێك لە ساڵی ١٧٨٤ شاری سلێمانی لە لایەن ئیبراهیم پاشای بابانەوە بنیادنراو پایتەختی میرنشینەکەی بۆ گوێزرایەوە، ئەحمەد بەگی گەورەش بە خێزانو دەستو پێوەندەکانییەوە هاتە سلێمانیو مزگەوتێکی لە نزیك ماڵەکەی خۆیەوە دروستکرد، کە تا ئێستاش خانووەکەیو مزگەوتەکەش بە (حاجی حان) ناودەبرێت، کوڕە گەورەکەی ئەحمەد بەگ کە ناوی (مەحمود بەگ) بووە لەگەڵ باوکیدا هاتووەتە سلێمانیو لە دوای باوکی کراوەتە وەزیری جەنگی میرنشینی بابان[9] .

بەپێی نووسینەکانی هەریەکە لە (ئەدمۆنسو حەمەبۆر) بنەماڵەی ساحێبقڕان یەکێك بووە لە بنەماڵە ناودارەکانی ئەو سەردەمەی شاری سلێمانی لە لایەکەوە ، لە لایەکی ترەوە ئەم بنەماڵەیە لە ناو میرنشینی باباندا خاوەن پۆستو پلەو پایەی بەرزبووە. بە ئاوڕدانەوە لە رووداوەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمو لە چوارچێوەی پرۆژەی چاکسازی دەوڵەتی عوسمانیدا، ئەو دەوڵەتە هەڵمەتێکی بەرفراوانی دەست پێکرد بۆ لە ناوبردنی قەوارەو دەسەڵاتە ناوخۆییەکانی هەرێمەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لە نێویشیاندا ناوچەکانی کوردستان، ئەمەش مانای لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان دەگەیاند بەستنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان بە ناوەندەوە[10] .

---

[9] حەمەبۆر (محەمەد مستەفا حەمەبۆر): چەپکێ لە هەڵبەستی بلاْونەکراوەی مستەفابەگ (کوردی) ساحێبقڕانو کورتەیەکی ژیاننامەی، چ١، سلێمانی، ١٩٩٨، ل١٢-١٦.

[10] د. سەعدی عوسمان، بزاڤی رزگاریخوازی کوردی، چ١، دەزگای توێژینەوەو بلاوکراوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٢٩، پۆڵ دۆمۆن: سەردەمی تەنزیمات (١٨٣٩-١٨٧٨)، و.نەجاتی عەبدوڵلا، چ١، دەزگای چاپو بلاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٦٤.

سیاسەتی بە ناوەندیکردن لە سەردەمی سولّتان مەحمودی دووەم (١٨٠٨-١٨٣٩ز)ەوە دەستی پێکرد، سەردەمی ئەو سەرەتای کۆتایی هاتنی میرنشینە کوردییە رەواکان بوو، سولّتان مەحمود ئەم سیاسەتەی بە پاساوی چاکسازی لە ناو ئیمپراتۆری لاوازدا گرتەبەر، سەرەڕای ئەم سیاسەتە سەرکوتکارانەیە، هەندێك لە میرنشینە کوردییەکان تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم بە خۆڕاگری لە بەردەم دەوڵەتی عوسمانیدا مانەوە، بەڵام لە نزیکەی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا دەوڵەتی عوسمانی توانی دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکاندا یەك لە دوای یەك بسەپێنێت[11]. میرنشینی بابانیش وەك هەموو دەسەڵاتە ناوخۆییەکانی تری کوردستان بەر ئەو شالاّوی داگیرکاریو لە ناوبردنەی سوپای عوسمانی کەوت، دوای ئەوەی لە ساڵی ١٨٤٧دا ئەحمەد پاشای میری بابان لە بەرامبەر سوپای عوسمانیدا بە سەرکردایەتی نەجیب پاشای والی شاری بەغداد تێکشکاو بە دەستگیرکراوی دوورخرایەوە بۆ ئەستەمبوڵ، حوکمی میرنشین درایە دەست عەبدوڵڵا پاشای برای ئەحمەد پاشا، بەڵام بە پلەی قایمقام نەك میری میرنشین، سەربازگەیەکیشیان لە سلێمانی دانا کە لە تورك پێکهاتبوو، عەبدوڵڵا پاشای قایمقام نزیکەی چوار ساڵ حوکمی کردو لە ساڵی (١٨٥١ز)دا، نامیق پاشای والی بەغداد بانگی کردو لەوێوە بە کەلەپچە کراوی ناردی بۆ ئەستەمبوڵ، لە بری ئەو ئیسماعیل پاشای تورك بە قایمقامی سلێمانی دامەزرێنرا، ئەویش لە شارەکەدا دەستی کرد بە ستەمو زۆرداری، بەم شێوەیە فەرمانڕەوایی میرنشینی بابان لە ساڵی ناوبراودا کۆتایی پێهاتو سەردەمێکی تازە لە مێژووی کوردستاندا دەستی پێکرد، دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەتی عوسمانی شوێنی بنەماڵەی پشتاو پشتو رەوای بابانی گرتەوە[12]. لەدوای رووخانی میرنشینی بابانو هاتنی سوپای تورك بۆ شاری سلێمانی، هەروەك چۆن ژمارەیەکی زۆر لە بابانەکان پەرتەوازە بوونو ئەو شارەیان بەجێهێشتو روویانکردە بەغدادو ژمارەیەکیشیان وەك دەستبەسەر بەزۆر لە ئەستەمبوڵ

---

[11] د.عەبدوڵڵا عەلیاوەیی: کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٣٢ـ ٣٣.

[12] د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی: س.پ، ل٤٨، ئەدمۆندس: س.پ، ل٨٨ ، محەمەد رەسوڵ هاوار: شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب١، لەندەن، ١٩٩٠، ل٢٢٨.

نیشتەجێکران[١٣]، بە بڕوای (حەسەن فەهمی بەگی جاف)، عەبدولقادربەگی باوکی (عادیلەخانم)یش چیتر چاوی بەرایی نەهات لە شاری سلێمانیدا بمێنێتەوەو رووی کردە شاری سنەو هەر لەو شارەش نیشتەجێ بوو، عادیلەخانم لەو شارە لە دایك بووە[١٤]. ئەم بۆچوونەی (حەسەن فەهمی) تاڕادەیەکی زۆر لە راستییەوە نزیکە، چونکە میرنشینی بابان لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتێکی خۆماڵی کوردیی بووەو بەدەستی دەسەڵاتێکی بێگانەی وەك تورکە عوسمانیەکان رووخێنراوە، هاوکات بنەماڵەی ساحێبقڕان هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد لە نێوان ئەم میرنشینەدا خاوەن پۆستو پلەو پایەی بەرز بوون، هەربۆیە شتێکی سرووشتییە، کە لەوە بەدواوە عەبدولقادر بەگی باوکی عادیلەخانم شاری سلێمانی بەجێهێشتبێو لە شاری سنە گیرسابێتەوەو هەر لەو شارەش بەیەکجاری نیشتەجێ بووبێ، رەنگە دوو نامەکەی نالیو سالم لەسەر رەوشو بارودۆخی شاری سلێمانی لە دوای رووخانی میرنشینی بابانو هاتنی سوپای تورك بۆ ئەم شارە، باشترین بەڵگەبن.

(ئەدمۆنس)یش بەم شێوەیە باس لە رەچەڵەکی خانم دەکات "دوو لە ئەندامە ناودارەکانی بنەماڵەی ساحێبقڕان بریتی بوون لە دوو شاعیر، بە ناوی مستەفابەگ _ (کوردی)و عەبدولڕەحمان بەگ _ (سالم)، کە (برازاو نەوەی ئەحمەد بوون). هەروەها دوو نەوەی دواتریان ئەحمەد بەگی فەتاح بەگی شاعیرو سالح زەکی بەگ بوون، کە گەیشتە پلەی هەرە باشی حکومەت (مەبەستی سالح زەکی بەگ- نووسەر)، عادیلەخانمی هەڵەبجە نەوەی ئەحمەد بەگی یەکەمە کە لە شاری سنە نیشتەجێ بوو بوو"[١٥]. بە هەمان شێوەی حەسەن فەهمیو ئەدمۆنس، (حەمەبۆرو جەمال بابان)یش رەچەڵەکی خانم دەبەنەوە سەر بنەماڵەی ساحێبقڕان، حەمەبۆر لەم بارەیەوە دەڵێت" مستەفابەگ (کوردی)و حەمیدبەگ کە دوو لە کوڕانی مەحمود بەگی باش چاوشن، زۆر خۆشەویستی یەکتر بوون، پاش مردنی حەمید بەگ لە شاری سنە، مستەفا بەگ سەرپەرشتیکردنو ئەرکی بەخێوکردنی عەبدولقادر بەگی برازای کە کوڕە بچووکی حەمید بەگ بووە دەگرێتە ئەستۆی خۆی، ئەو عەبدولقادر بەگە باوکی عادیلەخانمی خێزانی وەسمان پاشای جافە"[١٦]، بەڵام نەیوتووە ئەو

---

13 محەمەد رەسوڵ هاوار: س.پ، ب١، ل٢٢٨.

14 حەسەن فەهمی بەگی جاف: س.پ ، ل٧٠، پ٢، عادل صدیق: س.پ، ل٧٥.

15 ئەدمۆندس: س.پ، ل٨٨.

16 حەمەبۆر: س.پ، ل١٦، جەمال بابانو ئەوانی تر: س.پ، ب٣ ، ل٦٧ ،عادل صدیق: هەڵەبجە، ل٧٤.

ڕۆیشتنەی ئەم دووکوڕە بۆ شاری سنە دوای لە ناوچوونی میرنشینی بابانو مردنی باوکیان بووە، یاخود باوکیان لە ژیاندا بووە کە ئەوان سلێمانییان بەجێهێشتووەو روویان کردووەتە ئەو شارە، چونکە هەر بەگوێرەی نووسینەکانی حەمەبۆر لە دوای رووخانی میرنشینی بابان مەحمودبەگ (مەحمود باش چاوش) بەهاوکاری کەسێکی دیکە بە ناوی عەزیز بەگ شۆڕشێك دژی عوسمانییەکان بۆ گێڕانەوەی فەرمانڕەوایەتی میرنشینی بابان بەرپادەکەن، تورکەکان بە ناوی گفتوگۆکردنەوە بانگی دەکەن بۆ کەرکوك، بەڵام خیانەتی لێدەکەنو لە کاتی نوێژکردندا پەلاماری دەدەنو دەیکوژن، گۆڕەکەشی لە پشت تەکیەی تاڵەبانییەوەیە لە کەرکوك[17]. حەمیدەی کچی ئەحمەد موختارجافی شاعیر، کە کوڕەزای عادیلەخانمە، ئەویش دیسان ئاماژە بەوە دەکات کە عادیلەخانم لە بنەڕەتدا لە بنەماڵەی ساحێبقڕانی سلێمانییە، بە وتەی (حەمیدە) ئەو خزمایەتیو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەهێزەی کە لە نێوان بنەماڵەی ئەوانو ساڵح زەکی بەگ[18] و ئەندامانی تری بنەماڵەی

---

17 حەمەبۆر: س.پ، ل١٧.

18 ساڵح زەکی بەگ کوڕی حسەین بەگ کوڕی داود بەگ کوڕی مەحمود بەگە، لە بنەماڵەی ناسراوی ساحێبقڕانە، لە ١٨٨٦/٣/٦ لە هەڵەبجە لە دایك بووە، هەر بە منداڵی دایکی دەمرێو باوکیشی بە دوایدا کۆچی دوایی دەکات. عوسمان بەگی مامی دەیگرێتە خۆی، لە سلێمانیو بەغداد خوێندویەتی، لە ساڵی ١٩٠٢دا رووردەکاتە ئەستەمبوڵ، دەچێتە خوێندنگای جەنگی، لە ساڵی ١٩٠٦دا لەو خوێندنگایە بە پلەی مولازم خوێندن تەواو دەکات، ساڵی دواتر پەیوەندی دەکات بە فەیلەقی شەشەمی سوپای عوسمانی لە میسۆپۆتامیا، بەشداری شەڕی یەکەمی جیهانی کردووەو لە شەڕی شوعەیبەدا بریندار دەبێت. دواتر دەکرێتە موقەدەم، لە ساڵی ١٩٢١دا وازلە سوپای تورکی دەهێنێتو دەگەڕێتەوە عێراق، لە ئازاری ١٩٢٢ دەکرێتە قایمقامی ئاکرێ، دوای تێکچوونی شۆڕش گۆڤاری (دیاری کوردستان) بە زمانەکانی کوردیو عەرەبیو تورکی لە بەغداد دەردەکات، دواتر دەگەڕێتەوە سەرکاری بەڕێوەبەرایەتیو دەکرێتە بەڕێوەبەری ناحیەی قەزانیە لە ساڵی ١٩٢٦، پاشان ناحیەی شارەبانو عەفەكو قایمقامێتی چەمچەماڵ. پاش ئەمانەش دەگوێزرێتەوەو دەکرێتە یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی ناوخۆ (١٩٣٠)، ساڵی ١٩٣٣ دەکرێتە قایمقامی کۆیە، دواتریش ئامێدی، لە ئایاری١٩٣٥دەکرێتە پارێزگاری سلێمانی، تەموزی ساڵی دواتر دەکرێتە پاریزگاری دیالە، هەمان ساڵ دەگوێزرێتەوەو دەکرێتە سەرۆکی تەسویەی مافی زەویو زار، هەمان فەرمانی لە کەرکوكو موسڵو کووت بینیوە . ساڵی ١٩٣٩دەکرێتە پاریزگاری هەولێر، لە ئایاری ١٩٤١ خانەنشین= =دەکرێت. لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٢دەیگەڕێننەوەو دەیکەن بە پشکنەری بەڕێوەبەرایەتی هەتا لە ١٩٤٤/١٢/١٣ لە بەغداد کۆچی دوایی دەکات لەو پایەدا دەمێنێتەوە. زمانەکانی عەرەبیو تورکی دەزانیو شارەزای زمانی فەڕەنسیو فارسی بووەوبەزمانی کوردیش شیعری هەبووە.(میربەصری: ناودا رانی کورد، ل١٧٦-١٧٧، محمدعلی الصویرکی: معجم اعلام الکرد فی التاریخ الاسلامی والعصرالحدیث فی کردستان وخارجها، موسسه ژین، سلیمانیه، ٢٠٠٦، ص٣٥٩).

ساحێبقڕاندا هەیانبووە، سەرچاوەکەی بۆ بنەچەی عادیلەخانم گەڕاوەتەوە کە لە ڕەچەڵەکدا سەر بەو بنەماڵەیە بووە [١٩].

لە بەرامبەر ئەم بۆچوونو بەڵگانەشدا هەریەکە لە مێجەرسۆن [٢٠] و محەمەد ئەمین زەکی بەگ [٢١]، ڕەچەڵەکی خانم دەبەنەوە سەر بنەماڵەی ئەردەڵانییەکان.

مێجەسۆن لەوەدا بە هەڵەدا چووە، چونکە سۆن دەنووسێ "عادیلەخانم، کچی ئەمانوڵڵاخان بووە"، دیارە مەبەستی ئەمانوڵڵاخانی والی ئەردەڵانە، ی.ئ.ڤاسیلیەڤاش، عادیلەخانمی هاوسەری وەسمان پاشای جافو عادیلەخانمی کچی میرزا ئەحمەدی وەزیرو ژنی ئەمانوڵڵاخانی گەورەی ئەردەڵانی بەیەك زانیوە، نەقسەکەی سۆنو نەهی ڤاسیلیەڤا هیچیان ڕاست نین، چونکە ئەمانوڵڵاخانی والیو وەسمان پاشای جاف هاوچەرخ نەبوون.

بە وتەی د.عەبدوڵڵامەردۆخ، عادیلەخانمی خێزانی وەسمان پاشای جاف کچی عەبدولقادر بەگی کوڕی ڕۆستەمی بابانی نووسەری کتێبی (سیرالاکراد)ە [٢٢].ئەگەر تەماشا بکەین عەبدولقادر بەگ پاشگری بابانی بۆخۆی داناوە لەسەر ئەو کتێبەی کە دکتۆری ناوبراو وەك بەرهەمی عەبدولقادر بەگ ناوی هێناوە، ئەوەش زیاتر ڕاستی ساحێبقڕانی بوونی عادیلەخانم دەسەلمێنێت.

هەرچی (محەمەد ئەمین زەکی بەگ)ە بەم شێوەیە باس لە خانم دەکات"ئەم کەڵە ژنە (واتە عادیلەخانم) لە خانەدانی کۆنی ئەردەڵانە" [٢٣]. گومانی تێدا نییە ئەمین زەگی بەگیش لەو بۆچوونەیدا سوودی لە نووسینەکانی سۆن وەرگرتووەو [٢٤] بەو هۆیەشەوە ئەویش کەوتووەتە ئەو هەڵەیەوە، خۆئەگەر واش نەبێت، ئەوا بە پێی ئەو بەڵگانەی کە ئێمە لەسەرەوە خستمانەڕوو، ئەو ڕاستییە دەسەلمێت کە ناوبراویش لەو بۆچوونەیدا بە هەمان شێوەی مێجەرسۆن ڕاستی نەپێکاوە، بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیە کە خانم لە

---

19 -چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (حەمیدەی کچی ئەحمەدموختارجاف)، ٢٠٠٦/١٢/١٦، سلێمانی.

20 - رحلە متنکر، ج١، ص٢٨٧ ، سلێمانی ناوچەیەك، ل١٢٧.

21 - تاریخی سلێمانی وە ولاتی، ل١٣٥.

22 - بەوەرگرتن لە د. عەبدوڵڵا مەردوخ: س.پ ،پ١، ل٢٧٣-٢٧٤، ی.ئی.ڤاسیلیەڤا: کوردستانی خوارووی ڕۆژهەلاتی لە سەدەی حەڤدەوە تاسەرەتای ەدەی نۆزدە، و.ڕەشادمیران، هەولێر، ١٩٩٧، ل١٥٠.

23 - محەمەد ئەمین زەکی بەگ: س.پ، ل١٣٥.

24 د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: مێژوو، چ٢، چاپخانەی دۆست، هەولێر،٢٠٠٧، ل١١٢.

بنەماڵەی ساحێبقڕانی سلێمانییەو هەموو بەڵگە بەهێزەکانیش پشتگیری لەم بۆچوونە دەکەن.

تا ئێرە ئەوەمان روونکردەوە کە خانم لە بنەماڵەی ساحێبقڕانە، نەك ئەردەڵانیەکانی شاری سنە، ئەوەش لەبیر نەکەین ئەوەی کە خستمانەڕوو تەنها لەسەری باوکییەوە بووە، نەك لەسەری دایکییەوە.

سەبارەت بە دایکی عادیلەخانم زۆربەی زۆری سەرچاوەکانو ئەوانەی بە شێوەیەك لە شێوەکان باسی کارو چالاکی خانمیان لە ماوەی ژیانیدا کردووە، خۆیان لەو باسە نەداوە، رەنگە ئەوەش لەبەر ئەوە بووبێ کە زانیارییان لەوبارەیەوە لە بەردەستدا نەبووە یاخود بە پێویستیان نەزانیبێ کە ئاماژەیەك ئەگەر کورتیش بووبێ بەو لایەنە بدەن.

لەم بارەیەوە د.عزەدین مستەفا رەسوڵ رەچەڵەکی دایکی خانمی گەڕاندووەتەوە سەر بنەماڵەی وەزیرییەی شاری سنە، ئەویش ئەو باسەی لە پەراوێزێکی کورتدا کردووەو زۆری لەسەر نەڕۆیشتووە، چونکە لە بنەڕەتدا باسەکەی ئەوە نەبووە[٢٥]، ژنە کوردناسی دانیمارکی (هێنی هارۆڵد هانسن)یش رەچەڵەکی خانمی بردووەتەوە سەر بنەماڵەی (وەزیری- ئەردەڵانی) کە ئەو بەوشێوەیە ناوی هێناوە[٢٦]، بێگومان هیچ یەکێك لەو دوو بۆچوونە راست نین، چونکە هەردوکیان عادیلەخانمی خێزانی ئەمانوڵاخانی والی ئەردەڵانو عادیلەخانمی خێزانی وەسمان پاشای جافیان تێکەڵ کردووە، راستییەکەشی ئەوەیە کە عادیلەخانمی وەسمان پاشای جاف، نە لە باوکەوەو نە لە دایکەوە لە بنەماڵەی وەزیرییەی شاری( سنە) نییە، بەڵکو عادیلەخانمی خێزانی ئەمانوڵاخان، کە کچی میرزا ئەحمەدی وەزیر بووە لە بنەماڵەی وەزیرییەیە نەك عادیلەخانمی خێزانی وەسمان پاشای جاف[٢٧]، ئەو بەڵگانەشی کە لە بەردەستی ئێمەدان رەچەڵەکی دایکی عادیلەخانم دەبەنەوە سەر بنەماڵەیەکی تری شاری سنە، ئەویش بنەماڵەی بەناوبانگی (وەکیل)یی ئەو شارەیە بە پێویستی دەزانین، بۆ پشتیوانی کردنی ئەم بۆچوونەشمان ئاماژە بە چەند بەڵگەیەك بکەین:

---

25- د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ: دیوانی ئەحمەد موختارجاف، چاپخانەی (الادیب)، ١٩٨٦، پ٤، ل٨.

26ژیانی ئافرەتی کورد، و.عەزیز گەردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، ١٩٨٣.

27 د.عوبدوڵلامەردۆخ: س.پ، ل٢٧٦.

عەلی ئەکبەر خانی سنجابی کە ماوەیەك بەر لە کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی عوسمانییەکانو لە ساڵی ١٩١٨دا بۆ ماوەی (١٨) رۆژ لە شاری هەڵەبجەو لە ماڵی عادیلەخانمدا ماوەتەوەو میوانی ئەوان بووە، لە تۆمارکردنی بیرەوەرییەکانی ئەو رۆژانەی خۆیدا، بەم شێوەیە باسی لە رەچەڵەکی ئەو خانمە کردووە " لەبەرئەوەی عادیلەخانم لە (وکیل الملك سەنەندجییە) بوو، رێکوپێکیو ماڵو سفرەو خوانی ئەو وەکو گەورەکانی ئێران وابوو، هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ عوسمانیەکاندا نەبوو"[٢٨].

ئەگەرچی سنجابی ئاماژەی بەوە نەکردووە کە خانم لەسەری دایکییەوە لە بنەماڵەی وەکیلەکان بووە یاخود لەسەری باوکیەوە، دیسان(حەسەن فەهمی بەگ)یش لەسەری دایکییەوە خانم دەباتەوە سەر بەگزادەکانی بنەماڵەی (وەکیل)ی شاری سنە[٢٩].

(د.عەبدوڵڵا مەردۆخ)یش، باس لەوە دەکات کە ئەو بەتەواوەتی ئەوەی ساغکردووەتەوە کە عادیلەخانم لە دایکەوە لە بنەماڵەی (وەکیل)ەکانی [٣٠] شاری سنەیەو تەنانەت ئەو بنەماڵەیە هەتا ئێستاش شانازی بەو خانمەوە دەکەنو بە چاوی رێزەوە سەیری دەکەن، ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە لەئەنجامی هەواڵپرسینو گەڕانێکی زۆردا بەو دەرئەنجامە گەیشتووەو ئەو راستییەی ساغکردووەتەوە[٣١]. عادیلەخانم لەبەر ئەوەی لە شاری سنە هاتووەتە دنیاوە، لەوێو لە ماڵی خاڵوانی (وەکیلەکان) گەورە بوو بوو، زۆرتر بە سنەیی دەناسرا[٣٢].

هەر بەگوێرەی نووسینەکانی ناوبراو پەیوەندی خزمایەتیو ژنو ژنخوازی نێوان هەردوو بنەماڵەی (ساحێبقڕانو وەکیل) بۆ مێژوویەکی کۆنتر دەگەڕێتەوە، ئەو باس لەوە دەکات کە محەمەد رەشیدبەگی وەکیلی، لە سەردەمی دەسەڵاتداریدا لەناو میرنشینی ئەردەڵان، لەگەڵ بنەماڵەی جوامێر ئاغای بابان، باپیرە هەرە گەورەی نووسەری

---

28 - د.کریم سنجابی: ایل سنجابی ومجاهدت ملی ایران ( خاطرات علی ئەکبەر خانی سنجابی و سالارمقتدر)، چاپ اول، تهران، ١٣٨٠ی شەمسی، ل٥٤٢-٥٤٣.

29 - حەسەن فەهمی بەگی جاف: س.پ، پ٢، ل٧٠.

30 بۆ زیاتر شارەزابوون لەسەر هەردوو بنەماڵەی وەکیلو وەزیر پێگەو پلەو پایەیان لە ناو میرنشینی ئەردەڵانو شاری سنەدا بڕوانە (چاسیلیەڤا: س.پ، هەولێر، ١٩٩٧، د.عەبدوڵڵا مەردۆخ: س.پ، ل٢٥٦ـ٢٨٦)

31 - چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (د.عەبدوڵڵا مەردۆخ)، سلێمانی، ٢٠٠٩/٤/٢٨.

32 - د. عەبدوڵڵا مەردۆخی: دامو دەزگای دەرەبەگی، پ١، ل٢٧٤.

(سیرالاکراد) عەبدولقادری کوڕی ڕۆستەمی بابان، باوکی عادیلەخانمی خێزانی وەسمان پاشای جاف، خزمایەتی پێکهێنابوو، خوشکی ئەحمەد بەگ کە بە ساحێبقڕان بەناوبانگ بووەو لە کوردستانی باباندا بەکاری وەزیرییەوە خەریك بووە، لە کوڕەکەی خۆی (فەتحعەلی) بەگ مارەکرد. بەم شێوەیە لەم هەرێمەی کوردستانیشدا محەمەد ڕەشیدبەگ ببووە خاوەن ناوو دەسەڵات. ئەحمەد بەگی ساحێبقڕان لە سەردەمی وەسمان پاشادا (١٧٩٠ز/١٢٠٠ك)، پەیوەندی لەگەڵ میری باباندا تێکچوو و پەنای بۆ کوردستانی ئەردەڵان بردو لە شارە سنە لە ماڵی خوشکی گیرسایەوە[٣٣]. بەگوێرەی نووسینەکانی نووسەری (سیر الاکراد) بنەماڵەی جوامێر ئاغا، لایەنگری دەوڵەتی ئێران بوون، بە تایبەت شازادە عەباس وەلیعەهد کوڕی فەتحعەلی شا[٣٤].

---

[33] تۆفیق بەگ کە یەکێکە لە ئەندامانی بنەماڵەی ساحێبقڕان بەم شێوەیە سەر گوزشتەی ئاوارەبوونی بنەماڵەکەی بۆ عەلادین سەجادی گێڕاوەتەوە"بنەماڵەی ساحێبقڕان لە ئەحمەدبەگی گەورەوە دەست پێدەکات، ئەحمەد بەگ یەکێك بووە لە دوانزە سوارەی مەریوان، لاوچاكو سوارچاك بووە، ڕووی کردبێتە هەر دوژمنێك شکاندویەتی، هەر لەبەر ئەوەش ناویان ناوە (ساصێبقڕان-خاوەن نگین). ئەحمەد بەگ تەنها مەحمود بەگی کوڕی دەکەوێتە ولاتی بابانەوە، دەبێت بەوەزیری جەنگی میرنشینی بابان، لە پاش ماوەیەك زویر ئەبێت لە میرنشینەکەو بە خێزانەوە ڕوودەکاتە شاری کەرکوك، میری بابان سوپایەك دەنێرێت بۆ ئەوەی بیگرن، لە گردی (گۆپلە) تووشی دەبن، مەحمود بەگ ڕوودەکاتە (ڕەحمەخان)ی خێزانیوەدەڵێت: (تا ئێستا شەڕم بۆ بابانەکان کردووە، ئێستا بۆ تۆ دەیکەم)و پاشان پەلاماری لە شکری بابان دەداتو دەیان شکێنیو خۆی دەرباز دەکات.

مەحمود بەگ پێنج کوڕی هەبووە (ئەمین بەگ، حەمید بەگ، مستەفا بەگ، داود بەگ، ئیبراهیم بەگ). ئەمین بەگ دەڕوات بۆ ولاتی عوسمانیو دەبێتە دەفتەرداری ویلایەتی (حیجاز)و لە شاری مەککە دەمرێت، لەوێش ئێستا نەوەی هەیە. (حەمید بەگ)یش دەڕوات بۆ ئێرانو لە شاری سنە جێگیردەبێت، قادر بەگو کوڕی تری لە پاش بەجێ دەمێنێ، عایلە خانمی خێزانی عوسمان پاشای جاف کە بە خانمی وەسمان پاشا= =بەناوبانگە کچی ئەو قادربەگەیە، ئەو بنەماڵەیە تائێستاش لەئێرانو شاری سنە نەوەیان زۆرە. مستەفابەگ کەناسراوە بە (کوردی) یەکێکە لە شاعیرە بەناوبانگەکان. داود بەگیش دەڕوات بۆ شاری مەککە بۆ لای ئەمین بەگی برای، ئەویش هەر لەوێ دەمرێت، لە پاش خۆی دوو کوڕی لێ بەجێماوە بە ناوەکانی (عوسمان بەگ، حسەین بەگ)، عوسمان بەگیش دوو کوڕی هەبوو (عوسمان بەگو شەوکەت بەگ)، حسەین بەگیش دوو کوڕی هەبووە بە ناوەکانی: (صالح زەکی بەگو داود بەگ). پێنجەم کوڕی (واتە ئیبراهیم بەگ)، کوڕێکی هەبووە بە ناوی فەتاح بەگ، فەتاح بەگ سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (تۆفیق بەگ، نوری بەگ، شاعیری بەناوبانگ ئەحمەد بەگ).

(عەلادین سەجادی: مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی معارف، سەردەشت، ١٩٥٢، ل٢٢٨-٢٢٩)

[34] دامودەزگای دەرەبەگی، ل٢٧٠.

هەواڵنامەی کتێب



## هاتنی عادیلەخانم بۆ هەڵەبجە

لە باسی پێشوودا ساڵی لە دایك بوونو رەچەڵەكی (عادیلەخانم)مان لە هەردوو سەری دایكو باوكییەوە روونكردەوەو راستییەكانمان بەپێی ئەو بەڵگانەی لە بەردەستی ئێمەدا بوون خستەڕوو، لایەنێكی دیكەی ژیانی خانم كاتی هاتنی ئەوە بۆ شاری هەڵەبجە، روونتر بڵێین ئەوكاتو ساتەی كە عادیلەخانم شووی كردووە بە وەسمان پاشای جاف و پاشانیش گواستنەوەیەتی لەشاری سنەوە بۆ هەڵەبجە.

چەندین بەڵگەو بۆچوونی مێژوویی هەن، كاتی شووكردنی عادیلەخانم بە وەسمان پاشای جاف بۆ نیوەی دووەمی حەفتاكانی سەدەی نۆزدەیەم، دەگەڕێننەوە واتە ئەو كاتەی كە خانم هێشتا تەمەنی لە (١٦بۆ ١٨) ساڵیدا بووە، بۆچوونی واش هەن ساڵی ١٨٩٥ وەك ساڵی شووكردنی عادیلە خانم بە وەسمان پاشا دیاری دەكەن.

ئەم لایەنەش دیسان جێگای مشتومڕەو شایەنی ئەوەیە لەسەری بووەستینو لەبەر رۆشنایی سەرچاوە مێژووییەكاندا كەمێك هەڵوێستەی لەسەر بكەین، تا لەو رێگەیەوە بتوانین بە دەرئەنجامو راستییەكان بگەینو ئەم بابەتەش بۆ خوێنەران روون بكەینەوە.

زۆرێك لەو نووسەرو مێژوونووسانەی کە لەسەر ژیانی **تاهیر بەگ**و بنەماڵەکەی نووسیوویانە ئەویان وەك کوڕی خانم ناساندووە، هەر لەنێو ئەو نووسینانەدا عادیلەخانم وەکو دایکی هەردوو شاعیرە مەزنەکە واتە (تاهیر بەگی جافو ئەحمەد موختار جاف) ناوبراوە، ئەمە لە کاتێکدا جگە لە عەلادین سەجادی وەك نووسەرێکی گەورە کە ساڵی ١٨٧٥ وەك ساڵی لە دایکبوونی تاهیر بەگ دیاری کردووە[٣٥]، زۆربەی نووسەران ساڵی ١٨٧٨ز بە ساڵی لە دایکبوونی ئەو دەزانن[٣٦]، هەرخودی سەجادی خۆشی ئاماژەی بەوە کردووە کە تاهیر بەگ کوڕی عادیلەخانمە[٣٧].

عادیلەخانم زۆرجار لە کاتی گفتوگۆکردنو قسەکردندا تاهیر بەگی وەکو کوڕی خۆی ناوبردووە، بۆ نموونە کاتێك ئەدمۆنس سەبارەت بەو ماوەیەی کە مێجەرسۆن لە ماڵیان بووەو گومانکردنیان لە ئەو پسیار لە خانم دەکات، لە وەڵامدا خانم دەڵێت"راستییەکەی لە بیرمە رۆژێکیان تاهیر بەگی کوڕم هاتە لامو گووتی: پێموایە ئەو غوڵام حسەینە ئەورووپی بێ، بەڵام من گوتم هەرچۆنێك بێت ئەو میوانی ئێمەیەو نابێ ئێمە خۆمان لە کارێك وەردەین کە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە"[٣٨].

یەکێکی تر لە بەڵگەکان ئەوەیە کاتێك حەمە پاشای باوکی وەسمان پاشا لەلایەن کەرەم وەیسییەکانەوە دەکوژرێت، وەسمان پاشا زۆر خەفەتی بۆ دەخواتو بۆ تیرەی کەرەم وەیسیەکانو تۆڵەکردنەوە لێیان زۆر داخ لە دڵ دەبێت، بەو هۆیەشەوە ماوەیەکی زۆر نەخۆی شۆردووەو نەخۆی گۆڕیوە، زۆرجار عادیلەخانمی شارستانی تکای لێکردووە کە خۆی بشواتو خۆشی بگۆڕێت، وەسمان پاشاو مەحمود پاشا کە برای دایكو باوکی یەکترنو لە دایکەوە دەگەڕێنەوە سەر کەرەم وەیسییەکانو دایکیان لەناو بەگزادەکانی جافدا بە (نەنە پیرۆز) ناسرابوو، لە وەڵامدا وەسمان پاشا وتوویەتی: بابە؟! بەخوا قینم لە

35 مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی معارف، بەغداد، ل٤٨٩.

36 د.مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٤، چ١، دەزگای چاپو بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل، سیسیل جۆن ئەدمۆندس: کورد تورك عەرەب، و.حامید گەوهەری دەزگای چاپو بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر ، ٢٠٠٤، ل ١٩٢، محەمەد ئەمین زەکی بەگ: س.پ، ل١٨٩.

37 مێژووی ئەدەبی کوردی، ل٤٧٢.

38 کورد تورك عەرەب، ل١٩٥.

خۆمەو لەو خوێنەشی کە لە لاشەمدایە[39]؟! مەبەستی ئەوە بووە، کە لە سەری دایکییەوە لە کەرەم وەیسیەکان بووەو ئەوان لە ساڵی (١٨٨١بۆ١٨٨٢) لە ناوچەی (برایم سەمین)ی نزیك شاری کفری حەمە پاشای باوکیان[40] کوشتووە.

بەڵگەیەکی تر کە مێژووی شووکردنی خانم بە وەسمان پاشای جاف بۆ ساڵانێکی بەر لە ساڵی ١٨٩٥ دەگێڕێتەوە، ئەو بۆچوونەی (حەسەن فەهمی)یە، کە پەیوەندی بە هاتنی نامیق بەگی میرئالاییەوە هەیە، نامیق بەگ لە لایەن حکومەتی عوسمانییەوە بۆ تاپۆکردنی زەوییەکانی شارەزوور لەسەر سوڵتانی عوسمانی نێردرا بوو بۆ هەڵەبجە بۆ لای مەحمود پاشای جاف، ئەم سەردانەی نامیق بەگ لە ساڵی ١٨٨٩زدا ئەنجامدراوە، لەو کاتەدا مەحمود پاشا کەسی یەکەمی ناو عەشیرەتی جاف بووەو هاوکات قایمقامی هەڵەبجەش بووە. مەحمود پاشا هەرزوو لە مەبەستی هاتنی نامیق بەگ تێگەیشت، چونکە دەمێك بوو حکومەتی عوسمانی لە دەسەڵاتی مەحمود پاشا لە ناوچەکەدا کەوتبووە گومانەوە، بەتایبەتی دوژمنانی مەحمود پاشا هەمیشە راپۆرتیان دژی ناوبراو گەیاندووەتە کاربەدەستانی حکومەتی عوسمانیو ئەوانیش بە دوای هەلێکدا گەڕاون کە بتوانن مەحمود پاشا لە پلەی قایمقامێتی هەڵەبجەو سەرکردایەتیکردنی عەشیرەتی جاف بهێننە خوارەوەو لایبەرن. لەبەرئەوە مەحمود پاشا زۆر بایەخ بە نامیق بەگ نادات‌و وەك هەر میوانێکی تر لە دیوەخاندا دایدەنێ‌و خزمەتی دەکات. پاش مشتومڕو گفتوگۆیەکی زۆر لە نێوان هەردوولادا، سەرئەنجام (نامیق بەگ) لەسەر مامەڵەو میوانداری مەحمود پاشا لە خۆی‌و شێوازی قسەکردنی مەحمود پاشا بەرامبەر بە سوڵتانی عوسمانی دڵگیر دەبێت‌و هەڵەبجە بە جێدەهێڵێت‌و روو دەکاتە ناو عەشیرەتی جاف‌و ئەبێتە میوانی وەسمان پاشای برای مەحمودپاشا، بە پێچەوانەی مەحمود پاشاوە، وەسمان پاشاو عادیلەخانمی خێزانی کە لەو کاتەدا هەواریان لە (زەڵم) بووە میوانداریەکی جوانی دەکەن‌و رێزێکی زۆر لە نامیق بەگ دەگرن، کاتێکیش نامیق بەگ دەگەڕێتەوە، وەسمان پاشا هەزار لیرەی ئاڵتونی پێشکەش دەکات. دواتر لەسەر راپۆرتی نامیق بەگ، مەحمود پاشا لە سەرکردایەتی عەشیرەتی جاف‌و قایمقامێتی هەڵەبجە دوور دەخرێتەوەو دەکرێت بە والی

[39] حەسەن فەهمی بەگی جاف: س.پ، ل١١.

[40] هـ.س، ل٤٢، محەمەد ئەمین زەکی بەگ، س.پ، ل١٢٣، کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف: تـەئریخی جـاف، لێکۆڵینەوەی د.حەسەن جاف، دارالکتب والوپائق، بەغداد، ١٩٩٥، ل٥٨.

شاری ئورفە، لەبری ئەو وەسمان پاشای برای دەكرێتە قایمقامی هەڵەبجە[٤١]. بێگومان ئەم رووداوە لە ساڵی ١٨٨٩زدا روویداوەو هەریەكە لە كەریم بەگی فەتاح بەگی[٤٢] برازای مەحمود پاشاو وەسمان پاشا ومحەمەد ئەمین زەكی بەگ[٤٣]و حەسەن فەهمی بەگی جاف باسیان كردووە، ئەوەش روونە كە دووەمو سێیەمیان لە نووسینەكانی خۆیاندا سەبارەت بەو بابەتە سوودێكی زۆریان لە نووسینەكەی كەریم بەگ وەرگرتووە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە نە كەریم بەگو نە محەمەد ئەمین زەكی بەگ لەم كێشمەكێشو كرداری میوانداریيەدا هیچ كامیان باسی عادیلەخانمیان نەكردووە، بەڵكو تەنها حەسەن فەهمی بەگ باسی خانمی كردووە.[٤٤]

بەڵگەیەكی تر ئەو وێنەیەی عادیلەخانمو عیزەت بەگو ئەحمەد موختاری كوڕیەتی كە لە كتێبەكەی (مینۆڕسكی)دا هاتووە[٤٥]، لە خوارووی وێنەكەدا نووسراوە (خاتوو عادیلەخانمی وەسمان پاشای جافو ئەحمەد موختاری كوڕی، كە منداڵە بچوكەكەیانەو، عیزەت بەگی كوڕی كە منداڵە گەورەكەیانە)[٤٦].



عادیلە خانمی خێزانی وەسمان پاشای جاف لەگەڵ ئەحمەد موختار جافی كوڕە بچكۆلەی و عیزەت بەگی كوڕە گەورەی

---

[41] هـ.س، ل٤٦، كەریم بەگی فەتاح بەگی جاف: س.پ، ٦٧، محەمەد ئەمین زەكی بەگ: س.پ، ل١٣٣.

[42] كەریم بەگی فەتاح بەگی جاف: س.پ، ل٦٧.

[43] تاریخی سلێمانی، ل١٣٣.

[44] مێژووی هۆزی جافو، ل٤٦.

[45] ئەم وێنەیە لە كتێبی مینۆرسكییەوە وەرمانگرتووە.

[46] مینۆڕسكی: كورد، و. حەمەسەعید حەسەن حەمەكەریم، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین، ١٩٨٤، ل١٦٤.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی هەڵوێستەیەك لەسەر ئەم وێنەیە بکەین، ئەم وێنەیە وەك دەردەکەوێت لە ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا گیراوە، چونکە لە وێنەکەدا وا دەردەکەوێت هەردوو منداڵەکە تەمەنیان لە نێوان (٤_٥) ساڵاندا بێتو خودی خانمیش وەك ژنێك دەردەکەوێت کە تەمەنێکی کردبێت، لە کاتێکدا عیزەت بەگ لە ساڵی (١٨٩٥_١٨٩٦ز) لە دایکبووەو ئەحمەد موختاریش لە ساڵی (١٨٩٨ز) لە دایکبووە. قسەکەی ئێمە ئەوەیە بە هیچ شێوەیەك ڕێی تێناچێت عادیلەخانم لە پاش دوو منداڵ ئەو هەموو جوانیو قەشەنگییەی لە دەست دابێت کە ئەوی پێناسرابوو لە ناوچەکەدا لە پاش هاتنی بۆ هەڵەبجە ڕەنگی ژنێکی بەتەمەنی لەو شێوەیەی کە لە وێنەکەدا دەردەکەوێت لێنیشتبێت.

لە کاتێکدا نە خانمو نە وەسمان پاشاش لە خەڵکانێکی کەمدەرامەتو چینو توێژێکی فەقیر نەبوون، هەتا سەختی ژیانو نەبوونیو کەمدەرامەتی زوو چۆکیان پێ دابداتو ئەو جوانییەی کە خانم هەیبووە. بەو خێراییە لێی بستێنێت. بە پێچەوانەوە وەسمان پاشا جگە لەوەی کە یەکێك بووە لە بەگزادەو سەرکردە ناسراوەکانی عەشیرەتی جافو لە ناوچەکانی هەڵەبجەو شارەزوورو سلێمانیدا خاوەن موڵكماڵێکی زۆر بووە، هاوکات لە حکومەتی ئێراندا- خاوەنی پۆستو پلەو پایەی بەرز بووە پێشتر (فەرمانڕەوای جوانڕۆ بووە ئەو کاتەی پەنایان بردەوەتە بەر ئێران)و دواتریش بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ قایمقامی هەڵەبجە بووە.

چ کوردناسەکانی سەردەمی خۆیانو چ مێژوونووسەکانی لەمەڕ خۆشمان، تەنانەت خودی بەگزادەکانی جاف خۆشیان، کە باسی ماڵی (وەسمان پاشاو خانم)یان کردووە، باسی ئەوەیان کردووە کە ئەوان ئەوروپاییانەو لە ترۆپکی خۆشگوزەرانیدا ژیاون[٤٧].

ئەمە لە کاتێکدایە جوانی ژنانی کورد لەگەڵـیّ لێکۆڵینەوەدا جێگەی باسکردنی ئەوان بووە، بەتایبەت لە گەشتو گەڕانو کتێبو یاداشتنامەی گەڕیدەو ڕۆژهەڵاتناسو زانا ئەوروپییەکاندا، کە پوختەی بیروڕای ئەوان لەو بوارەدا ئەوەیە(هەموو ڕۆژهەڵاتناسو

---

[47] شاکرفەتاح: گەشتی هەڵەبجەو هەورامان لە ساڵی ١٩٣٣دا، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٧٤، ل٦، عەبدولکەریم حەمید عەبدولکەریم: ئەحمەد موختار جاف شاعیرو مرۆڤ، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١٠٦، پ٢٩، واسیلی نیکیتین: کوردو کوردستان، و.خالید حسامی (هێدی)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٨، ل٣٠٠.

گەڕیدەکان) کە جوانی ژنانی کورد جوانییەکی سرووشتییەو لەسەر ئەوەش پێکهاتوون کە ئەو جوانییە تەمەنێکی کورتی هەیەو لە سالآنی لاوێتی تێناپەڕێت. بەلأم ئەو هەلسەنگاندنانە زۆر زانستییانە نابێت، ئەگەر سنوورێك یان جیاوازییەك لە نێوان ژنانی کوردا دانەنرێت. کە دیارە بەپێی ئەو جوانییەش کارو فرمانو ئەرکیانو بەپێی ناوچەو شوێن، شار لەگەڵ لادێداو بەپێی پلەی کۆمەلأیەتیو گوزەرانی ئابووریو خۆراكو جۆری ژیان بردنە سەریان دەگۆڕێت، ئەگەر ئەوە سیمای گشتی ژنانی کورد بێت، کە دیارە ناوچەی هەڵەبجەش دەگرێتەوە، ئەوا رەنگبێ بڵێین مۆرکی تایبەتیش تاڕادەیەك لە ژنانی ئەو ناوچانەدا هەیە- کە مەبەست ناوچەکانی هەڵەبجەیە بەتایبەتی کچانی جافو بەگزادەکانی جاف، کە ئەو کات هەڵەبجە وەکو دڵی عەشیرەتی جاف تەماشا دەکرا.

(پیرەمێرد) گەلێك جار لە کچانی جاف دواوەو، زیاتر لە هۆنراوە لە (دوو ئاوانەکە)یداو گۆرانیش وەستایانە وێنەی هەمان جوانی دەکێشێ.

پیرەمێرد دەلێت: بۆ پیم نانوێنی وێنەی فۆتۆغراف
وێنەی شیرینی نازدارانی جاف

(گۆران)یش دەلێت: لای من چ جامی نەشئە چ میحرابی دینی عەشق
ئەم چاوو، ئەو برۆی کچە کوردێکی جافیە

لە پەندی پێشینانیشدا (کچە جاف) نموونەی شۆخو شەنگیو جوانیو گەورەییو بەختەوەری بووە، بۆیە وتراوە (ئەلێی کچە جافیان بۆ دابەزاندووە) کەوابوو نکۆڵی لە جوانی ژنان لەو ناوچەیەی کە خانم بۆ هێنراوە ناکرێت[٤٨].

ئەی دەبێت خانم لە سەرەتای هاتنیدا بۆ هەڵەبجە چەند جوانو شۆخو شەنگ بووبێت!؟ وابەو شێوەیە ناوو ناوبانگی جوانی ئەو بە ناوچەکانی شارەزوورو هەڵەبجەو هەوراماندا بلأوبووەتەوەو لەو کاتەدا بووەتە باسو خواسی خەڵکانی ئەم ناوچەیە.

فەقێ عەبدولقادری رەباتی رووداوێکی خۆش لەم بارەیەوە دەگێڕێتەوە، ئەو رووداوە بۆ ئەوە دەبێ ئێمە وەك بەڵگە لێرەدا بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەی سەرەوە لەسەر جوانیو زیرەکی عادیلەخانم بیهێنینەوە، فەقێ عەبدولقادری رەباتی ماوەیەك میرزای تایبەتی ماڵی وەسمان پاشای جاف بووەو ئەم رووداوە بەسەرخۆیدا هاتووە، رەباتی دەلێت" میرزای

[48] هـ.س، ل١٠٥-١٠٦.

تایبەتی ماڵی وەسمان پاشای جاف بووم ،مەحرەمی ماڵی پاشا بووم، وەك یەكێك لە منداڵەكانی ئەو ماڵە. جوانی خانمی وەسمان پاشا لە هەموو ئەو وڵاتەدا ناوی دەركرد بوو. مێوژە رەشكە لە سایەی گەردنیا دیار بوو، مرۆڤ هەر حەزی دەكرد سەیری ئەو باڵا نەونەمامەو گۆنا ئاڵەی بكات، بە راستی یەكێك لەو شیرین نەمامانەی كە خودا درووستی كرد بوو عادیلەخانمی وەسمان پاشا بوو، ئەمە لە رووی جوانیو نازداریدا، لە رووی سالاریشدا مەگەر هەر تەنها لە دەست خانمی وەسمان پاشا بهاتایە كە فەرمانڕەواییو عەشیرەتداری هەموو عەشیرەتی جافی بكردایە لە هەڵبجەوە تا دەگەشتە سلێمانیو سنەو بانەو شاقەلا.

چەند ساڵ بوو لە دڵمدا بوو بوو بە گرێ كە خانم جارێك ببینیایە لەو كاتەی كە لە خەو هەڵدەستا، چونكە وا گومانم دەبرد كە ئەو جوانییەی خانم هەیەتی بەهۆی داو دەرمانەوەیە، دەمێك بوو ئەم بڕوایەم هەبوو. بە شوێن هەلێكدا دەگەڕام، تا بەیانییەكیان ئەو هەلەم بۆ هەڵكەوت، لەو كاتەی كە هێشتا خانم لەخەو هەڵنەسابوو، بە بیانووی هێنانی قەڵەمو كاغەزێك ڕۆیشتمە ئەو ژوورەی كە خانمی لێ نووستبوو، بە حوكمی ئەوەی مەحرەم بووم دەمتوانی هاتوچۆ بكەم، لەوكاتەی كە سەرم كرد بە ژوورەكەیدا عادیلەخانم گۆشە كوللەی سەر تەختەكەی لاداو لەناو جێگاكەی راست بوویەوەو زەردەخەنەیەكی كرد، بەڵام هەستانێكی وەها هەروەك مانگ لەكەل بێتە دەرەوە ئاوا بوو، بە راستی خانم لە جۆشی نیوەڕۆو ئێوارەدا چۆن بینی بوو، لەو كاتەشدا كە لەناو جێگەكەیدا سەری هەڵبڕی، هەر بەو شێوەیە بوو، منیش لە زەردەخەنەكەی تۆزێك تەریق بوومەوە.

خانم وتی: فەقێ قادر!، ئەزانم بۆچی هاتووی؟ وتم بۆچی هاتووم خانم؟ خانم وتی: لەم كاتەدا بۆ ئەوە هاتووی كە من ببینی بزانی ئەو جوانییەی كە من هەمە لە كاتەكانی تردا بەهۆی داودەرمانەوەیە یاخود هەرهی خۆمە؟! فەقێ قادر من داودەرمان ناكەم، خودا هەردوو بەهرەی جوانیو ماڵی پێداوم، بە داودەرمانو بە پیسكەیی، كوفرانەی ئەو دوو بەهرەیە ناكەم! وتم خانم چۆنت زانی كە من بۆئەوە هاتووم؟ وتی: بەوەدا زانیم هەر كە سەرتكرد بە ژوورەكەدا لە پێشدا سەیری منت كرد، پاشان چاوت گێڕا بۆ لای قەڵەمو كاغەزەكە.

بە راستی ئیتر باوەڕم بەوەش هێنا کە لێهاتوویی‌و زیرەکی خانمی وەسمان پاشای کرد بوو بەو خانمەی کە بتوانێ دەستە جڵەوی هەموو عەشیرەتەکەی بگرێتە دەست، پاشان وتم: وەڵڵا ئەوەی راستی بێت خانم راست دەکەی بۆ ئەوە هاتووم، خۆ هیچ لۆمەیەکم ناکەی؟ وتی: کوڕم! تۆ کوڕی ئێمەی‌و ئەگەر ئێمە تۆمان بە کوڕی خۆمان دانەنایە تۆش بەو جۆرە لە هەموو ژوورو بەری ئەم سەرایەدا"[٤٩] سەربەست نەدەبووی.

کەواتە هەر دەبێ ئەو جوانییەی کە خانم هەیبووە لە تەمەنی لاوێتیدا بوو بێت نەك لە تەمەنی (٣٥)ساڵی‌و بەرەو سەرەوە وەك ئەوەی هەندێك لە نووسەران باسی دەکەن‌و دەڵێن خانم لە ساڵی (١٨٩٥)دا شووی بە وەسمان پاشای جاف کردووە.

تەواوی ئەو بەڵگە مێژووییانەی کە ئێمە ئاماژەمان بۆ کرد دەمانگەیەننە ئەو بڕوایەی کە خانم لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی نۆزدەیەم بەدواوەو هاوکات لەگەڵ گەڕانەوەی عەشیرەتی جاف بۆ ناو قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی‌و گیرسانەوەی وەسمان پاشا لە ناوچەی هەڵەبجەو شارەزووردا ئەو کارە ئەنجامدراوە.

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجەو مایەی هەڵوێستە لەسەرکردنە بۆچوونی (مێجەرسۆن)ە لەمەڕ ئەم بابەتە، سۆن کە ماوەی (٦) مانگ خزمەتکارو میرزای ماڵی وەسمان پاشاو خانم بووەو بەو هۆیەشەوە پەیوەندییەکی توندو تۆڵی لەگەڵ بەگزادەکانی جاف بەگشتی‌و عادیلەخانم‌و تاهیر بەگی کوڕی بە تایبەتی پەیداکردووە، کە ئەو کات خانم لە تەمەنی (٥٠) ساڵێدا بووە.

سۆن بەشێکی زۆری کتێبەکەی (رحلە متنکر....) بۆ باسکردنی ئەو رۆژانە تەرخانکردووە کە لە هەڵەبجەو لە ماڵی خانمدا ژیاوەو زانیارییەکی ئێجگار زۆری لەسەر ئەو بنەماڵەیە بۆ ئێمە گواستووەتەوە. هەر ئەمەش وامان لێدەکات کە هەڵوێستەیەکی وردتر لەسەر بۆچوونەکەی ئەو سەبارەت بە خانم‌و تاهیر بەگی کوڕی بکەین، چونکە بۆچوونەکەی سۆن بە تەواوەتی پێچەوانەو دژە لەگەڵ تێکڕای ئەو بۆچوون‌و بەڵگانەی کە سەبارەت بەم بابەتە ئێمە پێشتر خستمانەڕوو، بەڵام ئایا ئەو بۆچوونەی سۆن لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئەمە پرسیارە سەرکییەکەیە کە ئێمە دەبێت لە رێگەی ئەو زانیارییانەی کە لە بەردەستماندان وەڵامی بدەینەوە.

---

[49] عەلادین سەجادی: رشتەی مرواری، ب٦، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی٢٠٠٥، ل٢٦٩-٢٧٠.

له باسی پێشوودا ئەوەمان خستەڕوو کە هاتنی خانم لە سنەوە بۆ هەڵەبجەو بەهێزی کەسایەتی ئەوو توانای بەڕێوەبردنی عەشیرەتەکەی وای کردبوو کە مێجەرسۆنو محەمەد ئەمین زەکی بەگو زۆر نووسەرو مێژوونووسی تر رەچەڵەکی عادیلەخانم ببەنەوە سەر بنەماڵەی ئەردەڵانییەکان، دیسان هەمان بابەت بووەتە گرفتو سۆنی سەبارەت بە سەرەتای هاتنی خانم بۆ هەڵبجە و تاهیر بەگی کوڕی تووشی هەڵەیەکی دیکەش کردووە. با لێرەدا ئەوە روون بکەینەوەو بزانین بۆچی مێجەرسۆن کەوتووەتە ئەو هەڵەیەوە.

لێرەشدا دیسان پێویست دەکات کەمێك بگەڕێینەوە دواوە بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەمان روونتر وەربگرینەوە، ئەمانوڵلاخانی گەورە کە یەکێکە لە والییە دەسەڵاتدارو هەرە دەوڵەمەندەکانی ئەردەڵان[50]، لە ماوەی ژیانیدا چەندین ژنی هێناوە، یەکێك لە ژنەکانی (سەروناز خانم) بووەو پێشتر ژنی فەتح عەلی شای دەوڵەتی قاجاری بووەو بە دیاری بە خشیویەتی بە ئەمانوڵلاخان، هەروەها ئەمانوڵلاخان کچی فەتح عەلی شا کە ناوی (حوسنی جیهان خانم)ە بۆ کوڕەکەی (خوسرەخان) کە بە خوسرەوخانی ناکام ناسراوە مارەکردووە، دواتر خوسرەوخان دەبێتە والی ئەردەڵانو دەبێتە هاوسەری (ماە شەرەف خانم) کە بە مەستورەی شاعیر ناسراوە[51].

ئەم ئەمانوڵلاخانە، عادیلەخانمی کچی میرزا ئەحمەدی وەزیر، کە دەزگیرانی نەسروڵلابەگی وەکیل بووەو هێشتا نەیگواستبووەوە، ئەمانوڵلاخانی والی نەسروڵلابەگی کوشتووەو دەزگیرانەکەی واتە عادیلە خانمی کچی میرزا ئەحمەدی لە خۆی مارەکردووە، خوسرەو خانی ناکام کوڕی ئەو عادیلە خانمەیە[52].

هەڵەکەی سۆن لێرەوە دەست پێدەکات، چونکە مێجەرسۆن عادیلەخانمی (مەبەست خانمی وەسمان پاشایە) بە کچی ئەمانوڵلاخان داناوە، کە دیارە مەبەستی ئەمانوڵلاخانی

---

[50] نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردوعەجەم، چ٢، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٥٩٦.

[51] ه.س، ل٥٩٦-٥٩٧، محەمەد حەمەباقی: میرنشینی ئەردەڵان- بابان- سۆران لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، چ١، دەزگای چاپو بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٣٢.

[52] د.عەبدوڵلا مەردۆخ: س.پ، ل٢٧٣.

ئەردەڵان بووە، ڤاسیلیڤیاش ، خانمی وەسمان پاشای جافو عادیلەخانمی کچی میرزا ئەحمەدی وەزیرو ژنی ئەمانوڵڵاخانی گەورەی بەیەك زانیووە[٥٣].

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا هیچ یەکێك لەو دوو بۆچوونە لەگەڵ راستییەکاندا یەك ناگرنەوە، چونکە ئەمانوڵڵاخانی والیو وەسمان پاشای جاف هاوسەردەمو هاوچەرخی یەك نەبوون[٥٤]. سەرباری ئەوەی کە باوکی خانمی پاشا ناوی میرزا ئەحمەد نییە، بەڵکو ناوی عەبدولقادر بەگی ساحێبقڕانە[٥٥]. رەنگە هەر ئەو بۆچوونە هەڵەیەی سەرەوە بووبێ وای لە هەندێ خەڵك کردووە کە بڵێن عادیلەخانم بە بێوەژنی شووی بە وەسمان پاشای جاف کردووە.

مێجەرسۆن ئاماژەشی بەوە کردووە کە ئەم کرداری شووکردنەی خانم لە ساڵی ١٨٩٥ز دا روویداوە، هەرئەمەش سۆنی خستووەتە سەر ئەو باوەڕەی کە زیاد لە چەند شوێنێکی کتێبەکەیدا زۆر بەدڵنیاییەوە بڵێت تاهیر بەگ لە خێزانی یەکەمی وەسمان پاشایە نەك لە عادیلەخانم[٥٦].

هەرخودی مێجەسۆن خۆشی ئاماژەی بەوە کردووە یەکێك لەو کارانەی کە خانم لە هەڵەبجەدا پێی هەستاوە دروستکردنو بنیادنانی سێ کۆشك بووە، یەکێك لەو کۆشکانەش، کۆشکەکەی خۆیان بووە کە بە (کۆشکی وەسمان پاشای جاف ) ناسرابوو، ئەم کۆشکە لە ساڵی (١٨٩٣ز)وە دەستکراوە بە دروستکردنیو لە ساڵی (١٩٠١ز)دا تەواوکراوە، بەو پێیەش بێت دروستکردنەکەی ماوەی هەشت ساڵی خایاندووە، مێژووی کۆتایی هاتنی کۆشکەکەش لە بەشی سەرەوەی دەروازەی ناوەڕاستیدا بە دێڕێك کە بەزمانی عەرەبی نوسراوە لەگەڵ نوسینی ساڵە کۆچییەکەیدا بەم شێوە نەخشێنراوەو تۆمارکراوە ( انا فتحنا لك فتحامبینا،قدختم هذا البیناء العالی فی شهرمحرم فی السنة١٣٢١الهجریة)، کە دیارە ساڵی دەستکردن بە دروستکردنی کۆشکەکە ساڵی

---

[53] میجرسون : رحله متنکر ، ص١٥٦-١٦١، د.عەبدوڵڵا مەردۆخ: س.پ، ل٢٧٣، پ١. ی.ئی.ڤاسیلیەڤا: س.پ، ل١٥٠.

[54] د.عەبدوڵڵا مەردۆخ: س.پ، ل٢٧٣، پ١.

[55] عادل صدیق: هەڵەبجە ، ل٧٥، تاهیر بەگی عوسمان پاشای جاف: س.پ، لb.

[56] میجرسون: رحله متنکر، ج٢، ص٢٧٩.

(١٨٩٣ز)یە[٥٧]، ئەمەش دووساڵ بەر لەو مێژووەیە کە سۆن وەك ساڵی (١٨٩٥ز) شووکردنی خانم بە وەسمان پاشا دیاری دەکات[٥٨].

(ئەدمۆنس)یش لەگەڵ ئەوەی ئەو بەشەی کتێبەکەی سۆن کە تەرخانی کردووە بۆ باسکردنی ئەو ڕۆژانەی کە وەك خزمەتکار لە ماڵی عادیلەخانمدا کاری کردووە، وەك سەرنجڕاکێشترین بەشی کتێبەکەی سۆن ناوی دەبات، لەگەڵ ئەوەشدا پەنجەی بۆ ئەو هەڵەیەی سۆن ڕاکێشاوە کە تاهیر بەگی بە کوڕی ژنی یەکەمی وەسمان پاشای جاف ناساندووەو ئەو هەڵەیەی بۆ ڕاستکردووەتەوە[٥٩].

---

[57] مەیجەرسۆن: سلێمانی ناوچەیەك، ل١٢٨، عادل صدیق: س.پ، ل٧٠، عبدالرقیب یوسف: فن العمارە فی کردستان قصرعپمان پاشا جاف فی حلبجە، جریدە العراق، ١٩٨٠/٦/٢٨، ص٣.

[58] بۆ زیاتر شارەزابوون لەسەر مێژووی درووستکردنی ئەم کۆشکەو ئەو شێوازو هونەرە ئەندازیارییەی کە تیایدا بەکار هاتووە بڕوانە (عبالرقب یوسف: مصدر السابق).

[59] کورد تورك عەرەب، ل ١٩١، پ١٧.

هەواڵنامەی کتێب

## هەڵوێستی تورکەکان
## لە ئاست هاوسەرگیری عادیلەخانم و وەسمان پاشای جاف

وەسمان پاشای جاف لە ماوەی ژیانیدا (١٨٤٧- ١٩٠٩ز) دوو ژنی هێناوە، خێزانی یەکەمی ناوی (مەنیجەخان)ەو[٦٠] لە بەگزادەکانی هەورامان بووە، خێزانی دووەمیشی بریتییە لە عادیلەخانم.[٦١] دوای ئەوەی وەسمان پاشا لە سەردانێکیدا بۆ شاری سنە ڕێی دەکەوێتە ماڵی عەبدولقادر بەگی ساحێبقڕان، چاوی بە عادیلەخانم دەکەوێت، ڕاستەوخۆ پاش گەڕانەوەی بڕیاری خوازبێنی کردنی خانم دەدات.[٦٢] وەسمان پاشا بەم هەڵوێستەی ئازاری تورکەکانی دا، چونکە خانم لە بنەماڵەیەکی گەورەی ئۆرستۆکراتی شاری سنە بوو، ئەم کارەش نیگەرانیو دڵەڕاوکێی لای کاربەدەستانی تورك دروستکرد، چونکە هەر تورکەکان بوون کە ژنی یەکەمیان بۆ خواستبوو، تابتوانن (وەسمان پاشا) لە ماوەکانی پێشووتر زیاتر لە خۆیان نزیك بخەنەوە، بەڵام خواستنی ژنێك لە لایەن پاشاوە کە لە بنەماڵەو خێزانە ناودارەکانی شاری سنە بوو کە زیاتر لایەنگری فارسەکان بوون، بەلای کاربەدەستانی تورکەوە کارێکی یەکجار نابەجێ بوو. ئەوان زۆرباش دەیانزانی کە عادیلەخانم دەبێتە پشتو پەناو دەسەلاتێکی بەهێز بۆ وەسمان پاشاو نزیکبوونەوەی ئەو لە ئێرانییەکان، هەر بۆیە شتێکی سرووشتی بوو کە تورکەکان دژایەتیی ئەم کارە بکەن.

تورکەکان پەنجەی پەشیمانییان گەستو کەوتنە بەرهەڵستی کردنو بیرکردنەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك بۆ لەناوبردنو پووچەڵکردنەوەی ئەم لایەنگریو دەسەڵاتە نوێیە بۆ وەسمان پاشا، بەڵام هەموو ئەو هەوڵو کۆششەیان لەو پێناوەدا بەهەدەر دا، بێ سوودو بێ ئەنجام دەرچوون، هیچ یەکێك لە پیلانەکانیان سەری نەگرت. ڕەنگە ئەو گوێپێنەدانەی

---

[60] ئەدمۆندس دەڵێت: ژنی یەکەمی عوسمان پاشا ناوی (نەوسود خان) بووە، بەڵام پێناچێت ئەم بۆچوونەی ئەو ڕاست بێت، چونکە لە هەمان لاپەڕەدا دەڵێ مەحمود پاشا مێردی عادیلەخانم بووە (کورد تورك عەرەب، ل١٩١).

[61] عەبدولکەریم حەمید عەبدولکەریم: س.پ، ل٢٣.

[62] عادل صديق: هەڵەبجە، ل٧٦، پ٥.

وەسمان پاشا بەو هەڵوێستەی تورکەکان لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ کە عەشیرەتی جافو بە تایبەتیش بەگزادەکان هەرگیز نەیانویستووە بچنە ژێرباری داواکاری نەیارەکانیانەوەو ئەو نیمچە سەربەخۆییەی کە لە مێژوویەکی کۆنەوە هەیان بووەو لەو پێناوەشدا باجی زۆریان داوە لە دەست بدەن.[٦٣]

هەواڵنامەی کتێب

[63] مەیجەرسۆن: سلێمانی ناوچەیەك، ل١٢٧، رحلە متنكر، ج٢، ص٢٨٧-٢٨٨، عادل صديق: س.پ، ل٧٢.



## ڕۆڵو پێگەی عادیلەخانم
## لە بەڕێوەبردنی عەشیرەتی جافو فەرمانڕەوایکردنی ناوچەکەدا

دوای گەڕانەوەی عەشیرەتی جاف لە ساڵی ۱۸۷۷ز لە ئێرانەوە بۆ ناو سنووری دەوڵەتی عوسمانی، محەمەد پاشای جاف (لە ناو جافەکاندا بە حەمە پاشا ناودەبرا) لە سەرەتادا جگە لەوەی سەرۆکی عەشیرەتەکەی بوو، کرا بە موتەسەریفی سلێمانی، بەڵام دواتر وازی لەو پلەوپایەیە هێناو بوو بە قایمقامی هەڵەبجەو وەسمان پاشای کوڕیشی کرا بە یاریدەدەری، حەمە پاشا لەو پلەیەدا مایەوە هەتا ساڵی (۱۸۸۱بۆ۱۸۸۲ز) کە بەدەستی کەرەم وەیسییەکان کوژرا[٦٤]. لەوەبەدوا وەسمان پاشا هەر لە ناوچەی هەڵەبجەو شارەزووردا مایەوەو جگە لە سەرکردایەتیکردنی بەشی دووەمی خێڵی ناوەندی

---

[64] محەمەد ئەمین زەکی بەگ: س.پ، ل۱۹۸، میربەصری: س.پ، ل۱٤۰، عادل صدیق: هەڵەبجە، ل٦٦-٦٧.

پشتماڵە[٦٥] وازی لە زۆربەی ئیشوکارەکانی عەشیرەتەکەی هێناو دەستی بەسەر زۆربەی زەویەکانی هەڵەبجەو شارەزووردا گرت. بەوتەی سۆن فەرمانڕەوایەتی کردنی ناوچەکەشی بۆ خۆی تەرخانکرد،[٦٦] هەر لەو ماوەیەشدا خوازبێنی عادیلە خانی کچی عەبدولقادر بەگی ساحێبقڕانی کردووە، رەنگە ئەو قسەیەش تاڕادەیەکی زۆر بە راست بگەڕێ کە دەڵێت عادیلەخانم، وەسمان پاشای مێردی لە ژیانی کۆچەرییەوە بەرەو شارستانیەت بردووەو بۆ نیشتەجێ بوون[٦٧] هانیداوە.

بەم شێوەیە وەسمان پاشاو خانم لە ناوچەکەدا گیرسانەوەو کەمتر خۆیان لە کاروباری بەڕێوەبردنو گەرمیانو کوێستان پێکردنی عەشیرەتی جاف وەردەدا، چونکە ئەو کارە بەپلەی یەکەم کەوتە ئەستۆی مەحمود پاشای برا گەورەی، مەحمود پاشا لە دوای مردنی باوکییەوە پلەی قایمقامێتی هەڵەبجەشی لە دەستدابوو بینا لەسەر تەلەگرافەکەی نامیق پاشای عوسمانی، لە ساڵی ١٨٨٩ مەحمود پاشا لە پلەی قایمقامێتی هەڵەبجە لابراو وەسمان پاشای برای لە جێگەی دانرا.

لێهاتوویی‌و زیرەکی خانم هەل و دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخساند کە شانبەشانی مێردەکەی بەشداری لە راپەڕاندنو جێبەجێکردنی ئیشوکارەکانی کاروباری کارگێڕیی‌و حکومی شارەکەو عەشیرەتی جافدا بکات، عادیلەخانم لەو رووەوە جێگرو یاریدەدەرێکی باشی مێردەکەی بووە، چونکە وەسمان پاشا بە مەبەستی راپەڕاندنی کاروبارە حکەمییەکان گەشتی دەرەوەی هەڵەبجەو دوورکەوتنەوەی لە ماڵو عەشیرەت زۆر بووە.

---

[65] ئەوانەی پێیان دەوترا پشتماڵە دەقاودەق ئەوانەی دەوری "ماڵ" ئەگەیاند، رۆلێکی گرنگیان لە بەهێزکردنی دەسەلاتی بەگزادەدا هەبووە. ئەمانەش کۆمەڵە خەڵکانێك بوون لەو تیرانەوە هێنراون کە پاسەوانی بەگ دەکەنو لە ماڵی ئەودا کاردەکەن. جاران ئەمانە پاسەوانی خۆی بوون، ئەم تاقمە خەڵکە هەمیشە بە دەستەوە بوون، بۆ پشگیری بەگو بۆ خێرایی‌و کاریگەری فرمان بەجێهێنان، خاسییەتی دەزگای پشتماڵە لەوەدا بوو کە ئەندامانی هەموو تیرەکانی تێدا بوو، ئەمەش یەکەم: پشتماڵەی کردووە بە دەستەیەك کە لە هەموو ئەو دەستانەی تر کە لەسەر بناغەی ترهێنرابن، ئامادەترین کە بە رێکوپێکی فرمان بەجێدێنن، دووەم: دوورن لە تیرەگەریی‌و ناکۆکی ناوعەشیرەت (ا.م.مینتیشاشفیلی: کورد کورتە پەیوەندی کۆمەلایەتی ئابووری رۆشنبیری‌و گوزەران، و. د.پ. عیزەدین مستەفا رەسوڵ، چ٢، چاپخانەی خانی (دهۆك)، ٢٠٠٨، ل١٠٧)

[66] مەیجەرسۆن: سلێمانی ناوچەیەك، ل١٢٦، میجرسون: رحلە متنکر، ج٢، ص٢٨٦ .

[67] عیزەدین مستەفا رەسوڵ: س.پ، ل٨، پ ٤.

خانم بە بیروفکری خۆی هاوکارییەکی باشی هاوسەرەکەی دەکردو دەورێکی باڵای لە بەڕێوەبردنو راپەڕاندنی کاروبارە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانی ناوچەکەدا هەبوو، هەر ئەم لێهاتوویەشی، وایکرد لە ناو هۆزو عەشیرەتەکانی ناوچەکەدا ناوو ناوبانگێکی گەورەی بۆ پەیدا بکاتو هاوکات پلەو پایەیەکی گەورەش بۆ خۆی بە دەست بهێنێت.

بەڕاستی خانم حوکمی مێردەکەی دەکردو توانیبووی سەرنجی تەواوی بەگزادەکانی جافو ئەندامانی عەشیرەتەکەی بۆ لای خۆی رابکێشێتو لەگەڵیاندا بەژیریو نەرمونیانیو هەندێ جاریش ئەگەر پێویستی بکردایە بە توندی لەگەڵیاندا دەجولایەوە[٦٨]. لە رابردوودا لەناو بنەماڵە فەرمانڕەواکانی کوردستاندا رەوتێکی ئاسایی بووە کە ژنی بە تەدبیر نەخشی گرنگ لەسیاسەتی عەشیرەتەکەیدا بگێڕێت، لەنێو ئەو جۆرە ژنانەشدا (عادیلەخانم)ی هەڵەبجە لە هەمووان بە ناوبانگتربووە[٦٩].

رونتر بڵێین عادیلەخانم چ لە سەردەمی وەسمان پاشاو چ لە دوای مردنیشی، لە زۆربەی لایەنە جۆر بە جۆرەکانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریدا هەر خۆی خاوەن بڕیار بووەو هەوڵی بەهێزکردنی پێگەو دەسەڵاتی خۆی دەدا. سەرەڕای لێهاتوویيو توانای کەسایەتی خودی خانم خۆی، نابێ پلەو پایەی وەسمان پاشای مێردی چ لە ناو حکومەت وەك قایمقامی شارەکەو چ لە ناو عەشیرەتەکەیدا وەك یەکێك لە سەرکردەو بەگزادە ناسراوەکانی عەشیرەتی جاف پشتگوێ بخرێن، کە بە شێوازێکی باشو رێکوپێکتر یارمەتی خانمیان دا کارەکانی راپەڕێنێتو بڕیارەکانی جێبەجێ بکات، وەسمان پاشای مێردیشی لەو رووەوە هیچ رێگرییەکی لێ نەدەکرد[٧٠].

جارێ بەرلەوەی بڕۆینە سەرئەوکارانەی کە عادیلەخانم لە ماوەی دەسەڵاتیدا بە هاوکاری وەسمان پاشای مێردی لە هەڵەبجەدا ئەنجامی داون، با بزانین نووسراوەکانی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی چۆن باسو پێناسەی ئەم شارەیان کردووە. لە بەشی پێنجەمی (قامووسولئەعلامەکەی شەمسەدین سامی)دا کە لە ساڵی ١٨٩٥دا بڵاوبووەتەوە، بەم شێوەیە باسی ئەم شارەی کردووە" گوڵعەنبەر قەزایەکی گەورەیە لەوپەڕی باکووری خۆرهەڵاتی لیواو ویلایەتە، لە لیوای سلێمانیو ویلایەتی موسڵ، لە

---

[68] عادل صدیق: هەڵەبجە، ل٧٧.

[69] ئەدمۆندس: س.پ ، ل٣٤-٣٥، عادل صدیق، هەڵەبجە، ل٣٦.

[70] عادل صدیق: هەڵەبجە، ل٧٨.

خۆرئاواوە بە سلێمانیو قەزای شارەزوور[٧١]، لە سێ لای دیکەشەوە بە سنووری ئێران دەورە دراوە. شارۆچکەی گوڵعەنبەر کە لە لایەن بەهەشتی ، سوڵتان سلێمان خانی قانونیەوە بنیادنراوەو ناوەکەی پێ بەخشراوە[٧٢]، لە سنووری ئێراندایە. دێی ئەڵەبچە[٧٣]، کە ناوەندی ئێستای قەزاکەیە، نزیکەی (٣٠٠٠) کەس دانیشتوانو شتی وەك مزگەوتو قوتابخانەو خانو بازاڕی هەیەو قەزا لە (٤٧٣) گوند پێکهاتووە، جگە لە خەڵکی نیشتەجێی تیگەڕانی عەشیرەتی (جاف)یشە. قایمقامی قەزاکە بە زۆری دەدرێتە سەرکردەکانی ئەم عەشیرەتە. قەزا شاخاوییەو بەروبوومەکەی دانەوێڵەو میوەو لە جۆرەکانی دیکەی هەیە. خەڵکی عەشیرەتەکە ئاژەڵێکی زۆر پێدەگەیەننو لە خوریو مووی ئەمانەش بەڕەو عەباو هەندێك شمەکی دیکە دەچنرێ" [٧٤].

بەڵام لە نووسراوی دیکەی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا کە پێدەچێت هەر هاوکاتی نووسینەکەی شەمسەدین سامی یاخود کەمێك لە پێشتر یان دواتردا تۆمار کرابێت، تیشکی زیاتر خراوەتە سەر ئەم شارە، بۆ نمونە لە نووسراوێکیاندا هاتووەکە" قەزای گوڵعەنبەر قەزایەکی گەورەیە سەر بە سەنجەقی سلێمانیو سەر بە ویلایەتی موسڵەو کەوتووەتە باشووری رۆژهەڵاتی ویلایەتەکەوە. لە رۆژئاواوە بە قەزای سلێمانیو شارباژێرو لە لایەکانی تریشەوە بە سنووری ئێران دەورە دراوە. ژمارەی دانیشتوانی

---

[71] نەیوتووە کە قەزای شارەزوور کوێیە، بەڵام پێدەچێت مەبەستی کەرکوك بێت کە لە رابردوودا پایتەختی ویلایەتی شارەزوور بووە.

[72] لە سەردەمی ساسانیەکاندا بە خورماڵ وتراوە (نیم ئەزرا) واتە نیوەی رێگا، مەبەست ئەوە بووە ئەم ناوچەیە کەوتووەتە نێوان مەدائینی پایتەختی ساسانییەکانو ناوچەی خوراسان کە بەشێك بووە لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتیان، پاشان ناوەکە لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا گۆڕاوەو بووە بە (گوڵعەنبەر)، بەڵام ووردە ووردە ئەم ناوەش گۆڕاوە بۆ خوڵمارو پاشان بۆ خورماڵ، دەوترێت قەڵای خورماڵیش لەسەر فەرمانی سوڵتان سلێمانی قانوونی (١٥٢٠-١٥٦٦) کوڕی سوڵتان سەلیمی یەکەم (١٥١٢-١٥٢٠) دروستکراوە، لە دوای پەیمانی زەهاوەوە ئەم ناوچانە بە رەسمی بوونە بەشێك لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی.

[73] گومانی تێدا نیە کە مەبەستی هەڵەبجەیە.

[74] کوردوکوردستان لە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکی مێژوودا، و.ئەحمەد تاقانە، چ١، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٦٨.

مەڵبەندی قەزا (٣٠٠٠) کەسەو (١) مزگەوت[٧٥] و (١) قوتابخانە[٧٦] و چەند خانو بازاڕێکی تێدایەو مەڵبەندی قەزاکەش گوندی (البجه)یە. قەزا لە (٤٧٣) گوند پێکهاتووەو دانیشتووانەکەشی جگە لە جاف، جولانکارهیشی (مەبەستی جولەکەیە) تێدایەو قایمقامی قەزاکەش هەر سەرۆکی عەشیرەتەکەیە. پیشەیان چنین، بەخێوکردنی مەڕو ماڵات، بەرووبومی میوەو....هتد" لە جێگایەکی دیکەدا هاتووە" گوڵعەنبەر قەزایەکەی سەر بە سەنجەقی سلێمانیو سەر بە ویلایەتی موسڵ، ژمارەی دانیشتوانی (٧٠٠٠) کەسە، مەڵبەندی قەزاکەش گوندی (حاڵپاشا)[٧٧]یە، خەڵکەکەی کوردی موسوڵمانو خەریکی کشتوکاڵن. لە ناو ئەم قەزایەدا خەرابەی سیازوروس (دەشتی شارەزوور) هەیە، قەڵای گوڵعەنبەر لە شوێنەوارەکانی سوڵتان سلێمان کوڕی سەلیم خانی یەکەمە" [٧٨].

هەر لەنێو ئەو نووسراوانەدا هاتووە کە ویلایەتی موسڵ لە سێ سەنجەق پێکهاتووە، ئەوانیش سەنجەقەکانی (موسڵ، شارەزوور[٧٩]،سلێمانی) بوون، پێکهاتەی کارگێری سلێمانیش بەم شێوە بووە:

---

[75] لە رووی مێژوویییەوە مزگەوتی تەکیە کە دەکەوێتە ناوگەڕەکی جولەکان (جولەکەکان) کۆنترین مزگەوتی شاری هەڵەبجەیە، بە دوای ئەویشدا مزگەوتی (پاشا)دێت، هەندێ سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەم مزگەوتە لە لایەن حەمە پاشای جافەوە دروستکراوە لەوانە (کەرم بەگە فەتاح بەگ: س.پ، ل١٨٦)، هەندێکیش دەڵێن لە لایەن عوسمان پاشای کوڕیەوە دروستکراوە، راسترئەوەیە کە حەمە پاشا بنیادنەری مزگەوتەکەیە، لە دوای ئەو دوو مزگەوتەش مزگەوتی گەورە (جامعەی ئێستا) دێت، پاشان مزگەوتی (خانم).

[76] یەکەمین قوتابخانەی رەسمی میری لە شاری هەڵەبجەدا لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیو لە دوای ساڵی(١٨٩٢)ەوە دروستکراوە، ئەم قوتابخانە یەك مامۆستاو(٣٠) خوێندکار (شاگرد)ی هەبووە.(محەمەدئەمین زەکی بەگ: تاریخی سلێمانی، ل١٥٣)

[77] مەبەستی هەڵەبجەیە، پێدەچێت ناوی شارەکە هەر بە ناوی حەمە پاشای جاف خۆیەوە تۆمارکرا بێت، بەڵام لە بری ئەوەی بنووسێت (حەمە پاشا یان محەمەد پاشا) نووسەری ئەم بابەتە بە (حاڵپاشا) تۆماری کردووە.

[78] و.فەیسەڵ دەباغ: کوردستان لە چاپکراوە عوسمانیەکاندا، دەزگای چاپو بڵاوکراوەی ئاراس، چ١، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١٣٥.

[79] مەبەستی کەرکوکە، چونکە لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا بۆ ماوەیەکی زۆر کەرکوك پایتەختی ویلایەتی شارەزوور بووە.

| سەنجەق | قەزا | ناحیە | ژمارەی گوند |
|---|---|---|---|
| سلێمانی | گوڵعەنبەر(البجە) | سرۆچك-قزڵجە- قەرەداغ | ٤٧٣ |
| | بازیان | قەڵاسێوکە | ١٥٩ |
| | مەعمورەتولحەمید | سورداش- پشدەر | ١٧٦ |
| | شارباژێر- شهربازار | | ١٢٥ [٨٠] |

سەرەڕای چەند تێبینییەکی گرنگ لەسەر ناوەڕۆکی ئەو دێڕانەی سەرەوە کە ئێرە جێگەی باسکردنی ئەو تێبینیانە نییە، ئەوانە چەند زانیارییەکی گرنگ بوون سەبارەت بەم شارە کە مێژووەکەیان دەگەڕایەوە بۆ دوو سێ دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، بەهەرحاڵ عادیلەخانم بە تایبەتی (دوای ئەوەی مێردەکەی بوو بە قایمقام)، کۆمەڵێك کاری گرنگی لەو شارەدا ئەنجامداوە، تا ئەوەی هەڵەبجە بەوتەی سۆن لە گوندێکی وێرانەوە بووە بە شارۆچکەیەکی پێشکەوتووی رازاوە، کە بەردەوام پڕبووە لە میوانانی کوردو فارس، گرنگترین ئەو کارانەش ئەمانەن:

١. سێ خانوو (کۆشك)ی زۆر گەورەی لەسەر شێوازی کۆشکەکانی شاری سنە لە شاری هەڵەبجەدا درووستکرد، کە وێنەی لە سلێمانیدا نەبوو، بۆ ئەم مەبەستەش وەستای کارامەو تایبەتی لە ئێرانەوە بۆ هێنا بوو.

٢. هەواڵگریو مامەڵەکردنو نامە گۆڕینەوەی هەر بە زمانی فارسی بوو، لە دیوەخانەکەیدا رێگای بە کەس نەدەدا بە تورکی قسەبکات، دەستو پێوەند دەبوو تەنها فارسیزان بێت، دیوەخانەکەشی لە لایەن خزمەتکارو کارمەندی ئێرانییەوە بەڕێوەدەبرا کە خۆی فارسییەکی باشی دەزانیو نامەکانی پێدەنووسیو ئاخاوتنیشی پێدەکرد. بۆ ئەمەش دوو هۆکار هەبوو، یەکەمیان خودی خانم لە شاری سنەوە هاتووە، ئەم شارەش کەوتبووە ناو قەڵەمڕەی ئەردەڵانیو ئێرانییەکانەوە زمانی فەرمی ئەو ناوچانەش هەر فارسی بووە، دووەمیان زمانی فارسی زمانی ئەدەبیو نامە نووسینی ئەو سەردەمە بووە، بە تایبەتی ئەم ناوچەیە زیاتر لەژێر کاریگەری زمانو ئەدەبیاتی فارسیدا بووە، سەرباری ئەوانەش خانم هەر بە سرووشتی خۆی زمانی فارسی خۆش ویستووەو حەزی کردووە

[80] قاموسولئەعلامی شەمسەدین سامی: س.پ، ل٣٠٨، فەیسەڵ دەباغ: س.پ، ل١٥١.

قسەی پێ بکات[٨١]. ئەوەتا سۆن کاتێك باس لە یەکەم دیداری خۆی لەگەڵ خانمدا دەکات بەم شێوە دەدوێت" دوای ئەوەی کە پرسیارێکی زۆری لێکردم لە بارەی گەشتەکەمو لە هەواڵی شیرازو دانیشتوانەکەیەوە، داوای لێکردم کە نامەیەکی بەفارسی نووسراو کە لە تارانەوە بۆی هاتبوو بۆی بخوێنمەوە، منیش بەدەنگو ئاوازی شێوەی شیرازی بۆم خوێندەوە، خانم هەر لە خوێندنەوەکەی تێر نەدەبوو، پاشان رووی کردە خزمەتکارەکانیو وتی: ئافەرین ئا ئەمەیە زمانی فارسی، راستە خۆشترین زمانە لە جیهاندا، فەرمانی پێکردم کە لەوە بەدوا بەفارسی لەگەڵی بدوێم، داواشی لێکردم کە هەندێ زاراوەی شیرازی کە ئەو باش نایزانێ بۆی لێکبدەمەوەو روونی بکەمەوە بۆی"[٨٢].

٣. زۆربەی خزمەتکارەکانی فارس بوون، هەمیشە دەرگای ماڵەکەی بۆ میوانانو هاتووچۆکەرانی کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، پەیوەندییەکی بەهێزو هەمیشەیی لەگەڵ سنەدا کە پێنج رۆژە رێگە لە هەڵەبجەوە دوور بوو دامەزراند[٨٣].

٤. دادگایەکی سەربەخۆی تایبەتی دامەزراند، خۆی بوو بە بەرپرسی تایبەتی دادگاکەو دادوەری تایبەتی سەپاندو هەرخۆشی سەرۆکایەتی دەکرد، هەموو ناکۆکیو کێشەکان، بۆلای ئەو دەگەڕانەوە، تەنانەت قازیو پیاوانی ئاینیش کە لە لایەن تورکەکانەوە دادەمەزران، بەبێ رەزامەندی ئەو نەیاندەتوانی بڕیار لەسەر هیچ کارێك بدەن.

٥. بەندیخانەیەکی نوێی لە شارەکەدا درووستکرد[٨٤].

٦. دەستێکی باشی خستە نێو شارەوانی شارەکەوە، لە سەردەمی ئەودا هەڵەبجە بووە شارێکی ئاوەدانو جوان، لەم بارەیەوە مێجەرسۆن دەڵێت " گوندێکی بچووك بوو بە شارێك لە پەنا شاخێکی لەوە پێش نزیك لە رووتەنیو بێدارو درەخت، بەڵام ئەمڕۆش (مەبەست ساڵی ١٩٠٩یە) رازاوەو نەخشاو بە جوانترین شێوەی باخو باخاتی چڕو پڕ لە

---

[81] میجرسون: رحلە متنکر، ج٢، ص٢٨٠، مەیجەرسۆن: سلێمانی ناوچەیەك، ل١٢٧-١٢٨، عادل صدیق: هەڵەبجە، ل٧٨.

[82] مصد نفسە، ص٢٩٠-٢٩١ ، مەحمودعەزیز: کورتەیەك لە مێژووی هۆزی جافو باسی هەندێك لە تیرەکانی، چاپخانەی نەورەس، سلێمانی، ١٩٨٥، ل٣٨-٣٩.

[83] مصدرنفسە، ص٢٨٠، عادل صدیق: هەڵەبجە، ل٧٨.

[84] مصدرنفسە، ص٢٨٠، مەیجەرسۆن: سلێمانی ناوچەیەك، ل١٢٨، عادل صدیق: هەڵەبجە، ل٧٧-٧٨.

دارستانی پڕ لەهەمەجۆر داری میوەو بەروبوومی نایاب، ئەمەش بە بوژانەوەی رابردووی ئەم ناوچەیە دادەنراو سەرلەنوێ بە فەرمانی عادیلەخانم هەموو دەوروبەری هەڵەبجە بە باخو دارستان ئاوەدانو رازاوەیەوە"[٨٥].

٧. هەروەها قەیسەرییەکی جوانی بەخشت دروستکرد، کە سەقفەکەی بە شێوازی گومەزی بوو، ئەم قەیسەرییە (٥٤) دوکانی لەخۆ دەگرت،ئەم دوکانانە مانگی بە دوو قڕان (بە هاوڵاتی (مەبەستی کوردە- نوسەر)و جولەکەکان)[٨٦] دەیدات بەکرێ.

٨. وردە وردە جڵەوی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی سیاسی وەرگرت، بە تایبەتی لەو کاتانەی کە وەسمان پاشا بۆ موسڵو کەرکوكو سلێمانی بۆ هەندێ تێبینی گرنگی کاروباری میری بانگ دەکرا لەم کاتانەدا خانم دەبووە نوێنەرو کەسی یەکەم لە شارەکەداو ئەو تەواوی کارەکانی رادەپەڕاند[٨٧].

٩. هەروەك چۆن وەسمان پاشا لەشاری هەڵەبجەدا مزگەوتێکی بە ناوی (مزگەوتی پاشا) هەبوو، هەرخۆشی تێچوونو پێداویستی مزگەوتو مەلاو گوزەرانی فەقێکانی

---

[85] مصدرنفسه، ص٢٨١. مەحمود عەزیز: س.پ، ل٤٢-٤٣.

[86] مەیجەرسۆن: سلێمانی ناوچەیەك، ل٥٢-٥٣.

[87] میجرسۆن: رحله متنکر، ج٢، ص٢٨٠، عادل صدیق: هەڵەبجە، ل٧٩.

[87] مەجید بەگی عوسمان پاشا مەسرەفو پێداویستی مزگەوتو فەقێکانو مامۆستای گوندی پریسی چەند کیلۆمەتر دووری رۆژئاوای هەڵەبجەی دابین دەکرد، لەو رۆژانەدا (مامۆستا سەید عەبدولڕەحیمی چرۆسانە) کە باوکی مەلا محەمەدی چرۆسانەیە مامۆستای مزگەوتەکە بووە، مەلا محەمەد لە یاداشتەکەیدا ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە جارێکیان ناردنی خواردنو پێداویستی فەقێکان دوا دەکەوێت، ئەمەش فەقێکان ناچار دەکات بۆ ماوەی چەند رۆژێك خواردنی خۆیان لە ماڵەکانی ئاواییەکە کۆبکەنەوە، رۆژی هەینی مەلا سەید عەبدولڕەحیمی چرۆسانە لەگەڵ محەمەدی کوڕیدا بۆ ئەنجامدانی نوێژی هەینی لەلایەكو چارەسەرکردنی گرفتەکە لەلایەکی تر دەڕۆن بۆ هەڵەبجە، پاش نوێژی هەینی دەبنە میوانی مەجید بەگ، وەك مەلا محەمەد خۆی دەیگێڕێتەوە ئەو لەبەر منالی هەر لە هەیوانی ماڵی مەجیدبەگدا دادەنیشێ نارواتە ژوورەوە، بەڵام باباڕەسوڵی بێدەنی کە ئەو کات فەقێ بووە، لەگەڵ باوکیدا دەچێتە ژوورەوە، سەبارەت بەم بابەتە مەجید بەگو مامۆستا دەکەونە گفتوگۆ، پاش گفتوگۆیەکی زۆر مامۆستا روو دەکاتە مەجید بەگو پێی دەڵێت: میرم، میرم ! ئەوەی پێ ناوێت ئەگەر پیاوی وەك وەسمان پاشابە، ئەگەر ژنیت وەك خانم بە. ئەگەرنا نە ژنیت نە پیاویت، مەلاو فەقێ بە خۆڕایی دەسخەڕۆ مەکە، لەم کاتەدا باباڕەسوڵ کە خۆی ئامادەی گفتوگۆکە بووە دەڵێت: کە مامۆستا ئەم قسەی کرد ترسامو دڵم راچڵەکی، لە کۆتایدا مەجید بەگ وتی: بەڵێ بە سەرچاو مامۆستا ئەگەر لەمەولا ئازووقە ناردن هەرکاتێك دواکەوت بزانە نە پیاوم نە ژنم. (مەلا محمدی چرۆسانە: س.پ، ل٢٢-٢٣)

مزگەوتەکەی دابین دەکرد، خانمی خێزانیشی هەر لەو شارەدا مزگەوتێکی بە ناوی مزگەوتی (خانم) درووستکردو، تێچوونو پێداویستی مزگەوتو مەلاوفەقێکانی لە ئەستۆگرت، ئەو مزگەوتە هەتا ئێستاش بەردەوامو ئاوەدانە، سەرباری ئەوەش هاوکارییەکی باشی قوتابخانە ئاینییەکانو زانایانی ئاینی ناوچەکەی دەکرد[٨٨].

١٠. کارێکی زۆر گرنگی دیکەی خانم پاراستنی یەکڕیزی نێو ماڵی عەشیرەتی جاف بوو، لەم بارەیەوە باسیلی نیکیتین دەڵێت" لە ناو هۆزە گەورەکانی کورددا، رەنگە تەنها هەر عەشیرەتی جاف بێت کە نیشانیداوە دەتوانێت لە ناو خۆیدا رێك بکەوێت، ئەمڕۆ بە شێوەیەك یەکێتی خۆیان راگرتووە کە لە ئەنجامی هەوڵو تێکۆشانی هەموو سەرۆکەکانی ئەو عەشیرەتەوە، عەشیرەتی جاف زیاتر پەرەی سەندووەو، بڵاوبووەتەوەو رۆژ بە رۆژ سەرکەوتووتر دەبێت"[٨٩]، بەڵام تورکەکان لە رێگەی درووستکردنی ناکۆکی لە نێوان مەحمود پاشاو وەسمان پاشای برایدا هەوڵیاندەدا دەسەڵاتی ئەم عەشیرەتەو سەرکردەکانی لاواز بکەن (سیاسەتی پەرتکەو زاڵبە)، بەڵام خانم بە ژیریيو لێهاتوویی خۆی هەوڵیداوە ئەو کێشەیە کەم بکاتەوەو نەیهێڵێت، تا نەبێتە بەهانەیەك بە دەست تورکەکانەوە بۆ دەست خستنە ناوکاروباری عەشیرەتی جافو پەرتەوازەکردنی سەرکردەکانی. بێگومان ئەوەش کارێکی ئەوپەڕی ژیرانە بووە کە خانم ئەنجامی داوە، ئەو تەنها کەسێك بووە کە توانیویەتی ئەو کارە گرنگە ئەنجام بدات[٩٠].

---

[88] مەلامحمدی چرۆسانی: یاداشتەکانی منالّیو بەشێکی سەردەمی فەقێیەتی مامۆستا، ساغکردنەوەو پێشکەشکردنی محمدی مەلا کەریم، چاپخانەی (الحوادپ)، ١٩٨٤، بەغداد، ل٢٢، بەکرحەمە صدیق عارف: لاپەڕیەك لە مێژووی هەڵەبجە (١٧٠٠-١٩٥٨)، چ١، سلێمانی، ١٩٩٧، ل ٦٨.

[89] س.پ، ل٥٠٣.

[90] مەیجەرسۆن: سلێمانی ناوچەیەك، ل١٢٩، محەمەد ئەمین زەکی بەگ: تاریخی سلێمانی، ل١٣٥، عادل صدیق: هەڵەبجە، ل٧٩.

هەواڵنامەی کتێب

# پەیوەندی
# عادیلەخانم و کاربەدەستانی تورك لە ناوچەکەدا

هاتنی عادیلەخانم بۆ هەڵەبجە لەگەڵ ئەوەی نارەزایی تورکەکانی بەدواوە بوو، هاوکات بۆ خۆی سەرەتای هەندێك گۆڕانکاریی‌و ئاڵوگۆڕی وای بە ناوچاوانەوە بوو کە لە هەر روویەکەوە بیگری، سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لە مێژووی شاری هەڵەبجەو ئاسۆی پەیوەندییەکانی نێوان عەشیرەتی جافو دەسەڵاتدارانی تورك لە ناوچەکەدا.

بەشداری ئەو لە کاروباری سیاسیدا بناغەی دەسەڵاتدارانی تورکی لە ناوچەکەدا خستە مەترسییەوە، چونکە خانم توانی هەموو دەسەڵاتە سەرەکییەکانی شارەکە بە لێهاتوویی خۆی بخاتە ژێر کاریگەری کارو کردەوەکانی خۆیەوەو بەوەش دەسەڵاتی تورکەکانی بە تەواوەتی تەریك خستبوو. ئەم دەسەڵاتەی خانم بە شێوازێك بوو تەنانەت ئەگەر بەرپرس‌و لێپرسراوە تورکەکانیش بیانویستایە سەردانی بکەن‌و برۆنە دیوەخانەکەی، دەبوو لە رێگەی تاهیر بەگ یاخود مەجید بەگەوە دەرفەتیان بۆ وەربگیرایەو پاشان ببرانایەتە لای خانم‌و چاویان پێی بکەوتایە[91].

لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە عادیلەخانم لەگەڵ شازادەکانی شاری سنە، لە پەیوەندییەکی بەردەوامدا بوو وەسمان پاشای مێردیشی لە دوای هێنانی خانم پەیوەندییەکی دۆستانەی بەهێزی لە نێوان عەشیرەتی جافو ئەردەڵانییەکان‌و خێڵەکانی کولیایی‌و کاندۆڵەو سونقورو باقی خێڵە بچوکەکانی تردا دروستکرد، کە سەرۆکەکانیان پەیوەندی دۆستانەیان لەگەڵ عادیلەخانمدا هەبوو، تورکەکان بەو نزیکبوونەوەو دۆستایەتییەی کە لە نێوان جافەکان‌و ئەردەڵانییەکاندا لە سەردەستی خانم جارێکی دیکە هاتەئاراوە، دوای ئەو ململانێ خوێناوییەی کە لە رابردوویەکی دووردا لە نێوان هەر دوو لادا پەیدا بوو بوو، زۆر سەغڵەت‌و نیگەران بوون، چونکە ئەوان دەیانویست‌و حەزیان

---

[91] هـ.س، ل١٢٨.

دەكرد عەشیرەتەكانی كورد بە تایبەتی ئەو دوو لایەنە بەهێزو گەورەیەی كە هەریەكەیان لەم دیوو ئەو دیوی سنووری دەسەڵاتی عوسمانیو ئێراندا بوون هەمیشە لە ناو خۆیاندا ناكۆك بن .

سەرباری ئەوانەش خانم خاوەنی سەروەتو سامانێكی زۆر بووەو هەروەها زەویوزارێكی زۆری لەسەر كێوی باڵامبۆ كە كەوتووەتە باشووری شاری هەڵەبجە بە دووری چەند كیلۆمەترێكەوە هەبوو، خانم زۆر پشتگیری لە بازرگانێتی ناوچەكە كردووە، ئەو گەشەكردنە بەشێوازێك بووە كەبووتە جێی بایەخی توركەكان، ساڵانەش منداڵەكانی بۆ پشوودان دەناردە ئێران ( مەبەست شاری سنەیە) كە ئەمەش دیسان بۆ بێ نرخی توركەكان بوو[٩٢] .

توركەكان هەر لە سەرەتاوە دژایەتی خۆیان بۆ ئەو كرداری ژنو ژنخوازییەی نێوان خانمو وەسمان پاشا نەشاردەوە، چونكە ئەوان باش دەیانزانی هەر جۆرە ئەنجامدانی كارێكی لەو شێوەیە مانای نزیك بوونەوەی ئێرانییەكانو سەركردەكانی عەشیرەتی جاف دەگەیەنیٚو كارەكانی خانمیش لە داهاتوودا راستیی ئەو بۆچوونەی ئەوانی بە باشی سەلماندو ئەوەش دروست ئەو شتە بوو كە توركەكان لێی دەترسان.

توركەكان بە تەواوەتی لەم كارانە بێزاربوونو لە دەستێوەردان لە كاروباری عەشیرەتی جافیشدا[٩٣] بێدەسەڵات بوون، چونكە جافەكان لەو رۆژەدا خاوەن هێزێكی گەورەی گاڵتە پێنەكراو بوون[٩٤]. بە گەواهی زۆرێك لە كوردناسەكانی ئەو سەردەمەو ئەوانەشی پێشوو تر هاتوونەتە ناوچەكەو چاویان بەم عەشیرەتەو سەركردەكانی كەوتووە هۆكارێكی راستەقینەی سیاسەتی باشووری كوردستانی (ویلایەتی موسڵ- نووسەر)بوون.

جافەكان لەژێر سەركردایەتی سەركردەكانیاندا لە ماوەی چەند كاتژمێرێكدا دەیانتوانی (٤٠٠٠-٥٠٠٠) هەزار پیاوی شەڕكەری بەهێزو هەڵكەوتوو ئامادە بكەن، هەموو ئەمانە بە تفەنگی مارتینی باش چەكدار كرا بوون. تەواوی ئەم چەكدارانەش بە

---

[92] ه.س، ل١٢٩-١٣٠، رحلة متنكر، ج٢، ص ٢٨١، محەمەد رەسوڵ هاوار: س.پ، ب١، ل٣٩-٤٠.

[93] ه.س، ل١٢٨-١٢٩.

[94] ه.س، ل٨٨.

وتەی مێجەرسۆن لەژێر ڕێنمایی مەحمود پاشاو محەمەد عەلی بەگی برایو مەجید بەگی نوێنەرو کوڕی وەسمان پاشای جافدا کاریان دەکرد[٩٥].

سەرەڕای بوونی هەندێك کارگوزارو فەرمانبەری تورك لە شاری هەڵەبجەدا، جافەکان بە هیچ شێوەیەك نەیاندەویست ملکەچی تورکەکان بن، مەگەر بەکەمی نەبووایە، یا هەر ملکەچ نەدەبوون، یاخود ئەگەر قایلیش بوونایە ئەوا بە شێوەیەکی زۆرکەم لە شارەکەدا بە دەسەڵاتی تورکەکان قایل دەبوون، هەرئەوەش بە درێژایی مێژوو سرووشتی ڕاستەقینەی کۆمەڵگای کوردی بووە هەرگیز بەرگەی سەرشۆڕییان نەگرتووە.

بەگزادەکان هەمیشە هەوڵیانداوە ئەو سەربەخۆییەی کە عەشیرەتەکەیان هەیبووەو پێی ناسرابوو بەرگری لێبکەن و بیانپارێزن، چونکە ئەم سیاسەتەیان بەشێکی گەورەی لە کەلتووری ئەوان وەك بەشێك لە کۆمەڵگای کوردی لە رابردوودا پێك دەهێنا[٩٦]، ئەوەش زانراوە زۆربەی جار لە نووسینو بابەتەکانی گەڕیدەو کوردناسو ڕۆژهەڵاتناسەکاندا ئەم عەشیرەتە وەك کوردی ڕەسەن یاخود کوردەکان ناوبراوە.

هەرچۆنێك بێت لە سالانی کۆتایی دەسەڵاتی وەسمان پاشای جافدا تورکەکان بە تەواوەتی لە سەرکردە نیشتەجێبووەکانی عەشیرەتی جاف کەوتنە گومانەوە، بە تایبەتی خودی وەسمان پاشاو مەحمود پاشای برای، تاهیر بەگو مەجید بەگی کوڕانی وەسمان پاشاو عادیلە خانمی خێزانی، چونکە بە ئاشکرا ئەمانە مەیلیان بە لای ئێراندا هەبوو[٩٧].

سەرباری ئەمانەش عادیلەخانم لە ناوچەکانی پێشووتری ئەردەڵانییەکاندا بڕیارو ڕاسپاردەکانی جێبەجێ دەکراو دەسەڵاتی دەڕۆیشت، بە شێوازێکی وا هەندێك لە عەشیرەتەکانی ئەو ناوچانەش خانمیان بە گەورەو لێپرسراوی خۆیان دەزانی [٩٨] ئەمەش هێندەی تر تورکەکانی لە بەرامبەر ئەم عەشیرەتەدا دڵ کرمێ کرد.

تورکەکانیش وەك پەرچەکردارێك دەستیانکرد بە پیادەکردنی چەند ڕێوشوێنێك بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە، لەوانە هەڵەبجەو سلێمانی یان لە ڕێگەی هێڵی تەلەگرافەوە بەیەکیەوە بەستنەوە، هەروەها ساڵێك بەر لە مەرگی وەسمان پاشا بڕیاری لابردنیان لە

---

95 هـ.س، ل٧٠، میجرسون: رحله متنکر، ج٢، ص٢٨٧-٢٨٨.

96 هـ.س، ل٧٥، میجرسون: رحله متنکر، ج٢، ص٢٧٢.

97 هـ.س، ل١٢٧، عادل صدیق: هەڵەبجە، ل٧٩.

98 محەمەد ئەمین زەکی بەگ: تاریخی سلێمانی، ل١٣٥، عادل صدیق: هەڵەبجە ، ل٧٩.

پلەی قایمقامیێتی هەڵەبجەدا[٩٩]، یەکێك لە بەڵگەنامەکانی ئەو ڕۆژە کە لە سلێمانیەوە ئاڕاستەی نووسینگەی ویلایەتی موسڵ کراوە بەم شێوەیە باس لەو کارەی تورکەکان دەکات" دە ڕۆژێك لەمەوبەر (ئەمین ئەفەندی) نووسەر لە فەرمانگەی مەصرەف ڕەوانەی (گوڵعەنبەر) کراو لەو سەرەوە کە گەڕایەوە قایمقامی پێشووی گوڵعەنبەر (وەسمان پاشا)ی لەگەڵ خۆیدا هێنا بۆ شاری سلێمانی، لەبارەی ئەم بانگهێشتکردنەی پاشاوە، قسەلۆك زۆرە، هەندێك دەڵێن وەسمان پاشا دەبێتەوە بە قایمقام یان دەڵێن بۆ ئەوەیە کە دەست نەخاتە ناو کاروباری ژمارەکردنی مەڕومالاَت، یاخود ڕێکەوتنێکی نهێنی لە ئارادایە، هەروەها دەڵێن مەحمود پاشاش داواکراوە، لەمە زیاتر دەنگوباسێکی دیکە نییە"[١٠٠].

بەڵام هەرزوو ئەم کارانەیان لە لایەن جافەکانەوە بە توندی وەڵامدرایەوە، ئەویش بە بڕینی تەلی هێڵەکان، هێڵی تەلەگراف (بروسکە) لە موسڵەوە بۆ بەغداد بە کەرکوکدا تێدەپەڕیو لقی بۆ سلێمانی لێ دەبووەوە، لەوێشەوە بردبوویەوە بۆ هەڵەبجە، بەڵام جافەکان هێڵەکەیان تێکداو تەلەکانیان بچڕاند، هەڕەشەی تێکدانی هێڵەکانیان کرد ئەگەر چاکیشی بکەنەوە، ئامۆژگاری تورکەکانیشیان کرد کە دەست لەو کارە هەڵبگرن، تورکەکانیش بە ناچاری وازیان لەو کارە هێنا، جافەکان نەیاندەویست بە هۆی ئەو کارەوە دەستی تورکەکانیان لێ نزیك ببێتەوە، لە هەمان کاتدا تورکەکانیان ناچارکرد کە لە بڕیاری دوورخستنەوەی وەسمان پاشا پاشگەز ببنەوە[١٠١] سەرباری ئەوانەش ئەو ڕۆژانە تورکەکان تەنها (٢٥) سەربازو چەند ئەفسەرێکییان لە هەڵەبجەدا هەبوو، کە لەلایەن (بومباشی)و ڕائید (یوزباشی)و دوو (باشچاووش)ەوە سەرکردایەتی دەکران، ئەمانە چەند مانگێك بوو مووچەیان وەرنەگرتبوو، لێپرسراوەکانیشیان وەك (تابورئاغاسی)و (ئەسکەرموحاسیبچی) لە سلێمانی لە ژمێرباری سەربازیدا هەر خەریکی کاری گەندەڵیو فڕوفێڵ بوون، ئەوەش نەیدەتوانی بەرگری لە یاخیبوونو هەڵهاتنی سەربازەکان بکات[١٠٢].

[99] مەیجەرسۆن: سلێمانی ناوچەیەك، ل١٢٨.

[100] مامۆستا جەعفەر (فازیل کەریم ئەحمەد): شاری سلێمانی ململانێی گروپە کۆمەڵایەتیەکان (١٨٢٠-١٩٢٠)، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٣٤.

[101] مەیجەرسۆن: سلێمانی ناوچەیەك، ل١٢٨، عادل صدیق: هەڵەبجە ، ل١٢٨، ١٦٢.

[102] مەیجەرسۆن: سلێمانی ناوچەیەك، ل١٥٩، ا.م.مینتیشاشڤیلی: س.پ، ل١٥٥.

ڕێگەیەکی دیکەی تورکەکان بۆناچارکردنی جافەکان، بریتی بوو لە سەپاندنی باجو سەرانە بە سەر ئەم عەشیرەتەدا[١٠٣]، لەمەشدا بەگزادەکانو خودی عادیلەخانم قایل نەبوون، تەنها بە باجو سەرانەیەکی ڕەمزی نەبێت، زۆرجار ئەوەشیان نەدەدا، ئەو جارانەشی کە دەیاندا باجو سەرانەکە لە ڕێگەی بەگزادەکان خۆیانەوە بە تایبەتی مەحمود پاشای جاف کە ساڵانە لە دەوڵەتی عوسمانی بەکرێی دەگرت کۆدەکرایەوە، نەك لە ڕێگەی قۆنتەراچیە تورکەکانەوە کە هەموو ڕێگەیەکیان بۆ ڕووتاندنەوەی خەڵکی فەقیرو هەژارو کەمدەرامەت[١٠٤] دەگرتەبەر.

کارێکی دیکە کە تورکەکان گرتیانەبەر بۆ ئەوەی جافەکان ملکەچ بکەن ئەوە بوو کە فشاریان خستە سەر ئەم عەشیرەتە بۆ ئەوەی سەربازیان لێبگرنو خزمەتی سەربازییان پێ بکەن، بەڵام ئەم هەوڵەشیان دیسان هەر شکستی هێنا، چونکە جافەکان نەیاندەویست کوڕەکانیان بنێرن بۆ جێگایەکی دوور بە واتایەکی تر بیانکەن بەژێر دەستەی تورکو بیاننێرن بۆ وڵاتی تورك یان عەرەبو لەوێ جلوبەرگی ڕەسەنی کوردیو کڵاوو جامانەو مشکییەکانیان بگۆڕنو بیکەن بە تەڕبووشو جلوبەرگی سەربازی لەبەر بکەن.

بەڵام بۆ پاراستنی گیانی سەربەستیو سەربەخۆیی خۆیانو بۆ پارێزگاریکردن لە سنوورەکان، هەندێ سەربازیان دەنارده سەر سنوورەکان[١٠٥]، ئەو پۆلە چەکدارانەش لەسەر سنوورەکان لەژێر ڕاسپاردەو بڕیارەکانی سەرۆکەکانی جافدا کاری هێزی سوپاییان ئەنجام دەدا[١٠٦].

هەر لەو ساڵانەدا بوو بە ماوەیەك بەر لە هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ز) ڕاپەڕینی ناوچەی بارزان بەڕێبەرایەتی شێخ عەبدولسەلامی بارزان سەری هەڵدا، دیارە هۆکارەکانی ئەو ڕاپەڕینە زۆرن، دوو لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو ڕاپەڕینە سەپاندنو زیادکردنی باجی ساڵانەو سەربازگرتنی بە زۆری لاوانی ئەو عەشیرەتە بوو لە لایەن تورکەکانەوە، شێخەکانی بارزانو لە سەروو هەموویانەوە شێخ عەبدولسەلامی

---

[103] میجرسون: رحلە متنکر، ج٢، ص٢٨٧-٢٨٨.

[104] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (محەمەد ڕەسوڵ هاوار: شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب١، لەندەن، ١٩٩١، ل٢٠٤، عادل صدیق: هەڵەبجە، ل٩٧).

[105] مەیجەرسۆن: سلێمانی ناوچەیەك، ل١٢٩.

[106] واسیلی نیکیتین: س.پ ، ل٤١٥.

بارزانی کە دواتر سەرکردایەتی شۆڕشەکەی گرتە ئەستۆ، رەخنەیان لەو کارەی تورکەکان گرتوو ناڕەزاییان دەربڕی و داوایان لە دەسەڵاتدارانی تورك کرد کە بە هەمان شێوەی عەشیرەتی گەورەی جاف مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، واتە هەم باجو سەرانەیەیان لەسەر کەمبکرێتەوەو هەروەهاش لاوەکانیان ناچاری سەربازی نەکرێن، بەڵام تورکەکان گوێیان بەو داواکاریانەی بارزانییەکان نەدا[١٠٧].

وەسمان پاشا کە ماوەی (٢٠) ساڵ قایمقامی هەڵەبجە بوو، لە پایزی ساڵی ١٩٠٩ز کۆچی دوایی کرد، لە دوای خۆی ئەگەرچی (حەسەن فەهمی بەگی جاف) ئاماژە بەوە دەکات کە تاهیر بەگ لە پلەی قایمقامیێتی شارەکەدا جێگای گرتووەتەوە[١٠٨]، بەڵام راستر ئەوەیە کە مەجید بەگ وەك کوڕە گەورە جێگەی باوکی گرتووەتەوەو بووە بە قایمقامی شارەکە، لەگەڵ سەرکردایەتی کردنی ئەو بەشەی پشتماڵە کە لە هەڵەبجەدا بوون[١٠٩]، مێجەرسۆن جەختی لەسەر ئەم بۆچوونەی دواییان دەکاتەوەو هەر دەبێت ئەمەشیان راستر بێت، چونکە لەو کاتەی کە وەسمان پاشا مردووە، حەسەن فەهمی تەمەنی لە نێوان (٤-٥) ساڵان تێپەڕی نەکردووە، چونکە (حەسەن فەهمی) ساڵی ١٩٠٥ز لەدایك بووە، لە کاتێکدا ئەو رۆژانە لەگەڵ گەشتە نهێنیەکەی سۆن بۆ ناوچەکەو کارکردنی وەك خزمەتکار لە ماڵی وەسمان پاشادا بۆ ماوەی (٦) مانگ، هاوکات بووە روونتر بڵێین سۆن لەو رۆژانەدا لە هەڵەبجە ژیاوەو شاهیدی رووداوەکانی ئەو رۆژانە بووە بە مەرگی (وەسمان پاشا)شەوە، بەڵام ( مەجید بەگ)یش زۆر لەو پلەوپایەدا نەمایەوە، هەر پاش ماوەیەك لە مەرگی باوکیو لە تشرینی یەکەمی ١٩٠٩دا ئەویش کۆچی دوایی کردو لە گوندی بیارە بە خاك سپێردرا[١١٠].

مەرگی وەسمان پاشاو دواتریش مەجیدبەگی کوڕی لە لایەكو گۆڕانکارییەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانیو هاتنی ئیتیحادییەکان بۆ سەر کورسی دەسەڵاتو لادانی سوڵتان عەبدولحەمید بەو هۆیەوە، وایکرد تورکەکان وەك میوەیەکی پێگەیشتوو سەیری پلەی

---

107 مەعرووف چیاوك: کارەساتی بارزانی زوڵملێکراو، و.ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، چ١، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٨، ل٥٩.

108 حەسەن فەهمی بەگی جاف: س.پ، ل٦١.

109 مەیجەرسۆن: سلێمانی ناوچەیەك، ل١٢٦.

110 میجرسون: رحلە متنکر، ج٢، ص٣٨٤-٣٨٥.

قایمقامێتی هەڵەبجەو کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سەرکردەکانی عەشیرەتی جاف بکەن، کە دەمێك بوو چاوەڕێی هەلو دەرفەتێکی وایان دەکرد، هەر بۆیە تورکەکان پلەی قایمقامێتی شارەکەیان لەژێر دەستی بەگزادەکانی جاف دەرهێناو ئاواتی لە مێژینەیان هاتەدی، لە کاتی ئاشکرابوونەکەی مێجەرسۆنیشدا، تاهیر بەگ ئاماژەی بەو ساردیە کردووە کە لەو رۆژانەدا لە نێوان جافەکانو دەسەڵاتدارانی تورکدا هاتووەتە ئاراوەو تاهیر بەگ ئامۆژگاری سۆنی کردووە کە بەپەلە ئەوناوچەیە بە جێبهێڵێت، چونکە لەوانەیە لە لایەن تورکەکانەوە رووبەڕووی ئازارو تەنگو چەڵەمە ببێتەوە[111].

لەوە بەدوا تورکەکان هەر خۆیان قایمقامیان بۆ شارەکە دادەنا، هەتا ئەو کاتەی کە ئینگلیزەکان هاتنە ناوچەکەوەو تورکەکانیان بەیەکجاری لەم ناوچەیە دەرپەڕاندو کۆتاییان بە دەسەڵاتی تورکەکان هێنا[112].

هەواڵنامەی کتێب

---

111 سیسیل جۆن ئیدمۆندس: س.پ، ل١٩٣.

112 حەسەن فەهمی بەگی جاف: س.پ، ل٦١-٦٢، عادل صدیق: س.پ، ل٧٥.

هەواڵنامەی کتێب



**مێجەرسۆن یان (میرزا غوڵام حسەینی شیرازی) لە هەڵەبجە**

پەیوەندیەکانی نێوان کوردو بریتانیا، یان روونتر ئاشنابوونی ئینگلیزەکان بە کورد، تا رادەیەك ریشەیەکی کۆنی هەیە، سەرەتاکانی سەردانی گەڕیدەو پسپۆڕو پیاوانی جاسووسی ئینگلیزەکان بۆ ئەو سەردەمانە دەگەڕێتەوە کە بە بیانووی کاری هەمەجۆرەوە دەهاتنە ناوچەکەو لێکۆڵینەوەی جۆر بە جۆریان دەکردو زانیاری هەمە چەشنەیان کۆدەکردەوەو تۆماریان دەکرد، بەرفراوانبوونی هاتوچۆی ئینگلیزەکان بۆ ئەو سالانە دەگەڕێتەوە کە لقی کۆمپانیای هیندی رۆژهەلات لە شاری بەغداد کرایەوە[113].

بەلام ئەم بایەخپێدانەی ئینگلیزەکان بە کوردستان لە سەرەتای سەدەی بیستەوە پەرەسەندنی زیاتری بەخۆیەوە بینی، ئەمەش لە ئەنجامی دۆزینەوەی نەوتو ئەو بایەخە زۆرە بوو کە ئینگلیزەکان بە میسۆپۆتامیایان دابوو، دەیانویست بە باشووری کوردستانەوە بیکەنە بنکەیەکی گرنگی بلاوکردنەوەو پاراستنی دەسەلاتیان لە رۆژهەلاتی نزیكو ناوەڕاستدا. لەم سەردەمەدا ژمارەیەکی زۆری لە گەڕۆكو کاربەدەستە ئینگلیزەکان بە ئاشکراو بەدزییەوە پێش جەنگی یەکەمو دوای جەنگەکە خۆیان دەگەیاندە ناوچە هەرە گرنگەکانی کوردستان، بەڵکو هەندێکیان دەگەیشتنە قوژبنی

113 مەحمودی مەلا عززەت: حکومەتی کوردستان لەناو مەتەڵی سیاسەتی بەریتانیادا، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٦، ل٤٧.

وەهای ئەو ناوچانە کە بەر لە ئەوان بێگانە پێی تێ نەنابوو، هەندێکیان پێش هاتنیان فێری زمانی کوردی بوو بوون ئەمەش یارمەتییەکی زۆری دان بۆ لێکۆڵینەوەی باری ژیانی کوردو نیشتیمانەکەیان لە هەموو روویەکەوە، گەشتە بە ناوبانگەکەی (مێجەرسۆن)و نووسینەکانی نموونەیەکی روونو ئاشکران[١١٤] لەم بارەیەوە.

مێجەرسۆن لە رۆژی ١٨٨١/٨/١٦ لە شاری (گینستگتۆن) لە ئینگلتەرا لە دایك بووە[١١٥]، وەك دەرکەوتووە سۆن لە بنەڕەتدا ئینگلیز نەبووە، بەڵکو لە قەرەج (جبسی)یەکانی ناوچەی وێلز بووە لە ئینگلتەرا[١١٦]، پاش ئەوەی لە ساڵی ١٨٩٨ز دا زانکۆی (کامبرج)ی بە پلەی شەرەف تەواوکردووە، زمانی فرەنسی بەباشی فێربووەو حەزی لە زمانە رۆژهەڵاتییەکان کردووە، لە ساڵی ١٩٠٢ دا نێردراوە بۆ ئێرانو لە بانکێکدا کاری کردووە، لە پاش ساڵێك لە تاران بە باشی فێری زمانی فارسی دەبێتو (عومەری خیام) وەردەگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی. دواتر دەڕوات بۆ شیرازو خۆی بە لێکۆڵینەوە لەبارەی ئیسلامەوە خەریك دەکات، شەوانە بە بەرگی مەلایەتیەوە دەڕواتە مزگەوت لای مەلاکان[١١٧]، لە ساڵی ١٩٠٥دا هەر لە شیراز موسوڵمانبوونی (شیعە) خۆی رادەگەیەنێت، بەڵام لەژێرەوە هەر (مەسیحی) بوو، هاوکات کچێکی خەڵکی ئەو شارەش مارە دەکات[١١٨]، هەمان ساڵ دەگەڕێتەوە بۆ ئینگلتەرا، پاش ماوەیەکی کەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەستەمبوڵ، هەر لەوێ ناوی خۆی دەگۆڕێ بە (میرزا غولام حسەینی شیرازی)و گەشتە نهێنیەکەی بە ناوچەکانی ئێرانو کوردستاندا. دەست پێدەکات دواتر خۆی دەگەیەنێتە کرماشان هەر لەوێش دەبێتە بەڕێوبەری لقی بانکی کرماشانو لەگەڵ ئەوەشدا دەست دەکات بە فێربوونی زمانی کوردی[١١٩].

---

[114] کەمال مەزهەر: کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٥، ل١٥-١٨، عادل صدیق: هەڵەبجە، ل١٤٤.

[115] عادل صدیق: هەڵەبجە، ل٣٦، پ٣.

[116] محەمەد رەسوڵ هاوار: س.پ، ب١، ل٤٦٨.

[117] عادل صدیق: هەڵەبجە، ل٣٦، پ٣.

[118] ه.س، ل٣٦، پ٣، محەمەد رەسوڵ هاوار: س.پ، ب١، ل٤٦٧.

[119] محەمەد رەسوڵ هاوار: ه.س، ب١، ل٤٦٧.

پاش بە سەربردنی ساڵێك (١٩٠٦- ١٩٠٧) لە کرماشان، کوردییەکی باش فێر دەبێت، لە ساڵی ١٩٠٧دا واز لە کارەکەی دەهێنێتو دەست بە گەڕان دەکات بە کوردستانی خواروودا، مێجەرسۆن لەو گەشتەیدا لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٠٧- ١٩٠٩) خۆی گەیاندە شارەکانی سلێمانیو هەڵەبجەو لە نزیکەوە لە ژیانی کوردو باری کوردستانی کۆڵییەوەو پەیوەندییەکی ئێجگار نزیکی لەگەڵ هەندێك لە سەرکردەکانی عەشیرەتی جافدا پەیدا کرد[١٢٠].

سۆن پاش ئەوەی ماوەیەك لە سلێمانیدا مایەوە بڕیاری دا کە بڕوات بۆ هەڵەبجە، بۆ ئەم مەبەستە سەردانی خانی غەفور ئاغای کرد، دوای ئەوەی ئاغای لە مەبەستەکەی ئاگادار کردەوە، ئەویش پێی ڕاگەیاند کە وەسمان پاشای جاف باش دەناسێو بازرگانیشی لەگەڵێدا هەیە، هەروەها خێزانەکەشی (عادیلەخانم) کشتوکاڵی ئاوریشمی هەیە، غەفور ئاغا ئەوەشی زیادکرد بۆ قسەکانی کە وەسمان پاشا لە سلێمانییەو بڕیارە پاش نیوەڕۆ سەردانی بکات.

وەك سۆن خۆی باسی دەکات کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ وەك وەسمان پاشا سەردانی خانی غەفور ئاغای کرد، پاشان بازرگانەکەی هاوڕێی سۆنی پێشکەشی پاشا کردو وتی" ئەمە بازرگانێکی فارسەو ئارەزووی هاتنی هەڵەبجەی هەیە" پاشاش بەشێوەیەکی فارسی زانانە وەڵامی دایەوەو وتی: بابێت، دواتر پاشا بێدەنگ بوو، ئەو بێدەنگیو کەمدووییە نەریتێك بوو لە خوڕەوشتی سەرۆکەکانی جاف، سۆن ئاماژەی بەوە داوە کە لەو دیدارەدا هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساوە هەتا بتوانێ بە باشی سەرنجی پیاوێك بداتو لێی تێبگات کە ناوبانگی بە هەموو لایەکی کوردستاندا بڵاوبووبووەوە، لە هەمان کاتیشدا سەرۆکی عەشیرەتی جافەو فەرمانڕەوای ناوچەی هەڵەبجەو شارەزووریشە.

پاشان سۆن دێتە سەر باسکردنی جلوبەرگو ڕواڵەتی وەسمان پاشاو بەم شێوەیە باسی دەکات" بەرگەکەی بەرگی هۆزەکەی بوو، بەڵام چاکترین جۆری، تەنها پشتێنەکەی نەبێت هەمووی ئاوریشم بوو، کراسێکی سپی لەژێرەوە، کەواکەی ڕەنگێکی قاوەیی هێڵ هێڵ بوو، سەڵتەکەی بە سیمی زەرکەفت نەخشێنرابوو، خەنجەرێکی مشتوو ڕازاوەی بە بەرپشتێنەوە بوو، دەمانچەیەکی بچووکی برنەوی بە لاقەدەوە بوو، سەری بە مشکیو

---

[120] هـ.س، ل٤٦٧، د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: کوردستان لە ساڵەکانی، ل١٥-١٧.

چەفتە پێچابووەوە، لوتێکی بچووکی کەمێك چەماوەی هەبوو، ئێسقانی رוומەتەکانی هەندێك بە لای دەرکەوتندا دەیڕوانی، چاوە بچووکەکانی لەژێر برۆ پڕ مووەکانیدا کە سپێتیان تێکەوتبوو ئەدرەوشانەوە، دەمی لەژێر جووتێ سمێڵی پڕو گەورەدا باش دیار نەبوو، چەناگەو ملی ئەستوورو بەهێز بوون، بە شێوەیەکی گشتی دیمەنی سامێکی دەنواند، قسەکانی رستەی کورت کورت بوون، لە بیست چەکدار زیاتر کە دیمەنیان تواناو ئازایەتی نیشاندەدا لە حەوشەی خانەکەدا وەستابوون، جارجاریش کاتێ بزانرایە ئەوە سوودی بۆیان هەی بەشداری وتوو وێژەکانی پاشایان دەکرد، پاشاش هیچ کاتێك رێگری لەو بەشداربوونەی ئەوان نەدەکرد".

وەسمان پاشا زۆرباش ئاگای لە دابوونەریتی کوردانەی خۆی بووەو رێزی لێگرتووە، پاشا لەگەڵ ئەو هەموو هێزو سامانو دەسەڵاتەی کە هەیبوو بە هیچ شێوەیەك ژیانی خۆی لە ژیانی گەلەکەی جیانەدەکردەوە، لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە هیچ کاتێك خۆی لە هۆزو نەتەوەکەی بەرزتر دانەدەنا، لەسەر ئەو بنچینەیە هەمیشە پەیوەندی بە هەستو نەستو بیروباوەڕیانەوە هەبوو، لە هەموو ئەوانەش گرنگتر ئاگای لە هەموو هەڵسانو دانیشتنو خۆشیو ناخۆشیەکان بووە.

لەم کاتەدا کە وەسمان پاشاو بازرگانەکەی هاوڕێیو سۆن دانیشتبوون، سوارێك لە هەڵەبجەوە هاتو بەپەلە سەبەتەیەکی لە خورجێك دەرهێناو لە بەردەمی پاشادا داینا، ئەوەش نۆبەرەی خەیار بوو کە لە لایەن خانمی خێزانییەوە لە هەڵەبجەوە بۆی ناردبوو، پاشاش خێرا بە سوارێکدا سوپاسنامەی بۆ خێزانەکەی ناردەوە بەرامبەر بەو هەستو نەزاکەتە ناسکەی. دوای ئەم دیدارو گفتوگۆیە وەسمان پاشاماڵئاوایی کردو گەڕایەوە، مێجەرسۆنیش گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی کە لە خانوویەکی سلێمانیدا بە کرێی گرتبوو بڕیاریدا بڕوات بۆ هەڵەبجە[١٢١].

---

[121] میجرسون: رحلەمتنکر، ج٢، ص٢٦٢-٢٦٣ ، مەحمود عەزیز، س.پ، ل٣٣-٣٥.



## یەکەم دیداری سۆن و عادیلەخانم

پاش ئەوەی کە مێجەرسۆن بڕیاریدا بڕوات بۆ هەڵەبجە، ڕێگای باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی بەناو دەشتی شارەزووردا گرتەبەر، بەرلەوەی بگاتە ناو هەڵەبجە تووشی بازرگانێکی هەڵەبجەیی دەبێت، سۆن خۆی بە بازرگانەکە ناساندو لە مەبەستی هاتنەکەی بۆ هەڵەبجە ئاگاداری کردەوە، ئەویش پێی دەڵێت" کەسی وەك تۆ زاناو بەهۆش هەر دەبێ بڕوات بۆ ماڵی عادیلەخانم، بەڵام واباشترە لە سەرەتادا بڕۆیت بۆ ماڵی تاهیر بەگ کە بەتەنیشت ماڵی خانمەوەیە". خەڵکی بێگانە کە دەڕۆیشتنە هەڵەبجەوە دەیانتوانی لە ماڵاندا ژوور بەکرێ بگرن ، چونکە هەڵەبجە خانی تێدا نەبوو، ولاخدارەکانیش، ولاخەکانیان دەخستە تەویلەی ناسیاوو خانە خوێکانیانەوە، خۆ ئەگەر خەڵکانێك بوونایە لەسەرو خەڵکی ئاساییەوە ئەوا دەبرانە میوانخانە[١٢٢]، لەبەرئەوەی عادیلەخانم خۆی خاوەنی هەڵەبجە بوو، دەیبردەوە بۆ ماڵی خۆی[١٢٣]، وەلامی مێجەرسۆن دەبوو ئەوەبێ، کە

[122] میوانداریێتیو دەست بلاویو بەخشندەیی عادیلەخانم زۆر بڵاوەو سەر گوزشتەی زۆر لەوبارەیەوە دەگێڕنەوە تەنانەت دەڵێن هەموو ژەمە خواردنێك لەسەر فەرمانی خانم پەنجا سینی خواردن ئامادەکراوەو نێردراوە بۆ کۆشکی پاشا (دیوەخانەکەی کۆشك) بۆ میوانو ئامادەبووان، زۆرجار پێیان ووتووە خانم ئەوەندە میوان نییە، ئەو هەموو خواردن ئیتر بۆ بکرێت؟ لە وەڵامدا خانم وتوویەتی: با هەر بکرێت میوانو بخۆری خۆی پەیدا دەبێت.(عەبدولکەریم حەمید عەبدولکەریم: س.پ، ل٢٥-٢٦، پ٥٩)

[123] مێجەرسۆن: سلێمانی ناوچەیەك، ل٥٨.

ئەو نووسەرێکی فارسەو بۆ کاری بازرگانی هاتووەتە شارەکەیان، لەوکاتەدا هەڵەبجە سێ کۆشکی گەورەی تێدابوو کە بریتی بوون لە:

١- کۆشکی وەسمان پاشا (ماڵی عادیلەخانم) ٢- کۆشکی تاهیر بەگ ٣- کۆشکی مەجید بەگ

دواتر سۆن بڕیاریدا کە بڕوات بۆ ماڵی خانم، پاش کەمێك دوو خزمەتکاری ماڵی خانم هاتن‌و سەیری سۆن‌و شتوومەکەکانیان کرد، لێیان پرسی تۆ کێیت؟ سۆنیش بەو شێوەیەی کە پلانی بۆ دانابوو خۆی بەئەوان ناساند، پاشان خزمەتکارەکان خانمیان کە تازە لەخەوی نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە هەستابوو لە هاتنی سۆن ئاگادارکردەوە، دوای کەمێك خزمەتکارەکان هاتنەوەو پێیان ڕاگەیاند کە عادیلەخانم هەرکاتێك ماوەی هەبوو پێی خۆشە کە چاوی بە فارسێکی شیرازی بکەوێ، لە ماڵی تاهیر بەگدا ژوورێکی پڕفەرش کراویان پێدا کە بەسەر گەلێ باخ‌و دەشت‌و شاخدا دەیڕوانی[١٢٤].

وەك نووسەری ئەم دێڕانە خۆی دەیگێڕێتەوە دوای ماوەیەك عادیلەخانم کەسێکی نارده لای‌و پێی ڕاگەیاند کە سەر لە بەیانی دووسبەی بە شێوەیەکی تایبەتی چاوی پێی دەکەوێ، بەیانی ڕۆژی چاوپێکەوتن هات، ئەم چاوپێکەوتنەش لەسەر دابونەریتی خەڵکی کوردستان بە چاوپێکەتنێکی گرنگ‌و تایبەت دادەنرا، کاتێك سۆن دەگاتە بەردەم ئەو ژوورەی کە (خانم)ی لێ دانیشتووە، چاوی بە (١٢) خزمەتکارو چەکدار دەکەوێت، کە بەپێوە لەبەردەم دەرگاکەدا ڕاوەستاون، ژوورەکە درێژو باریك‌و (لاکێشەیی) بووەو بە قاڵی‌و فەرشی نایابی (سنە)یی پڕفەرش کرابوو، لای سەرووشییەوە لەسەر تەختەیەکی گەورە (مێز) چەند لێفەو دۆشەك‌و سەرینێکی زۆر هەڵچنرابوو، خانم خۆشی لە ژوورەکەدا لەسەر قاڵییەکی ئاوریشم بەسەرا ڕاخراودا دانیشتووەو جگەرەی کێشاوە، وەك سۆن خۆی باسی دەکات لە یەکەم چاوپێکەوتنیدا نیشانەکانی ڕەگەزی کوردی لە ڕووخسارو کەسایەتی عادیلەخانمدا بەدی کردووە.

ڕوومەتێکی باریك‌و سپی، دەمێکی کەمێك گەورە، جووتێ چاوی بچووك‌و ڕەش‌و وریا لووتێکی کەمێك هەڵۆیی، قەدو باڵایەکی بەرزو باریکی وەها کە هەرگیز قەڵەوی وەرنەگرێت، کە هەموو ئەمانە نیشانەی ڕەگەزی کورد بوون. سەرپۆشی سەری لەو جۆرە

---

[124] میجرسون: رحله متنکر، ج٢، ص٢٧٥-٢٧٦.

بووە کە کوردەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان درووستیانکردووە، ئەویش کلاویك بووە کەریز ریز بە بازنەیی‌و یەك لە دوای یەك بە پارەی ئالتونی داپۆشرابوو، لەگەڵ لەچکێکی ئاوریشمی دەسکردی (یەزدوکاشان)ی پێوە درابوو، بە هەر دوو لای گوێیدا کۆمەلێك قژ هاتبووە خوارەوە، هەتا ڕێکی چەناگەی، کە بە شێوەی زمانی کوردستانی خوارو پێیان دەووت (ئەگریجە)، بەلام بەشی قژی دواوەی بە پەلك هۆنرابووەوە و کەوتبووە ژێر لەچکە ئاوریشمەکەیەوە، جلوبەرگی بەری هەمووی ئاوریشم بوو، هەردوو پێی رووت‌و خەناوی بووە، مەچەکی دەستی‌و پاژنەی پێی بەبازنی زێڕ رازابووەوە، پەنجەکانی دەستی چەند موستیلەیەکی ئالتوونی تێدابوو، ملوانکەیەکی مرواری دەنك گەورەو لە نێوان دەنکەکانیدا ماسییەکی بچووکی ئالتوونی لە ملدابووە، یەکێك لە کەنیزەکەکانی باوەشێنی دەکردو، یەکێکی دیکەیان جگەرەی بۆ ئامادە دەکرد.

لەکاتی چوونە ژوورەوەیدا خانم بە زەردەخەنەیەکەوە ئاماژەی بۆ کردووە کە لەسەر قالییەکە دابنیشێت، پاشان بەشێوازی جافی بەخێرهاتنی سۆنی کردووە (وەخێرهاتی وەبانی چاو، ئەحوالەکەتان خاسە ئیشەللا)، بە وتەی سۆن خۆی ئەویش بە شێوازی جافی‌و ئەردەلانی، نەك سلێمانی، وەلامیدایەوە، چونکە سالێك پێشتر لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ئەو شێوە زمانە فێر بووبوو، هەروەها باسی ئەوەشی کردووە کە خانم لەکاتی قسەکردندا ئاوازێکی تایبەتی هەبووەو، وشەو رستەی قسەکانی روونو رەوان بوونو لە زمانی فارسی زۆرباش تێگەیشتووە، هەرچەندە لە قسەکردنیشدا نەشارەزا نەبووە.

دوای ئەوەی کە پرسیارێکی زۆری سەبارەت بە گەشتەکەی لێدەکات و هەوالی شیرازو دانیشتوانی لێ دەپرسێ، پاشان داوای لێدەکات نامەیەکی بە فارسی نووسراو کە لە تارانەوە هاتبوو، بۆی بخوێنێتەوە، وەك سۆن خۆی باسی دەکات بە دەنگو ئاوازی شێوەی شیرازی نامەکەی بۆ خوێندەوە، بە شێوازێك خانم هەر لە خوێندنەوەکەی تێر نەدەبوو، هەتا سێ جار بۆی خوێندووەتەوە، پاشان خانم رووی کردووەتە خزمەتکارەکانی‌و وتوویەتی: ئافەرین، ئەمەیە دەلێن زمانی فارسی: خۆشترین زمانە لە جیهاندا، داواشی لە سۆن کرد کە لەوەبەدوا هەر بە زمانی فارسی لەگەلی بدوێ، لەگەڵ هەندێك زاراوەی شێوازی شیرازی بۆ روونبکاتەوە کە ئەو باش نەیدەزانی.

دیدارەکە نزیکەی کاتژمێرێکی خایاند، بە وتەی سۆن خانم بەو چاوپێکەوتنە زۆرخۆشحاڵ بووە، دواتر خانم هەستاوەو فەرمانیداوە کە فەرش‌و نوێنی تازەو باشتری بۆ

بهێنن‌و، داوای له سۆن كردووه كه عه‌سرانی هه‌موو رۆژێك بێت بۆ دیوانی فه‌رمی خۆی، بۆ دواندنیان به زمانی فارسی، پاشان خانم به زمانی فارسی خواحافیزی له سۆن كردو به جێیهێشت"[١٢٥].

سۆن ده‌گاته ئه‌و بڕوایه‌ی كه بڵێت" به‌ڕاستی له ناو كۆمه‌ڵی موسوڵمانانندا ژنانی وه‌ها بێ چه‌شن‌و بێ وێنه كه‌م هه‌یه، به ده‌گمه‌ن ژنانی وه‌ها خاوه‌ن دیوان‌و ده‌سه‌ڵاتدار هه‌ڵده‌كه‌وێ كه به ده‌ستی خۆیان توانای به‌كارهێنانی چه‌كیان هه‌بێ:

گه‌ر وه‌ك ئه‌و بووایه هه‌موو ژنان      ژنان به‌ڕێز تر ئه‌بوون له پیاوان"[١٢٦]

[125] المصدرنفسه، ج٢، ص ٢٨٨-٢٩١، مه‌حمود عه‌زیز، ه.س، ل٣٥-٣٩.

[126] مصدرنفسه، ص٢٧٦.



هه‌واڵنامه‌ی كتێب

# دیداری سۆن و تاهیر بەگی جاف

پاش ئەوەی سۆن لە لای عادیلەخانم دەگەڕێتەوە بۆ ژوورەکەی، یەکێك لە خزمەتکارەکان پێی رادەگەیەنێت، کە بڕوات بۆ لای تاهیر بەگ، کەماڵەکەیان کەوتبووە تەنیشتی ماڵی خانم خۆیەوە، ژوورەکەی سۆنیش کەوتبووە رووی ماڵی تاهیر بەگەوە، ناوی تاهیر بەگ بە هەموو لایەکدا رۆیشتبوو، لە هەڵەبجەدا چەند زەویو زارێکی خۆی هەبوو، شارەزاییەکی زۆرو چاکی لە ئەدەبدا هەبوو، بە هەرسێ زمانی کوردیو فارسیو تورکی قسەی دەکرد، ژمارەیەکی زۆر هۆنراوەی بە زمانی کوردی هەبوو، کەمێك فڕەنسی دەزانی، بەپێی دابوونەریتی ئەو هۆزو نەوەیە ماڵی تاهیر بەگ، بە رۆژو شەو بۆ میوان و هاتوچۆکەران دەرگای لەسەر پشتبوو. کاتێك کە سۆن دەڕوات بۆ لای تاهیر بەگ، ناوبراو لەنێو خانووەکەی خۆیدا دەبێت سۆن بەم شێوە باسی خانووەکەی دەکات" لە ژوورێکی سێ لادیوارو لایەکەی تری کراوە (هەیوان) بوو کە بەسەر دەشتو دیمەنە رەنگینەکانی شارەزووردا دەیڕوانی، لە یەکەم راڕەوی چوونە ژوورەوەدا چەند سەکۆیەکی پانو بەرزو درێژی تێدا بوو، مرۆڤ دەیتوانی لەسەری دابنیشێو قاچەکانی شۆڕ بکاتەوەو نەگاتە زەوی، دەیتوانی لەسەریشەوە لەسەری دابنیشێ، چونکە هەمووی فەرشی بەسەردا راخرابوو بۆ ئەوەی لەسەری دابنیشن، لەو لایشەوە لە سەربانەکەدا چەند چەکدارێکی کورد ئامادەو راوەستابوون".

تاهیر بەگ لەسەر سەکۆیەکی قاڵی بەسەردا راخراودا، وەك مرۆیەکی رۆحانی ناوچاو گرژ کە بیر لە شتێك بکاتەوە دانیشتبوو، پیاوێك بوو لە ناوەڕاستی تەمەندا، مێزەرێکی گەورەی بە سەرەوە بوو، دیمەنێکی بە سامی هەبوو، برۆ پڕ مووەکانی سێبەری بەسەر چاوە شینەکانیەوە کرد بوو، لووتێکی هەڵۆیی، ملێکی ئەستوور، دەمی لەژێر سمێڵێکی پڕی زەرددا باش دیار نەبوو، بەرگێکی کوردی، کە وایەکی خاڵ خاڵیو خەت خەتی ئاوریشمی لەبەردا بوو، دەمانچەیەکی (گۆڵت) لەگەڵ خەنجەرێکی گەورە بە بەر پشتێنەکەیەوە بوو، مێزەرەکەی وەك مێزەری سەرۆکەکانی جاف، مشکیو چەفتەی گوڵنگداری ئاوریشم بوو، تاهیر بەگ وەڵامی سەلامەکەی سۆنی بە شێوازێکی فارسی زانایانە دایەوە بە شێوەیەك کە هیچ بۆنێکی کوردی لێ نەیەت، پاشان بۆ دانیشتن سۆنی

بانگ کرده لای خۆیەوە، چەند پرسیارێکی لێکرد، له کوێوه هاتووی؟ بۆ کوێ دەچیت؟ چەند زمان دەزانیێ؟ فرەنسی دەزانی؟ غولام حسەین یان راستر بلێین (مێجەرسۆن) وتی" بەلێ، شەش حەوت ساڵ پێش ئێستا له ئێران خزمەتکاری کابرایەکی فرەنسی بووم‌و هەندێکی لێ فێربووم" هەر که سۆن وتی کەمێکی لێ دەزانم، تاهیر بەگیش پێی راگەیاند که ئەویش کەمێك له فرەنسی دەزانێت، به لای سۆنەوه ئەوه وتەیەکی زۆر سەیر بوو: که سەرۆکێکی کورد به بێ ئەوەی له نیشتیمانەکەی چووبێته دەرەوه فرەنسی بزانێت! کاتێك تاهیر بەگ بەمەی زانی، ئیتر لەوه بەدوا دەربارەی کاره نهێنییەکان به زمانی فرەنسی قسەی لەگەڵ مێجەرسۆندا دەکرد.

له پاش ئەم پرسیارانه تاهیر بەگ بێدەنگ بوو، به وتەی سۆن خۆی تەنها دەنگی گێڕانی قاوەی تورکی له لایەن خزمەتکارەکانەوه بێدەنگی دانیشتنەکەی دەشکاند، جارێکی تر به پێدانی جگەرەیەك له قوتووەکەی رێزی له سۆن گرت، پاشان تاهیر بەگ هەستاو بەرەو ژووره تایبەتییەکەی خۆی بەرێکەوت‌و کۆتایی به چاوپێکەوتنەکه هات، ئەوانیش بلاوەیان لێکرد، بەلام دەبوو سۆن هەموو جارێك بڕوات بۆ لای تاهیر بەگ‌و هاتوچۆی بەردەوامی بکات[١٢٧].

لەسەر فەرمانی عادیلەخانم ژوورێکیان له نهۆمی سەرەوەی ماڵی تاهیر بەگ پێدا، بەلام دواتر بردیانه ماڵی عادیلەخانم خۆی‌و له نهۆمی خوارەوەی کۆشکەکەیدا جێگەیان کردەوه‌و ئەرکی نووسینەکانی خانمی به زمانی فارسی له ئەستۆ گرت[١٢٨].

سەیر لەوەدایه سەرەتا مێجەرسۆن جگه لەوەی خۆی کرد بوو به موسوڵمان‌و ناوی خۆی گۆڕی بوو به (میرزا غولام حسەینی شیرازی)، هەمان کات خۆی وەك نوسەرێکی فارس‌و گەوره بازرگانێك که بۆ کاری بازرگانیی هاتبێته ناوچەکه ناساند بوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێته خزمەتکاری ماڵی وەسمان پاشا، ئەگەرچی هەموو ئەمانه بۆ داپۆشینی کاره بنەرەتییەکەی (هەواڵگری) بوو، که ئەوی بۆ هاتبوو کاری بۆ دەکرد، پرسیارەکه لەوەدایه بۆچی وەسمان پاشاو خانمی خێزانی‌و تاهیر بەگ پرسیاری ئەوەیان له خۆیان نەکردووە، چۆن دەکرێت بازرگان‌و نووسەرێکی فارسی زانی گەورەی وەك مێجەرسۆن که

---

127 المصدرنفسه، ج٢، ص٢٩١-٢٩٢، سیسیل جۆن ئیدمۆندس: س.پ، ل١٩٣.

128 سیسیل جۆن ئیدمۆندس: س.پ، ل١٩١-١٩٢.

ئەو بەو شێوەیە خۆی پێناساندبوون  قایل دەبێت وەك نۆکەرو خزمەتکار لە ماڵی ئەواندا کار بکات؟

سۆن ماوەی شەش مانگ وەك خزمەتکاری ماڵی وەسمان پاشا کاری کردووە، لەو ماوەیەدا بە هەر دوو زمانی کوردیو فارسی زۆر بە باشی دواوەو هیچ کەس گومانی ئەوەی لێ نەکردووە کە ئەو ئینگلیزە[١٢٩]. بە درێژایی ئەو ماوەیە مێجەرسۆن وەك خزمەتکارێکی چالاكو زیرەك ئیشوکارەکانی سەرشانی خۆی بە خێرایی رادەپەڕاند، هەر لەبەر ئەوەش تاهیر بەگ سۆنی زۆر خۆش ویستووە، هەرچەندە بە هۆی هەندێك کارو کردەوەیەوە لێی دەکەوێتە گومانەوە، تاهیر بەگ سەرنجی ئەوەی دابوو، کە شێوازی کارو گوێڕایەڵی سۆن لە رەفتاری خزمەتکار ناچێت[١٣٠].

ئەم گومانەشی لە لای عادیلە خانمی دایکی درکاند بوو، بەڵام ئێمە نازانین ئەم گومانەی لە سۆن هەر لە سەرەتاوە بووە یاخود پاش چەند مانگێك بووە، هەر چۆنێك بێت ئەم گومانە وەکو خۆیو بە نهێنی مایەوە، هەتا رۆژێك لە وەڵامی پرسیارێکی تاهیر بەگدا کە لێی پرسیبوو، لەبری ئەوەی بڵێ (نەء)، سۆن دەڵێت: (نۆ=no)[١٣١]، لێرەدا ئیتر گومانەکەی تاهیر بەگ بوو بە راستیو ئەوەی بۆ ئاشکرا بوو کە مێجەرسۆن کەسێکی ئێرانی نییە، بەڵکو ئینگلیزە، چونکە وشەی (no) وشەیەکی ئینگلیزییە کە بە مانای (نا) دێت. لەبەرئەوە تاهیر بەگ بانگی کردوو لێی پرسی ناوت چییە؟

غوڵام حسەین وتی: لەدەوری سەرت گەڕێم لە مەبەستی ئێوە تێناگەم؟ ناوی من هەر ئەو ناوەیە کە ئێوە منی پێ بانگ دەکەن.

تاهیر بەگ وتی: نا تۆ ئینگلیزی ناوی خۆت گۆڕیوە.

غوڵام حسەین وتی: چۆن دەزانی؟

تاهیر بەگ وتی: لە شێوازی گفتوگۆو قسەکردنتدا دەردەکەوێ.

---

[129] عادل صدیق: س.پ، ل١٤٥.

[130] سیسیل جۆن ئیدمۆندس: س.پ، ل١٩٢-١٩٣، عادل صدیق: س.پ، ل٨١.

[131] زۆرجار ئەوەمان بەرگوێ کەوتووە کە ئەم پێزانینەی تاهیربەگ لە کاتێکدا روویداوە کە مێجەرسۆنو تاهیر بەگ خەریکی یاری تاوڵەکردن بوون.

غولام حسەین ئیتر ناچار بوو لێرەدا رووی راستی خۆی هەڵماڵێتو بڵێت: راست دەڵێن، من ئینگلیزمو ناوم (مێجەرسۆن)ە، چەند ساڵێکە بە وڵاتەکانی عێراقو ئێرانو تورکیادا دەگەڕێم.

تاهیر بەگ هەر کە بۆی ساغبووەوە، داوای لە مێجەرسۆن کرد کە لەو ناوەدا نەمێنێت، چونکە پەیوەندی ئەوان (واتە عەشیرەتی جاف) لەگەڵ حکومەتدا لەو رۆژانەدا روو لە ساردبوونەوە دەکات، ئەو کات لەوانەیە لە لایەن تورکەکانەوە رووبەڕووی ئازارو چەرمەسەری ببێتەوە. لە سەرچاوەی دیکەشدا هاتووە کە تاهیر بەگ پێی وتووە بە خێرایی هەڵەبجە بە جێبهێڵێت، چونکە ئەگەر تورکەکان بەم راستییە بزانن لەوانەیە بیکوژن[١٣٢].

لەدوای ئەم ئاشکرابوونەی، مێجەرسۆن هەڵەبجەی بەجێهێشت، دواتر سۆن کتێبێکی بە ناوی (رحلە متنکر....) داناوە ناوبراو لەم کتێبەیدا زۆر باسی تاهیر بەگ دەکاتو ستایشیی زیرەکیو ژیریی ئەوی کردووە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك باسی ئەم ئاشکرابوونەی خۆی ناکات، عادیلەخانم ئەم دەرکردنەی مێجەرسۆنی زۆر پێناخۆش بوو، چونکە جگە لە زیرەکیو وریاییەکەی ویستوویەتی مێجەرسۆن بکاتە مامۆستای زمانی فارسی هەر دوو کوڕە بچووکەکەی (عیزەت بەگو ئەحمەد موختار)، بۆیە هەوڵیدا کە سۆن نەڕوات، ئەگەرچی مانەوەشی لە کۆسپو مەترسی دوور نەبوو، بەڵام سۆن جگە لەوەی تاهیر بەگ پێی زانیبوو، دەترسا بە جارێك پێی بزانن لە چەند هۆو هەڵوێستێکی تر دەترساو رزگاری نەدەبوو ئەوانیش:

یەکەم/ هەر لە ماڵی عادیلە خاندا کەسێکی دیکە هەبوو بە ناوی (ئەمین ئەفەندی)، کە مەسیحییەکی بە رەگەز ئەڵمانی بوو، بە هەمان شێوەی سۆن بە درۆ خۆی کرد بوو بە موسوڵمانو خەڵکی ئێران، بە وتەی خۆی چەند ساڵێك بۆ فێربوونی زانستی پزیشکی رۆیشتووەتە ئەوروپا، مێجەرسۆن چەند جارێك لەگەڵیدا دەکەوێتە وتووێژ، ئەمین ئەفەندی ئامۆژگاری سۆن دەکاتو پێی دەڵێت" خەڵکی هەڵەبجە خراپنو بە کەڵکی بێگانە نایەن، منیش وەکو تۆ بێگانەمو دەمەوێ هەلێکم بۆ هەڵکەوێت کە برۆم"، بەڵام مێجەرسۆن لە مەبەستەکەی ئەمین ئەفەندی تێدەگات کە دەیەوێت گومان

[132] س.پ، ل١٩٢-١٩٤، مەحمودعەزیز: س.پ، ل٣١.

بخاته مێشکی تاهیر بەگەوە بۆ دەرپەڕاندنی ئەو لە هەڵەبجە، ئەم هەوڵەی (ئەمین ئەفەندی) لەبەر جیاوازی ئاینی نەبوو، بەڵکو لەبەرئەوە بوو کە ئەم ئەڵمانییەو سۆن ئەڵمانی نییە، لەبەرئەوە سۆن زۆر دەترسا کە (ئەمین ئەفەندی) باشتر ئاشکرای بکات.

دووەم/ کاتێك کە مێجەرسۆن لە ئەستەمبوڵ بووە، چاوی بە (شێخ الاسلام)ی سنە کەوتووە، شێخ زۆر گومانی لە موسوڵمانێتیو رەگەزی مێجەرسۆن کردووە، پێی وابووە کە سۆن ئینگلیزەو موسوڵمانیش نییە. لەو رۆژانەشدا (شێخ الاسلام) هاتبووە ناوچەکەو لە گوندی (بیارە)بوو، لەبەرئەوە سۆن ترسی هەبوو کە ئەمە بۆی ببێت بە کارەساتێك، راستیەکەشی هەروا بوو، دوای ئەوەی کە سۆن هەڵەبجەی بە جێهێشتو روویکردە شاری سلێمانی، (شێخ الاسلام) هاتە هەڵەبجەو لە دیوانیماڵی (عادیلەخانم)دا هەرایەکی گەورەی درووستکرد لەبارەی بوونی سۆن لە هەڵەبجەدا زۆر بە توندی نارەزایی خۆی دەربڕی بوو، وتبووی چۆن کافرێکی جاسووسی وەکو سۆن بە درۆ خۆی کردووە بە موسوڵمانو لە ناو کۆمەڵگەی ئیسلامدا جێگەی بووەتەوە؟! لە کاتی ئەم گفتوگۆیەدا (حەمە)ی بەردەستی مێجەرسۆن لە کۆبوونەوەکەی نێوان (عادیلەخانمو شێخ الاسلام)دا بووە، دواتر حەمە بۆ سۆنی گێڕاوەتەوە کە چۆن عادیلەخانم بەرگری لە (مێجەرسۆن) کردووە کە ئینگلیز نییە، بەڵکو ئێرانییەو خەڵکی شیرازە، هەر لە کۆبوونەوەکەدا خانم ئەوەشی وتووە کە موسوڵمانێکی تەواو بووەو هەموو جارێك بە چاوی خۆی سۆنی بینیووە کە نوێژی کردووە.

مێجەرسۆن خۆی باسی ئەوەی کردووە، یەکەمین کەسێك کە لە ئەو تێگەیشتووە مەسیحییەکی خەڵکی موسڵ بووەو لە شاری سلێمانی بووە بە هاوڕێی. (ئەدمۆنس)یش، باسی ئەوەی کردووە کە خۆی رۆژێك پرسیاری لە عادیلەخانم کردووە سەبارەت بەوەی کە ئایا کاتێك مێجەرسۆن لە ماڵیان بووە گومانی لێ نەکردووە؟! لەوەڵامدا عادیلەخانم وتوویەتی" راستییەکەی، لەبیرمە رۆژێك تاهیری کوڕم هاتە لامو گوتی پێموایە ئەو غوڵام حسەینە ئەوروپی بێ، بەڵام من گوتم هەرچۆنێك بێت ئەو میوانی ئێمەیەو نابێ ئێمە خۆمان لە کارێك وەربدەین کە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە"[١٣٣].

---

[133] سیسیل جۆن ئیدمۆندس: س.پ، ل١٩٥-١٩٦.

عادیلەخانم جاری واهەبووە سۆنی بانگ کردووەو هەندێ کاری پێڕاسپاردووە، وەك نووسینو خوێندنەوەی نامەی فارسی، هەروەك کەمێك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، ویستوویەتی هەردوو کوڕەکەی فێری زمانی فارسی بکاتو کاری بازرگانیشی بۆ نمایش کردووە، کاتێکیش کەوتووەتە رێ هێندە بە گەرمو گوڕییەوە رەوانەی کردووە بۆ سۆن خۆی بووەتە جێی سەرسوڕمان، کە ئەویش بەڵگەی رێزلێنانە یان دەربڕینی هەست ناسکی و رەوشتبەرزیو هەست ناسکی عادیلەخانم خۆیەتی کە فرمانی داوە چوار پاسەوانی بۆ ئامادە بکرێ بە مەرجێ دوانیان لە ئازاترین پیاوانی هۆز بن، تەنانەت خانم داوای لە رەسووڵ ئەحمەد کردووە لە رەوانەکردنیا هاوڕێیەتی بکاتو داوای لێبکات لە سلێمانی پشوو بدات[١٣٤].

هاتنی مێجەرسۆن بەر لە جەنگ بۆ ناوچەی سلێمانیو مانەوەی لە هەڵەبجە بەو شێوەیە سەرەتایەك بوو لە هەولێ ناسینێکی کورد بۆ مەبەستێکی نوێو تایبەت، وەك دەریشکەوت ئەنجامێکی بە سوودی بۆ نەخشەی ئایندەی وڵاتەکەی هەبوو. لە سەردەمی جەنگیشدا، هەلومەرجی پەیوەندیو زیاتر لە کورد گەیشتن، باشتر رەخسا.[١٣٥]لە دوای ئەو گەشتو گەڕانەی لە کۆمپانیای نەوتی (ئەنگلۆ- ئێران)یدا دەستی بە کارکردن کرد، دواتر کراوە بە لێپرساوی هەڵکەندنی بیری نەوت لە (چیای سورخ) لە نزیك خانەقین.[١٣٦]لە ساڵی ١٩١٢دا دەبێتە (معتمد)ی کونسوڵخانەی بریتانیا لە شاری (موحەممەرە)و، هەر لەوێش دەستی بە نووسینی کتێبە بە ناوبانگەکەی (رحلە متنکر....) کردووە، ساڵی دواتر کراوە بە جێگری کونسوڵی وڵاتەکەی لە (قەسری شیرین)[١٣٧]، تورکەکان لە سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانیدا مێجەرسۆنیان گرتو بۆ ناوچەیەك لەسەر دەریای ناوەڕاست دووریان خستەوە، بەڵام دواتر بەریانداو لە تەموزی ئەوساڵەی کە ئازادکرا وەك ئەفسەری سیاسی لە (دیزفول) دەست نیشانکرا.

---

134 بەوەرگرتن لە پ. بەدرخان سندی: کۆمەڵگەی کوردەواری لەدیدی رۆژهەڵاتناسیدا، و.ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، چ١، چاپخانەی خانێ (دهۆك)، ٢٠٠٨.

135 مەحمود مەلا عززەت، س.پ، ل٥٢.

136 محەمەد رەسوڵ هاوار: س.پ، ب١، ل٤٦٧.

137 عادل صدیق: هەڵەبجە، ل٣٨، پ٣٧.

لە ساڵی ١٩١٥دا لە لایەن هەڵمەتی دەزگاکانی دۆزینەوە (حملە استکشافیە)وە بۆ خزمەتێکی دەستیاو (اعارە) لەگەڵ دەزگا جاسووسییەکانی وڵاتەکەی دەکەوێتە مەشقکردن، لە هەمان ساڵدا بانگ دەکرێ بۆ ئەوەی سەرپەرشتی دەرکردنی رۆژنامەی (بەصرە تایمز) بکات، ساڵی ١٩١٦ کاری چاودێرکردنی سیخورە ئەڵمانییەکانی پێ دەسپێردرێتو دەکرێتە جێگری کونسوڵی وڵاتەکەی لە (دیزفول)، ئەو رۆژانە بەختیارییەکان تێکشکابوونو تورکەکانو ئەڵمانەکانیش لەو ناوچەیەدا خەریکی هاندانی خەڵك بوون دژی ئینگلیزەکان[١٣٨].

لە دوای داگیرکردنی بەغداد لە ساڵی (١٩١٧)داو دواتر داگیرکردنی خانەقین لە هەمان ساڵدا، مێجەرسۆن دەگوێزرێتەوە بۆ خانەقین بۆ ئەوەی وردە وردە خۆی لە کوردەکان نزیك بخاتەوەو پەیوەندی لەگەڵ سەرۆك هۆزەکاندا دروست بکات، ئەمەش رێگەی بۆ هاتنی ئینگیزەکانو دامەزراندنی دەسەڵاتیان لەم ناوچانەدا خۆشکرد. هەر کە سۆن گوێزرایەوە بۆ خانەقین، ئەدمۆنس لەبری ئەو لە دیزفول دانرا، بەڵام هێندەی پێ نەچوو سۆن تووشی نەخۆشی (سیل) بوو، ماوەی شەش مانگ مۆڵەتی وەرگرتو بۆ چارەسەر رووی کردە ئوستورالیا، لەسەرداخوازیی (وڵسن)ی حاکمی گشتی عێراق ئەدمۆنس شوێنی سۆنی لە خانەقین گرتەوەو پاشانیش لەوێوە نێردرا بۆ کەرکوك لەو کاتەدا (س.ه.لۆنگریك) ئەفسەری سیاسی بوو لە کەرکوك[١٣٩].

پاش ئەو شەش مانگە جارێکی دیکە سۆن گەڕایەوەو دەستی بە کارەکانی کردەوە، هەموو ئەمانەو نووسینەکانی لە دوایدا بە گوێرەی ئینگلیزەکان جێگەی تەواوی خۆیان گرت. لە دەوروبەری کۆتایی جەنگدا جێبەجێکردنی گەلێك ئەرکی گرنگی لە باشووری کوردستاندا پێ سپێردرا.

لە پاش کۆتایی هاتنی جەنگیش بە ناوی ئەفسەری سیاسی بریتانیاوە لە ساڵانی (١٩١٩-١٩٢١) وەك حاکمی گشتی شاری سلێمانی کاریکردووە، لەو ماوەیەدا رۆڵێکی باڵای لە چەسپاندنی سیاسەتو دەسەڵاتی حکومەتەکەیدا لە باشووری کوردستاندا

---

[138] د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: کوردستان لە ساڵەکانی، ل٦٩، عادل صدیق: هەڵەبجە، ل٣٧، پ٣، محەمەد رەسوڵ هاوار: س.پ.ب١، ل٤٦٧.

[139] ه.س، ل٣٧، پ٣، محەمەد رەسوڵ هاوار، س.پ، ب١، ل٤٦٧، ٤٦٨، مەحمودی مەلا عززەت، س.پ، ل٨٧.

بینی.[140] جگه لەوانەش سۆن سەرپەرشتی دەرکردنی هەر دوو رۆژنامەی (تێگەیشتنی راستیو پێشکەوتن)ی کردووە، هاوکات خاوەنی چەند بەرهەمێکی گرنگە لەبارەی کوردوکۆمەڵگای کوردیو زمانەکەیەوە. سۆن لە ساڵی ١٩٢١دا گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەیو لە ئابی هەمان ساڵدا لە لایەن پادشای وڵاتەکەیەوە لە پاداشتی ئەو خزمەتە زۆرانەی کە بە وڵاتەکەی کردووە لە کۆشکی (بەکنهام) خەڵاتی شاهانە کرا.

بەڵام مێجەرسۆن بە ئازاری نەخۆشیەکەیەوە دەیناڵاندو تەنانەت بارێکی دەروونی سەختیشی لە ماوەی کارکردنیدا بۆ دروستکردبوو، لەم بارەیەوە لاین دەڵێت" سۆن وەك ریچارد بێرتن، پیاوێك بوو خوێنی قەرەچ بە دەمارەکانیدا دەڕۆیی، ئاکارێکی توندوتیژو دلڕەقانەی هەبوو، بەدەست کاریگەرییەکانی نەخۆشی سیلەوە دەیناڵاند، مامەڵەی لەگەڵ ئەفسەرەکانیدا دیکتاتۆرانەو هەندێك جاریش ستەمکارانەبوو"[141] لە ساڵی ١٩٢٢دا پزیشکەکان بۆ چارەسەری نەخۆشیەکەی ناردیان بۆ شاری (بیزەرتە) لە تونس، بەڵام لەوێش نەتوانرا چارەسەر بکرێ بۆیە ناردیانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی، لە رێگاداو بەرلەوەی بگاتەوە خاکی ئینگلتەرا لە ناو کەشتیەکەیدا لە ١٩٢٣/٢/٢٤دا کۆچی دوایی کرد[142].

هەوالنامەی کتێب

[140] د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: کوردستان لە ساڵەکانی، ل١٧.

[141] کورد عەرەب بەریتانیەکان، بیرەوەرییەکانی کاپتن لاین لەمەڕ رووداوەکانی باشووری کوردستان (١٩١٩-١٩٢٩)، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٧.

[142] عادل صدیق: هەڵەبجە، ل٣٧، پ٣.

## کوڕەکانی عادیلەخانم

وەسمان پاشای جاف خاوەنی پێنج کوڕ (مەجید بەگ، حەمەسەعید بەگ، تاهیر بەگ، عیزەت بەگ وئەحمەد موختار جاف)و دوو کچ (ناهیدەو سەبیحە) بووە، دووکوڕی یەکەمیان واتە (مەجید بەگو حەمە سەعید بەگ) لە مەنیجەخانی خێزانی یەکەمی وەسمان پاشان، ئەوانی دیکەیان هەموویان لە (عادیلەخانم)ن، ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین ئەگەر بە کورتیش بێت تیشك بخەینە سەر سێ کوڕەکەی خانمو هەندێك لایەنی ژیانی ئەوان، روون بکەینەوە:


(تاهیر بەگی جاف)

### یەکەم: تاهیر بەگی جاف

تاهیر بەگ کوڕی وەسمان پاشای جافەو کوڕە گەورەی عادیلەخانمە، لە ساڵی (١٨٧٨ز) لە هەڵەبجە لە دایك بووە، سەرەتا لە حوجرەی مزگەوت خوێندوویەتی، بەڵام پێویستییەکانی ئاینی لە حوجرە تەواو نەکردووە، دواتر مامۆستا (میرزا)ی تایبەتی لە ماڵەوە بۆ گیراوەو لە ماڵەوە جگە لە خوێندنی فارسیو نووسینو خەتو زانستو زانیارییەکانی ئەو سەردەمە فێرکراوە.

لە پاش ماوەیەك جارێکی دیکە بە مەبەستی فێربوونی زمانی عەرەبی دەست دەکاتەوە بە هاتوچۆکردنی حوجرەی فەقێکانی هەڵەبجە، تاهیر بەگ جگە لە خوێندنی قورئانی پیرۆز، کتێبو شیعری شاعیرانی کوردو فارسی وەك (سەعدی شیرازی- حافز- بابا تاهیری عوریان- نالی- شێخ رەزا)و شاعیرانی تری خوێندووە. هەر لە سەردەمی لاوێتییەوە خۆی بە فێربوونی زمانی فەرەنسییەوە خەریك کردووەو هەندێکی لێ فێربووەو

شارەزاییش لەو زمانەدا پەیدا دەکات. لەبەرئەوەی ماڵی باوکو خزمو کەسوکاری دایکی لە شاری سنە بوون[١٤٣] گەلێك جار بە ناوی خزمایەتییەوەو بۆ سەردان نەك بۆ خوێندن سەردانی ئەو شارەی کردووە، بەڵام لەو سەردانانەیدا تێکەڵاویی‌و هەڵسوکەوتیی لەگەڵ پیاوانی گەورەو شاعیرو میرزاکانی ئەو شارەدا کردووە، بێگومان ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ژیانی تاهیر بەگو رادەی پێگەیشتنی ئەو داناوە، پێدەچێت لەو سەردانانەیدا بۆ شاری سنە چاوی بە موژدەدەرە فڕەنسییەکان کەوتبێ‌و هەر لەوێشەوە حەزو ئارەزووی فێربوونی زمانی فڕەنسی کەوتبێتە مێشکییەوەو دواتریش بە هەوڵو ماندوبوونی خۆی لەو زمانە بەهرەمەند بووە[١٤٤].

تاهیر بەگ لەبەرئەوەی لە بنەماڵەیەکی دەست ڕۆیشتوو بووە، لە ماوەی تەمەنیدا ژیانێکی بەختەوەرانەی گوزەراندووە، هەموو خۆشییەکی ژیانی بۆ ڕەخساوە، بە درێژایی ژیانی بۆ گوزەرانو ماڵ بەڕێوەبردن ئارەقی مانووبوونی نەڕشتووە، هیچ جۆرە کارێکی ئاسان یان قورسی نەکردووە، وەك کوڕی خێزانێکی دەوڵەمەند سوارچاكو تفەنگچییەکی باشی لێ هەڵکەوتووە، یەکێکە لە شاعیرانی کلاسیكو شیعرەکانی تەڕو پاراو بوونو بە شاعیری عیشقو خۆشەویستی ناسراوەو هەمیشە حەزی لە سەیرانو ڕاوو شکار بووە، لەگەڵ ئەوەشدا خواردنەوەی پێ خۆش بووە[١٤٥]، بەڵام لە لەشو لارو جەستەدا کەسێکی لاوازو هەمیشە نەخۆش بووە خۆشی جوانی وتووە:

وەرە (تاهیر) مەبەستە دڵ بە دونیا
بە زاهیر جوانو، باتین پیرو فەرتووت[١٤٦]

عەلادین سەجادی ئاماژەی بەم حاڵەتەی تاهیر بەگ کردووەو باسی ئەوەی کردووە کە هەر ئەم خراپی باری تەندروستییەی وای لێکردووە کە زۆر بەخواردنەوە ئاشنا بێت بۆئەوەی لە ئێشوئازاری جەستەی بێ ئاگای بکاتو لەبیری بباتەوە[١٤٧]. لەڕووی

---

[143] عەلادین سەجادی: مێژووی ئەدەبی، ل٤٧٣، د.مارف خەزنەدار: س.پ، ل٥٦٥، حەسەن گۆران. دیوانی تاهیر بەگی جاف، چ١، ، ١٦.
[144] ه.س، ل٤٧٣.
[145] ه.س، ل٤٧٤.
[146] حەسەن گۆران، س.پ، ل٣٨.
[147] عەلادین سەجادی: مێژووی ئەدەبی، ل٤٧٥.

جەستەیشەوە تاهیر بەگ پیاوێکی کورتە باڵاو ڕەزاشیرینو سوروسپیو موو زەردو مێ چاوبووە، دەموچاوی درێژکۆلەو ریشی ئەتاشی، جلوبەرگی کوردیو کەواوسەڵتەی جوانی لەبەردەکردو، چەفتەومشکی ئەبەست[١٤٨].

تاهیر بەگ جگە لە کۆشکە نایابەکەیو ئەو موڵكو سامانەی کە لە هەڵەبجەو دەوروبەریدا هەیبووە، بەشێکی پێنجوێن موڵکی ئەو بووەو هەواری هاوینەشی هەر لەوێ بووە، لە مانگەکانی تەموزو ئابو ئەیلول سەردانی پێنجوێنی دەکرد، بەپێی گێڕانەوەکانی سۆن هەر کاتێك کە تاهیر بەگ لە پێنجوێن بووایە هەموو پێداویستییەکی کڕینو فرۆشتن بە ئاسانی دەست دەکەوت، بەڵام لە وەرزی زستاندا بە هۆی سەرماو سۆڵەی ناوچەکەوە پێداویستییەکانی خەڵکی بە گران دەست دەکەوتن[١٤٩].

سەرباری ئەوانەش تاهیر بەگ زمانەکانی فارسیو تورکیو عەرەبی بە باشی دەزانیو شیعری بەو زمانانە نووسیوە، لەوەش زیاتر شارەزایی لە زمانی فڕەنسیدا هەبووە، د.مارف خەزنەدار دەڵێت" وەسمان پاشای جافی ناوچەی هەڵەبجەی ڕەنگینی مەڵبەندی بووژانەوەی شیعری کوردی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمو نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لەگەڵ عادیلە خانمی خێزانی دوو برای شاعیری نازداریان پێشکەش بە مەدەنیەتی کورد کردووە، ئەم دوو برایەش (تاهیر بەگو ئەحمەد موختار جافی برای بوون)"[١٥٠].

تاهیر بەگ پیاوێکی ئێجگار زیرەكو ژیرو خاوەن فکر بووە،ئەو لە هیچ زانکۆو خوێندنگەیەکی فەرمی وانەی نەخوێند بوو، بەڵام ئاستی تێگەیشتوویی و پلەی زانیاری گشتی ئەو هیچ کات لەگەڵ رادەی خوێندنەکەی یەکیان نەدەگرتەوەو پتر لە دەقاتی ئەو بوو.[١٥١] مێجەرسۆن (١٩٠٩)و عەلی ئەکبەرخانی سنجابی (١٩١٨) لەو کەسانەن کە لە ماوەی مانەوەیاندا لە ماڵی تاهیر بەگ دەرکیان بە زیرەکیو بەهێزی کەسایەتی تاهیر بەگ کردووەو زۆر پێی سەرسام بوون، تەنانەت هەر تاهیر بەگ خۆی بە مێجەرسۆنی زانیووە.

---

[148] ه.س، ل٤٧٤.

[149] مەیجەرسۆن: سلێمانی ناوچەیەك، ل٥٤.

[150] د.مارف خەزنەدار: س.پ، ل٥٧٩.

[151] سیسیل جۆن ئیدمۆندس: س.پ، ل١٩٢.

رادەی زیرەکیو لێهاتوویی تاهیر بەگ، ئەوی کرد بووە کوڕێکی زۆر خۆشەویست لای هەریەکە لە عادیلەخانمی دایکیو وەسمان پاشای باوکی، تەنانەت لەبەر دڵی خانمی دایکی هەیوانی کۆشکەکەی تاهیر بەگو ماڵی پاشایان لە ڕێگەی پردێکی لە تەختە درووستکراوەوە بەیەك گەیاند بوو[١٥٢].زۆرجارو لە زۆر شوێنو جێگادا لەبەر خۆشەویستی ئەو، وەسمان پاشای باوکی بە شێوازو دەربڕینە جافییەکەی خۆی ( وەگیانی تاهیر بەگ، وەسەری تاهیر بەگ) سوێندی خواردووە.

تاهیر بەگ لە ماوەی ژیانیدا کەسێکی سەخی تەبیعەتو نانبدە بووە، شاکیر فەتاح لە ڕێکەوتی (١٩٣٣/٨/١٦) سەردانی هەڵەبجەی کردووەو دوو ڕۆژ دواتر ڕۆیشتووەتە گوندی (دەرەشیش)، ئەم گوندە بە دووری (٣-٤)کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجە، چاوی کەوتووە بە (شێخ جافر) کە یەکێك بووە لە بەگزادەکانی هەورامانو سەر بە عادیلەخانمو کوڕەکانیو بەگزادەکانی هەورامان بووە، شاکیر فەتاح لە زاری ئەو شێخ جافرەوە باسی گەورەییو نانبدەییو ئەدەب دۆستیی (تاهیر بەگ)ی کردووە، ئەوەشی وتووە کە کاتی خۆی، خودی تاهیر بەگ خۆی شاگردەکان (خوێنکارەکانی نێو خوێندنگا تاقانەکەی هەڵەبجە)ی تاقی کردووەتەوەو لە گیرفانی خۆی پاداشتی کردوون. هەر ئەو شێخ جافرە خەفەتی بۆ ئەوەش خواردووە کە (مەسعود بەگ) ناتوانێت شوێنی پیاوێکی گەورەی وەك تاهیر بەگی باوکی بگرێتەوە[١٥٣].

پێشتریش شاکیر فەتاح خۆی لە ماڵی ئەحمەد موختاردا چاوی بە مەسعود بەگ کەوتووەو بەم شێوەیە باسی دەکات" لەو کاتەدا کە ئێمە لە ماڵی ئەحمەد بەگ دانیشتبووین، لەپڕ کوڕێکی (١٦) ساڵەی قەدو باڵاجوانی پەری ڕوو هاتە ژوورەوەو دەستی گوشین، ئێمەش جگەرەمان دایەو پرسیم کێیە؟ خۆی وەڵامیدایەوەو وتی:( من مەسعودی کوڕی تاهیر بەگ)م، بە ڕاستی دڵم ڕۆشنبووەوە، گەلێ قسەی خۆش خۆشی بۆ کردین، پێکەنینێکی هەبوو، کاری لە دڵی پیاو دەکرد، سەرگوزشتەی خۆی بۆ گێڕامەوە کە بۆچی وازی لە خوێندنگا هێناوە، بەڵام لە دواییدا تێگەیشتم کە سەرە واوێکی لە سکدا نییە، هەر لەملاو ئەولا دەسوڕێتەوە، منیش ئاخێکم هەڵکێشاو لە دڵی خۆمدا

---

152 شاکر فەتاح: س.پ، ل١٨

153 ه.س: س.پ، ل٢١-٢٢.

گوتم: داخەکەم تاهیر بەگی ناودار، کەسی نەبوو جێگای بگرێتەوە! ، ئەگەر ئەم کوڕە دایكو باوکی بمایە وازیان لیٚ نەدەهێنا هەتا پیاوێکی ناوازەی وەك باوکی خۆی لیٚ دەردەچوو، بەڵام وادیارە ئەحمەد بەگی مامی هیچ ئەوەی لێکنەداوەتەوە؟! یاخود لێکیداوەتەوە بەڵام بۆی نەچووەتە سەر"[154].

تایبەتمەندییەکی دیکەی تاهیر بەگ ئەوە بووە کە هەرگیز چاوی لە پۆستو پلەو پایە نەبووە، جارێك وەسمان پاشای باوکی داوای لیٚ دەکات کە بڕوات باجو سەرانەی ناوچەکانی شارەزوورو سەیدسادق کۆبکاتەوە، ئەگەرچی هەندێکیش دەڵێن پێی وتووە ببیٚ بە فەرمانڕەوای ناوچەکە، بەڵام گێڕانەوە مێژووییەکان پێمان دەڵێن ئەو کاتە نەك هەر سەیدسادق شار نەبووە، بەڵکو جگە لە هەبوونی سیٚ چایخانە کە لەسەر (چەمی چەقان)[155]دا بوون لەگەڵ چەند ماڵە دۆمو خەڕاتێکدا هیچی دیکەی وای لیٚ نەبووە، هەتا تاهیر بەگ بڕواتو ببێت بەفەرمانڕەوایی ئەو ناوچەیە، سەرباری ئەوەش ناوەرۆکی شیعرەکە راستیی بۆچوونی یەکەم دەسەلمێنێتو جێگەی مشتومڕ لەسەر ئەو بابەتە ناهێڵێتەوە. بەڵام تاهیر بەگ ئەم کارەی پێخۆش نابێتو پاش ئەوەی کۆڕەکە بەجیٚ دەهێڵێتو دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، بەم چەند دێڕە شیعرە وەڵامی داواکارییەکەی باوکی دەداتەوە:

سەد کە پاشای، حەزبکەی هەر جۆر موکافاتم ئەدەی
من قسەی حەق هەر ئەکەم ساچۆن موجازاتم ئەدەی

---

[154] هـ.س، ل١٣-١٤.

[155] چەمی چەقان ئەو چەمەیە کە قەزای سەیدسادقی ئێستا لە ناوەڕاستدا دەکات بە دوو بەشەوە، چەمێکی وەرزانەیەو تەنها لە وەرزی بەهارو لەو کاتانەی کە بارانی زۆردەبارێت لە زستاندا ئاوی پیادا دەڕوات، کاتی خۆی یەك کانی لەسەر بووە پیان وتووە (کانی وەسمان پاشای جاف)، لە کوردەواری خۆشماندا لەبەر چۆڵی ئەو ناوچەیە وتوویانە (چوومە چەمی چەقان چەقەڵ چەڵتووکی ئەتەقان)، بەڵام ئەم ناوچەیە لە دوای ساڵی(١٩٤٥بۆ١٩٤٦)ەوە ووردە ووردە ماڵی بۆ هاتووەو ئاوەدنکراوەتەوە تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٥٦دا کراوە بە ناحیە، لە ساڵی (٢٠٠٧)یشدا بە بڕیارێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ناحیەی (سەیدصادق) کراوە بە قەزاو مامۆستا (ئەرکان حەسەن غەفور) بووە بە یەکەمین قایمقامی قەزاکە.

مـــن بـــه تـــەختی خوســـرەوو جـــامی جیهـــانی تـــێ ئەگـــەم
تـــۆ بـــە مـــەئموورو ئیعانـــەی دۆمو خـــەڕاتم ئەکـــەی[156]
مـــن بـــە ســـەد میننـــەت لـــە نـــەحلی لێـــوی یـــاری خـــۆم ئـــەخۆم
تـــۆ بـــە شـــاگردی دوکـــانی مەروەقـــەو نـــانم ئەکـــەی
مـــن رەزا نـــابم بـــە نـــانی گەنـــدومی ئـــادەم فـــەریب
تـــۆ ئومێـــدی کوورەخانـــەی نانـــەوا خـــانم ئەکـــەی
مـــن لـــە شـــاهی خـــاوەن فیـــلو عەلـــەم پـــەروام نیـــە
تـــۆ بـــە ژێـــر دەســـتی پیـــادەو ئەســـپەوە مـــاتم ئەکـــەی
فـــی المثـــل مـــن موســـلیمم دەعـــوای موســـوڵمانیم هەیـــە
تـــۆ حەواڵـــەی مەســـئەلەی ئینجیـــلو تـــەوراتم ئەکـــەی
نـــەزمو نەســـری (تـــاهیر) ئیمـــڕۆ بۆتـــە ئـــەورادی زبـــان
تـــازە دێـــی فێـــری قەســـیدەو شـــیعرو ئـــەبیاتم ئەکـــەی

پاش ئەم وەڵامەی تاهیر بەگ، وەسمان پاشای باوکی بە شێوازو ئاخاوتنە جافییەکەی خۆی پێی دەڵێت: برا بگەڕێوە، شاعیری (یان شیعری) خۆت بۆ خۆتو سەی سایەقی خۆم بۆ خۆم[157]!

(عەلی ئەکبەرخانی سنجابی) ماوەیەك بەر لە مەرگی تاهیر بەگ هاتووەتە هەڵەبجە، باسی ئەوەی کردووە کە تاهیر بەگ ئەو ڕۆژانە سەرۆکی شارەوانی شارەکە بووە[158]، تا مردنیشی لەو پۆستەدا ماوەتەوە، بەڵام ئێمە نازانین لە کەییەوە ئەو پۆستەی وەرگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕاستییە دەزانین لە شارێکدا کە زۆربەی بەگزادەکانی جافی مورادی کردبوویانە نشینگەو شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیانو گرنگترین عەشیرەتی باشووری کوردستان بوون، هاوکات مەڵبەندی بەڕێوەبردنی تەواوی عەشیرەتەکە بووەو

---

[156] عەلادین سەجادی بەم شێوەیە ئەم دێڕەی هێناوە: من بە تاجی خوسرەویو جامی جیهان بێن گەف ئەکەم تۆ بە مامووری سەرانەی دۆمو خەراتم ئەکەی. (بڕوانە رشتەی مرواری، ب٥، ل٥٨-٥٩)

[157] هـ.س، ل٥٨-٥٩، حەسەن گۆران: س.پ، ل٨٥-٨٦.

[158] علی اکبرخانی سنجابی: س.پ، ل٥٤٢-٥٤٣.

لەنێو دڵی عەشیرەتەکەدا هەڵکەوتبوو[١٥٩]، فەرامۆشکردنی ئەوان لە بەڕێوەبردنی شارەکەدا لە لایەن دەسەڵاتدارانی تورکەوە کارێکی ئاسان نەبووە.

هەرچۆنێك بێت ئەو نەخۆشییە بەردەوامەی کە هەمیشە لەگەڵی بوو زۆر بواری تاهیر بەگی نەدا، لە کۆتایی ژیانیداو بە ماوەیەکی کەم بەر لە خۆرئاوابوونی یەکجارەکی دەسەڵاتی تورکەکان لەم ناوچەیەدا، تاهیر بەگ تووشی نەخۆشی (سیل) دەبێتو نەخۆشییەکەی تەنگی پێ هەڵدەچنێت، لەبەر خراپبوونی باری تەندروستی دەیبەن بۆ سلێمانیو هەر لەوێ لە تەمەنی (٤٠)ساڵیداو لە ڕۆژی ١٩١٨/١٠/٧دا کۆچی دوایی کردو تەرمەکەی برایەوە بۆ هەڵەبجەو لە گۆڕستانی گوندی عەبابەیلێ بە خاك سپێردرا[١٦٠].

تاهیر بەگ لە پاش مەرگی خۆی جگە لە دیوانەکەی کە بە ناتەواوی گەیشتووەتە دەستی نووسەران، کە بە هەر دوو زمانی کوردیو فارسی شیعری تێدایە، فەرهەنگێکی (کوردی، فارسی، عەرەبی و تورکی) لە دوای خۆی بەجێهێشتووە، لەم بارەیەوە حەمەبۆر دەڵێت" چەند دەسنووسێکی تاهیر بەگی جافم لە لای حیلمی بینیوە کە بە هۆی تێکەڵاوییو نزیکیی زۆری خۆی لەگەڵ بنەماڵەی تاهیر بەگ کەوتبوونە لای ئەو، لەوانە فەرهەنگێکی (کوردی، فارسی، عەرەبی و تورکی) بوو کە هەروەك (ئەحمەدی)یەکەی شێخ مارفی نۆدێ وابوو، ئەو فەرهەنگە هەر میسرەعێکی چوار وشە بوو، هەر وشەیەکیان بە زمانێك دانرابوو کە هەمان مانای هەبوو، لەگەڵ کەشکۆڵێکی شیعری کە شیعری مستەفا بەگی کوردیو زۆر شاعیری کوردیی تری تێدا بوو، ئەویشی لە لابوو لەماڵی تاهیر بەگی جاف وەریگرتبوو، ئەم کەشکۆڵە گرنگەش کەوتبووە لای حیلمی کە من خۆم بە چاوی خۆم ئەوەم لە لای بینیوە"[١٦١]. بەڵام تا ئێستا جگە لە دیوانەکەی نە فەرهەنگەکەو نە کەشکۆڵەکەی هیچ کامیان بڵاونەکراونەتەوەو ناشزانرێت لەدوای حیلمی چارەنووسیان بە کوێ گەیشتووەو چییان بەسەر هاتووەو کەوتوونەتە لای کێ.؟

---

159 ئیدمۆندس: س.پ: ، ل٨١.

160 د.مارف خەزنەدار: س.پ، ل٥٦٦، عەبدولکەریم حەمید عەبدولکەریم: س.پ، ل٩١، پ٥.

161 بە وەرگرتن لە ئازاد عەبدولواحید: هەڤپەیڤینێك لەگەڵ (حیلمی) شاعیری کۆچکردووی هەڵەبجەی شەهید، گۆڤاری رامان، ژ(١٤٠)، ٢٠٠٩.

## دووەم: عیزەت بەگ



عیزەت بەگ چوارەم کوڕی باوکیو دووەم کوڕی عادیلەخانمە، ساڵی ١٨٩٥ لە هەڵەبجە لە دایك بووە، بەو پێیەی کە باوکی دەسەڵاتدارێکی گەورەی ناوچەکەو خاوەن سەروەتو سامانو موڵکێکی زۆر بووە، مامۆستاو میرزای تایبەتی لەماڵەوە بۆ گیراوە، جگە لەو بابەتانەی کە لەو کاتەدا فێری فێرخوازان کراوە ، زمانەکانی فارسیو تورکی فێرکراوەو دواتریش زمانەکانی عەرەبیو ئینگلیزی فێر بووە.

پاشان باوکی ناردوویەتی بۆ سلێمانی بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو موڵکانەی کە لە ناو ئەو شارەو دەوروبەریدا بە تایبەتی لە ناوچەی (ئاوبارەو بەکرەجۆ) هەیانبووە. دواتریش هەندێك لە موڵکەکانی ناو شاریان کردووە بە قەیسەرییو دووکان، وەك (قەیسەری وەسمان پاشا)، هەروەها خانوویەکی گەورەشیان لە گەڕەکی (سەرگول)ی نزیك مزگەوتی دوو دەرگای شەقامی(نالی)ی ئێستا دروستکردووە.

عیزەت بەگ بەو پێیەی کە لە بنەماڵەیەکی ناودار بووەو خۆشی مرۆڤێکی لێهاتوو دنیادیدەو هاوکات یەکێك بووە لە پیاوماقوڵانی شاری سلێمانی، لە لایەن تورکەکانەوە کراوە بە سەرۆکی شارەوانی شاری سلێمانی[١٦٢]، بەڵام بە هەمان شێوەی تاهیر بەگی برای نازانین لە کەیەوە ئەو پۆستەی وەرگرتووە، بەڵام ئەوەندە دەزانین کە تا دوا رۆژەکانی دەسەڵاتی تورکەکان لەو پلەیەدا ماوەتەوە.[١٦٣]

هەروەك پێشر ئاماژەمان پێکرد عیزەت بەگ یەکێك بووە لەو چەند کەسەی کە ئینگلیزەکان بۆ شایەتیدان لە دژی شێخ مەحمود بە زۆر بردوویانن بۆ بەغداد[١٦٤].

---

162 عەبدولخالید صابر: سەرۆك شارەوانیەکانی شاری سلێمانی (١٨٩٠-٢٠٠٣)، کوردستان، ٢٠٠٣، ل٥٩-٦٠.

163 علی اکبرخانی سنجابی: س.پ، ل٥٤٥.

164 عادل صدیق، هەڵەبجە، ل١٠٨-١٠٩.

جارێکی دیکه له ڕۆژی ١٩٢٣/٦/٥ کراوەتەوە بە سەرۆکی شارەوانی سلێمانی، بەڵام زۆر لەو پۆستەدا نەمایەوەو ماوەی سەرۆکایەتییەکەی تەنها نۆ ڕۆژی خایاند، دواتر لابراوەو لەبری ئەو سەید ئەحمەدی بابا ڕەسوڵ دانراوە[١٦٥].

عیزەت بەگ ئەگەرچی خۆی شاعیر نەبوو، بەڵام زۆر ئارەزووی لە شیعرو ئەدەبیاتی گەلەکەی‌و گەلانی تر دەکرد، لەبەرئەوە هەمیشە دیوەخانی ماڵەکەی شوێنی کۆبوونەوەی شاعیران‌و نووسەرانی ئەو سەردەمە بووە، بەتایبەتی لەو کاتانەی کە ئەحمەد موختاری برای سەردانی شاری سلێمانی دەکرد، شاعیرانی ئەو هەردەم لە ماڵی براکەیدا سەردانیان دەکرد، ئیتر دیوەخانەکەی عیزەت بەگ بە خوێندنەوەی شیعری خۆیان‌و شاعیرانی بەناوبانگی کوردو فارسی پێش خۆشیان گەرم دەبوو، سەرباری ئەوانەش پیاو ماقووڵانی شارەکەو ناوچەکەش لەوانە (تۆفیق قەزاز،حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا، ڕەشید نەجیب، عەزمی بەگی بابان.....هتد) سەردانیان دەکرد

هەروەها پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ بەگزادەکانی بابان‌و ئاغاو شێخ‌و پیاوە ناودارەکانی شاری سلێمانیدا هەبووەو هەمیشە سەردانی یەکیان کردووە، ئەمە جگە لە کەسانی ناسراوو باڵادەستی شارەکانی هەولێرو کەرکوك‌و بەغداد کە بە بەردەوامی سەردانی عیزەت بەگیان دەکرد.

عیزەت بەگ لە ماوەی ژیانیدا لە چەند کۆمەڵەو ڕێکخراوێکدا ئەندام بووە گرنگترینیان (کۆمەڵەی کوردستان، کۆمەڵەی زانستی، هەیئەی وگنیە)، لە دوای ڕاپەڕینەکەی بەردەرکی سەرا یەکێك دەبێت لەو کەسانەی کە دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراقی بە تۆمەتی بەشداریکردن‌و هاندانی خەڵکی شاری سلێمانی ماوەیەك دەستگیری دەکەن.[١٦٦]

پاش سەرۆك شارەوانییەکەی ماوەیەك خۆی بە بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکانی‌و سەرپەرشتی کردنی موڵکەکانییەوە خەریك کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە کاری سیاسی‌و زانستی دانەبڕاوە. عیزەت بەگ لە خولەکانی هەشتەم (١٩٣٧/١٢/٢٣-

---

[165] هـ.س، ل١٧١.

[166] بڕوانە عادل صدیق: هەڵەبجە ، ل١١٩-١٢٠، ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: شاری سلێمانی ١٩١٨-١٩٣٠، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٢، د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ب١، بەغداد، ١٩٨٥، ل١٤٧-١٤٨.

١٩٣٩)و نۆیەم (١٢/٦/١٩٣٩- ٩/٦/١٩٤٣)و دەیەم (٩/١٠/١٩٤٣- ١/٥/١٩٤٤)ی پەرلەمانی عێراقدا وەك نوێنەری شاری سلێمانی ئەندام بووە. تا لە رۆژی ١/٥/١٩٤٤ کۆچی دوایی کردو لە (گردی حاجی عەولای گەورە) لە تەنیشت (حەفسەحان)[١٦٧]ی خێزانییەوە بە خاك سپێردرا[١٦٨].

## سێیەم/ ئەحمەد موختار جاف



ئەحمەد موختارجاف کوڕی وەسمان پاشای جافە، کوڕە بچووکی عادیلەخانمە، دوا منداڵی خێزانەکەیەتیو لە ساڵی (١٣١٦ك/١٨٩٨ز) لە هەڵەبجە لە دایك بووە.

ئەحمەد موختار بە هەمان شێوەی براکانی لە هیچ قوتابخانەو خوێندنگایەکی فەرمیدا نەیخوێندووە، قسەیەکیش هەیە کە دەڵێت ماوەیەك لە خوێندنگا حکومییەکەی هەڵەبجەدا خوێندوویەتیو دواتر وازی لێ هێناوە، ئیدی لەماڵەوە مامۆستای تایبەتی بۆ گیراوە، پاش ئەوەی قورئانو کتێبە وردەکان تەواو دەکات، دەست بە خوێندنی گوڵستانو خوێندنی کتێبە فارسیەکانی تر دەکات. ئەحمەد موختار زمانەکانی تورکیو فارسیو عەرەبی فێر بووە، زمانی فارسی زیاتر

---

[167] عیزەت بەگ لە ماوەی ژیانیدا دوو ژنی هێناوە، یەکەمیان حەفسەخان کە خەڵکی سلێمانییەو پێشتر ژنی مەجید بەگی برای بووەو دوای مردنی ئەو شووی کردووە بە عیزەت بەگ، حەفسەخان لە عیزەت بەگ دوو منداڵی هەبووە، ئەوانیش عەلی بەگ کە تا تەمەنی (٣٥)ساڵیش هەرلال بووە، لەگەڵ ئەختەرخان کە ژنی حەسەن فەهمی بەگی جاف بووە، ژنی دووەمی ناوی (زارا)یەوکچی مستەفا پاشای یامولکییەکە بە مستەفا نەمرود ناوی دەرکردبوو، زارا لە ئەستەمبوڵ لە دایك بووەو بەشێك لە ژیانی لەوێ بەسەربردوە، بە زارا زێڕینە بە ناوبانگ بووە، عیزەت بەگ لەم ژنەی منالی نەبووە، بەڵام زارا لە مێردی پێشووتری سێ کچو کوڕێکی هەبووە. زارا(یاخود زەهرە) بۆ رۆژگاری خۆی ئافرەتێکی مۆدێرن بووە، مامۆستای قوتابخانەی (الزهرائ) بوو کە یەکەمین قوتابخانەی کچانە لە مێژووی شاری سلێمانیدا (چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ حەمیدەی کچی ئەحمەدموختارجاف، ٢٤\٨\٢٠٠٨، سلێمانی، د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕەیەك، ب٢، ل٣٧١-٣٧٢)

[168] عەبدولخالید صابر: س.پ، ل٦٠-٦١.

لەسەر دەستی سلێمان بەگی باوکی گۆرانی شاعیردا فێرکراوە، کە میرزاو نووسەری تایبەتیی ماڵی وەسمان پاشا بووە، ماوەیەکیش لەگەڵ گۆرانی شاعیردا بەیەکەوە لە هەڵەبجە زمانی ئینگلیزییان خوێندووە. وەك روونبوەتەوە ژیانی سیاسی ئەحمەد موختار وەك لە هاتنی ئینگلیزەکان بۆ ناوچەکەو دامەزراندنی یەکەمین حکومەتی شێخ مەحمودەوە دەست پێدەکات، ئەحمەد موختار لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩١٩ـ١٩٢٥) قایمقامی هەڵەبجە بووە، ماوەیەکی کەمی ئەو قۆناغە نەبێت، بۆ نموونە ئەو ماوەیەی کە شۆڕشی یەکەمی شێخی تیادا بەرپا بوو، لایەنگرانی شێخ دەستیان بەسەر هەڵەبجەدا گرت، یاخود ئەو ماوە کەمەی کە لای شێخ مەحمود لە جاسەنە بەند بووە. لەوە بەدواش لە خولەکانی یەکەم (١٩٢٥/٧/١٦ـ١٩٢٨/١٠/٢٨)و خولی سێیەم (١٩٣٠/١١/١ـ١٩٣٢/١١/١)ی پەرلەمانی عێراقدا وەك نوێنەری شاری سلێمانی بەئەندام هەڵبژێردراوە[١٦٩].

ئەحمەد موختار لە مانگە دواییەکانی ساڵی ١٩٣٤دا لەگەڵ ژمارەیەك چەکداردا لە حکومەت یاخی بوونو چوونەتە شاخ، بەڵام ئەم چوونەدەرەوەیەیان هەمووی لە چەند مانگێك زیاتری نەخایاند، سەرئەنجام لە رۆژی ١٩٣٥/٢/٦دا لەسەر رووباری سیروانو لە نزیك گوندی مۆردینی چەند کیلۆمەترێك دووری باشووری شاری هەڵەبجە، ئەحمەد موختار لە لایەن پۆلیسی حکومەتەوە دەدرێتە بەرگوللەو بریندار دەکرێت، لەبەر خەستی برینەکەی دوای چەند سەعاتێك گیان لە دەست دەدات، پاشان تەرمەکەی دەهێننەوەو لە گۆڕستانی گوندی عەبابەیلێ لە تەنیشت هەر دوو گۆڕی عادیلەخانمی دایکیو تاهیر بەگی برایەوە بە خاکی دەسپێرن[١٧٠].

ئەحمەد موختار یەکێك بووە لە شاعیرانی کلاسیكو لەگەڵ ئەوەی کە بەشێکی زۆری شیعرەکانی دڵداریو تەڕو پاراون، لە هەمان کاتدا بەشێك لە شیعرەکانیشی نیشتیمانیو نەتەوەیین، هەروەها ئەحمەد موختار جگە لە دیوانە شیعرەکەی خاوەنی چەند بەرهەمێکی

---

[169] عادل صدیق: ئەحمەدموختار شۆڕشگێرشو، ل٣٣ـ٥٠.

[170] هـ.س ، ل٤٧ـ٥٠، هەڵەبجە، ل١٤٢ـ١٤٣، د.عیزەدین مستەفا رەسول: س.پ، ل٢٣.

دیکە بووە، چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان)ەکەی تا ئێستا هەر دیارە، ئەویش بە ناتەواوی بەدەستی نووسەران گەیشتووە[١٧١].

ئەڵبەتە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی ئەحمەد موختاری شاعیر زۆری بە بەرەوە هەیە لەسەری بنووسرێ، بەڵام بەو پێیەی کە ئێمە لە کتێبەکەی پێشوومانداو هەروەها لە نوسینێکی ئەم دواییەی خۆماندا کە تایبەت بووە بەژیانی سیاسی ئەو، بە وردی لەسەر ئەم بابەتە دواوینو زۆر لایەنی ژیانی ئەومان روونکردووەتەوەو هەڵوێستەمان لەسەر کردووە، بۆیە بە پێویستمان نەزانی لێرەدا جارێکی تر ئەو زانیارییانە بنووسینەوە.



[171] بۆ زیاتر زانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە عادل صدیق: ئەحمەدموختار شۆڕشگێڕو، ل٣٣ـ٥٠، د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ: س.پ، ل٤٠ـ٤١، شاکر فەتاح: س.پ، ل١٧.

## عادیلەخانم

## لە مەرگی وەسمان پاشاوە تا هاتنی ئینگلیزەکان

## ( ١٩٠٩ـ١٩١٨ )

لە دوای مەرگی وەسمان پاشاو دواتریش مەجید بەگی کوڕی راستە ئیدی دەسەڵاتیی کارگێڕیو بەرێوەبردنی شارەکە لەژێر دەستی ئەم بنەماڵەیە دەرچوو، بەڵام ئەمەش کاری نەکردە سەر بەرکەنارکردنو بە تەواوەتی لاوازکردنی دەسەڵاتی عادیلەخانم، ئەوان هێشتا هەر خاوەن عەشیرەتو هێزو چەکدارێکی زۆر بوون، پشت گوێ خستنو بەرکەنارکردنی ئەم هێزە گەورەش لە لایەن دەسەڵاتدارانی تورکەوە هەروا کارێکی ئاسان نەبوو.

لە دوای مەرگی مێردەکەی سەرەڕای ئەوەی هێشتا مەحمود پاشا وەك برا گەورەو زۆرێك لە بەگزادەکانی تری جاف لە شاری هەڵەبجەدا ئامادە بوون، لەگەڵ ئەوەشدا عادیلەخانم بە لێهاتوویيو زیرەکیی خۆی، توانی پارێزگاری لە دەسەڵاتی خۆی چ لەناو عەشیرەتو چ لە ناوچەکەدا بکات.

عادیلەخانم لە وەرزی هاوینو گەرمبوونی ئاوهەوای هەڵەبجەدا، دەڕۆیشت دەچووە هاوینەهەوارەکانی گوندەکانی هەورامانی نزیك هەڵەبجە، بە تایبەتی گوندی تەوێڵە، هەواری هاوینەی خانمو بەگزادەکانی تری لێ بوو، ئەو گوندە یەکێك بوو لە گوندە خۆشو دلڕفێنو گەورەکانی هەورامانی لهۆن (هەورامانی ئەم دیوو)،ماڵی شێخ عەلی لێ بوو. هەندێك جار خانم لەوەش زیاتر دەڕۆیشتو هەواری هاوینەی خۆی دەبردە هەورامانی تەخت(هەورامانی ئەودیوو)، نزیکەی (٣-٤) مانگ لەو هاوینە هەوارە فێنكو کوێستانانەدا دەمایەوە[١٧٢].

مینۆڕسکی گەورە کوردناسی رووسی لە بارەی خانمەوە دەڵێت" لە ساڵی ١٩١٤داو لە شارە بچکۆلەکەی هەڵەبجەدا لە نزیك سلێمانییەوە چاوم بە عادیلەخانی بەناوبانگو

---

[172] میجرسون: رحلە متنکر، ج١، ص ٢، ٢٨-٢٨٢، مەیجەرسۆن، سلێمانی ناوچەیەك، ل٦٠، عادل صدیق، هەڵەبجە، ل٨٠-٨١.

بێوەژنی وەسمان پاشای جاف کەوت، کە هەر لەپێش چەند ساڵێکەوە سەرۆکی راستەو دروستی ناوچەکە بوو، چونکە مێردەکەی هەمیشە لە ماڵەوە نەبوو. بەڵام لە ئێستادا حکومەتی تورکی فەرمانبەرێکی بە رەگەز تورکی ناردووە بۆ هەڵەبجەو ئەمەش بووەتە هۆی دوورخستنەوەی عادیلەخانم لە فەرمانڕەوایەتی، بۆئەوەی تاڕادەیەك بە ئاسوودەیی بژی، ئەم ژنە بە شێوازێکی باش پارێزگاری لە خۆی کردووە، جارێکیان هات بۆ لامان کۆمەڵێك بووكو خزمەتکاری لەگەڵدا بوو، بە خۆشییەوە قایل بوو کە وێنەی بگرین. دواتر بە نامەیەکیش کە بە زمانی فڕەنسی نووسرا بوو سوپاسی کردبووم، لە بەرامبەر ئەو دیارییانەی کە پێشکەشی کوڕەکەیم کرد بوو. دواتر دەرکەوت کە ئەو نامەیە گەنجێکی کورد نووسی بووی کە لە شاری سنە لە لای موژدەدەرە فڕەنسییەکان خوێندبووی" جگە لەوە مینۆڕسکی (خانم) بەخاوەنی هەڵەبجە ناو دەباتو زۆر لە رێزگرتنو میوانداریيەکەی رازی بووە[١٧٣].

جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین لە دوای ئەو سەردانەی مینۆڕسکی وپاش گەڕانەوەی بۆ وڵاتەکەی ، بەهۆی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان خانمو مینۆڕسکیدا کە لە ئەنجامی ئەو سەردانەوە هاتووتە کایەوە ئاڵوگۆڕی نامە لە نێوان هەردوولادا هەبووە! هەتا ساڵی ١٩٢٤ کە عادیلەخانم کۆچی دوایی کردووە، بە وتەی (د.عەبدوڵڵا مەردۆخ) چەند جارێك لە پاریسی پایتەختی فڕەنسا چاوی بە کوردناسی رووسی (ڤاسیلیڤا) کەوتووە، ناوبراو بە (د.عەبدوڵڵا)ی راگەیاندووە کە بە چاوی خۆی ئەو نامانەی لە کتێبخانەکەی (مینۆرسکی)دا بینیوە، کە لە نێوان عادیلەخانمو مینۆڕسکی دا ئاڵوگۆڕ کراوە، بەڵام نەیوتووە ناوەڕۆکی ئەو نامانە سەبارەت بە چی بوونو چییان تێدا باسکراوە[١٧٤].

بە داهاتنی ساڵی ١٩١٤ باشووری کوردستان وەك هەڕەشەیەکی گەورە لە رووی تورکیادا وەستا بوو. پاش راپەڕینەکەی شێخ عەبدولسەلام، کاربەدەستانی تورك هێندەی تر دەستی زۆرداریو خراپەیان لەسەر شانی هۆزەکانی کورد قورستر کرد. لەمەشدا زیاتر ئامانجیان ئەوە بوو دەسەڵاتی نیمچە سەربەخۆی سەرۆك خێڵەکانو شێخەکان لەناوبەرن،

---

[173] کورد، ل١٦٣-١٦٥، واسیلی نیکیتین: س.پ، ل٣٠٦.

[174] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ د.عەبدوڵڵا مەردۆخ، سلێمانی، ٢٨/٤/٢٠٠٩.

بەڵام ئەنجامی ئەم نیازە بە پێچەوانەوە هاتەدی، بیروباوەڕی نەتەوەیی‌و هووشیاربوونەوە لەناو کوردەکانی باشووری کوردستاندا پەرەی سەند. چەند سەرۆکێکی گەورەی کورد لەوانەش مەحمود پاشای سەرۆکی عەشیرەتی جاف کە ئامانجیان پاراستنی (سەربەستی کورد) بوو[١٧٥] هەمیشە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا لە ململانێ‌و دووبەرەکیدا بووە و دانوویان بەیەکەوە نەکولاوە[١٧٦].

لەگەڵ دەست پێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، تورکەکان داوایان لە عەشیرەتی جاف کرد وەك هەموو عەشیرەتەکانی دیکەی کوردستان یارمەتییان بدەن‌و هاوکارییان لەگەڵدا بکەن، مەحمود پاشای جافیش لەبەر هەستی ئاینی‌و لەسەر داخوازی تورکەکان هەزار سوار جافی بە سەرۆکایەتی حەمەعەلی بەگی کوڕی‌و کەریم بەگی فەتاح بەگی برازای نارد بۆ شەڕی شوعەیبەی نزیك شاری ناصرییە، لە نیسانی ساڵی ١٩١٥ دژی ئینگلیزەکان، کە تورکەکان تیایدا بە خراپی تێکشکان، جارێکی تر تورکەکان داوایان لە مەحمود پاشاو سەرۆك هۆزەکانی دیکەی کوردستان کرد کە بۆ رووبەڕووبوونەوەی رووسەکان یارمەتییان بدەن، جافەکانیش لەسەر فەرمانی مەحمود پاشا بە سەرکردایەتی (عەلی بەگ‌و حسەین بەگی کوڕانی خۆی‌و تاهیر بەگی برازای‌و حسەین بەگی حەسەن بەگ‌و حەمەسەعید بەگی حەسەن بەگ‌و وەلەد بەگ‌و عەلی بەگی ئەحمەد بەگی وەلەد بەگ) دژی رووسەکان بەشداری شەڕیان کرد، ئەم شەڕە لە نزیك شاری سەقزو لە ناوچەی (قاتان قۆری) روویداوەو شێخ مەحمودیش تیایدا بەشدار بووە، لەم شەڕەدا تورکەکان بە هاوکاری هۆزە کوردەکان توانییان بەربەستێك لە رووی هێرشی رووسەکاندا درووست بکەن[١٧٧] و توانییان هەردوو شاری (سەقزو بۆکان) لە رووسەکان وەربگرنەوە، بەڵام دواتر لەجیاتی پاداشت (عەباس حیلمی) فەرمانددەی سوپای تورك نزیکەی (١٦) کەسی لە سەرانی جاف کە لە بانە بوون، بە تاوانی کەمتەرخەمی دەستگیرکردو لە ماوەی شەوێکدا لە سێدارەیدان، بەو هۆیەشەوە شێخ مەحمودو ئەو هێزە عەشایەرە کوردەی کە

---

175 م.س.لازاریف: کێشەی کورد (١٨٩٦-١٩١٧)، و.کاوس قەفتان، ب١، مگبعە الجاحف، بەغداد، ١٩٨٩

176 ه.س، ل١١٨.

177 کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف: س.پ، ل٨٤، ٨٦، د.کەمال مەزهەر، کوردستان لە ساڵەکانی، ل٦٠-٦٦.

لەگەڵیدا بوو زۆر دڵگران بوونو، بڕیاریاندا هەموویان لە مەیدانی جەنگ پاشەکشە بکەن[178].

راستیشت دەوێ نە دەوڵەتی عوسمانیو نە عەشیرەتی جاف هیچ کامیان لە یەکتر دڵنیا نەبوون، بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی کوردی هیچ جۆرە هەستێکی خۆشەویستیو دۆستانەیان بەرامبەر بە تورکەکان نەبووە، ئەو حکومەتەی هیچ باشەیەکیان لێ نەدی بوو بە پێچەوانەوە چاوەڕێی بوون خراپەیان لێ بووەشێتەوە، بۆ نموونە سەرەڕای ئەو چەكو جبەخانە زۆرەی کە داویانە بە چەند عەشیرەتێکی کورد لەوانەش جاف، کەچی کوردەکان بەرامبەر بە تورکەکان هەر ناحەز بوون[179]. ئەوەتا مەحمود پاشا لە لای عەلی ئەکبەرخان ئەوەی درکاندووە کە ئەگەر تاهیر بەگی برازای نەبووایەتە رێگر لەبەردەمیدا، تا ئەو کاتە نەیدەهێشت تاکە کەسێکی عوسمانی لە ناوچەکەدا بمێنێت، داواشی لە عەلی ئەکبەرخان کرد کە هەر کاتێك رۆیشت بۆ سلێمانییو کەرکوك هەوڵبدات پلەی قایمقامێتی هەڵەبجەی بۆ وەربگرێت[180]،ئەم قسەو گفتوگۆیانەی نێوان ئەم دوو کەسایەتییە لە کاتێکدا بووە کە هەمووی چەند رۆژێکی کەمی بۆ ئاوابوونی خۆری دەسەڵاتی تورکەکان مابوو لەم ناوچەیەدا بە یەکجاری.

دیارە پێدانی ئەوچەکانە هەر لەخۆڕا نەبووە، بەڵکو بۆ ئەوە بووە کە جافەکان لە بەرەکانی جەنگدا لە بەرامبەر سوپاکانی ئینگلیزو رووسدا یارمەتییان بدەن، جێگەی خۆییەتی ئاماژە بەوە بکەین کە (عادیلەخانم)یش هەمان هەستی مەحمود پاشاو بەگزادەکانی تری جافی بەرامبەر بە تورکەکان هەبووە، چونکە سیاسەتی ئەو، سیاسەتی عەشیرەتەکەی بوو، بە پێچەوانەشەوە هەر راستە.

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا لە دوای کارەساتەکەی (ماهی دەشت) کە لە لایەن ئینگلیزەکانەوە بەسەر عەشیرەتی سنجابیدا هێنرا، عەلی ئەکبەرخان لەگەڵ (٦٠) سواری

[178] عەبدولعەزیز یامولکی: کوردستانو راپەڕینەکانی کورد، و.شێرزاد کەریم، چ١، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ل٦٣، یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید لەسەر شۆڕشەکانی شیخ مەحمودی حەفید، چ١، ١٩٩٥، ل٢٧.

[179] م.س.لازاریف: س.پ، ل٣٢٤-٣٢٥.

[180] علی اکبرخانی سنجابی: س.پ، ل٥٤٤.

عەشیرەتەکەیدا پەنایان بردەبەر دەوڵەتی عوسمانی، بەو هیوایەی کە تورکەکان بتوانن هاوکارییان بکەن، ئەمانە لەسەر داوای کاربەدەستانی عوسمانی هاتنە شاری هەڵەبجە.

عادیلەخانم وەك خاوەنی هەڵەبجە و کەسی یەکەم لە شارەکەدا بۆ ڕێزگرتن‌و میوانداری کردن لە ئەوان، ئەو ڕۆژەی کە گەیشتە شارەکە، قایمقامی شارەکەو تەواوی دەسەڵاتداران‌و گەورە پیاوانی شارەکەی بۆ ماڵی خۆیان بانگێشت کرد بوو[١٨١].

عەلی ئەکبەرخان‌و هاوڕێکانی ماوەی (١٨) ڕۆژ لە هەڵەبجەدا ماونەتەوەو بە درێژایی ئەو ماوەیە لە ماڵی عادیلەخانم میوان بوون، لەو ماوەیەدا چ عادیلەخانم خۆی‌و تاهیر بەگی کوڕی، چ کەسانی ترو خزمەتکارەکانیان بەوپەڕی میهرەبانی‌و سۆزو خۆشەویستییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون، تەنانەت بۆ ڕێزگرتن لەئەوان هەمیشە کۆمەڵێك لە بەگزادەکانی جافی مورادی‌و خودی مەحمود پاشا ئامادەییان هەبووە.

عەلی ئەکبەر خان زۆر بەڕێزەوە باسی لەو میوانداری‌و ئەو ڕێزگرتنەی ئەوان لە لایەن عادیلەخانم‌و بەگزادەکانی تری جافەوە لەو ماوەیەدا کردووە، تا دەگاتە ئەوەی کە بڵێت" لە ڕاستیدا هەرچەند لەسەر ڕێزو گەورەیی ومیوانداری ئەو شێرە ژنە بنووسرێ هێشتا کەمەو کۆتایی نایەت" [١٨٢]. ئەگەر ئەوەش بۆ قسەکانمان زیاد بکەین کە ئەم وتەو نوسینانەی عەلی ئەکبەرخان گەواهی سەرۆك عەشیرەت‌و گەورە پیاوێکی کوردە لە بارەی کەسایەتی عادیلەخانمەوە.

هەولێر کتێبخانەی کتێب

---

181 علی ئەکبەرخانی سنجابی: س.پ، ل٥٣٥.

182 ه.س، ل٥٤٢-٥٤٣.

هەواڵنامەی کتێب

## شێخ ڕەزا لە دادگای عادیلەخانمدا

ژنانی هۆزەکانی جاف لە ژنەکانی تری کورد زیاتر نازدارتربوون و سەربەستییان هەبووە، هەر لەبەر ئەوەش شوێنێکی شیاویان بۆ خۆیان دابین کردووەو هەمیشە لە کاروباری ماڵ و منداڵ و خێزانیاندا خاوەن قسەو بۆچوونی خۆیان بوون بە تایبەتی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانداو بگرە تاڕادەیەك لە کاروباری سیاسیو عەشیرەتگەریشدا[١٨٣].

لە رابردوودا لەنێو خێزانە گەورەو دەوڵەمەندە کوردەکاندا، پیاو تەنها یەك ژنی هەبووەو بە دەگمەن ژنی دووەمی هێناوە، جافەکانیش لە پەیڕەوکردنی ئەم نەریتەدا ڕیزپەر نەبوون، لەنێو ماڵە دەوڵەمەندەکاندا کە بیانووی ماڵ هەبووەو خزمەتکار لە خزمەتی دابووە، پیاویش هەموو کارێکی نێو ماڵی بۆ ئەو بە جێ دەهێشتو دەیخستە ژێر دەستییەوە، کوردناسەکان بە سەرسوڕمانەوە سەرنجی ئەم رەفتارو داب‌ونەریتەی کۆمەڵگەی کوردیان داوەو بەو دەرئەنجامە گەیشتوون، کە ژنی کورد ژیرو بە توانایەو لە رەگەزی خۆیدا سەربەخۆیی و گیانی هاوبەشی تا رادەیەکی زۆر لە ژنانی عەرەب و تورك بەرزترە. لەو جۆرە ژنە نموونەییانەش عادیلەخانمی خێزانی وەسمان پاشای جاف بەلایانەوە نموونەیەکی هەرە دیارو بەرچاو بووە[١٨٤].

عادیلەخانم لە ماوەی ژیانیدا ژنێکی قسە خۆشو خاوەن ئەرباب بووەو ئامادەی نێو کۆڕو کۆبوونەوە بووەو هەمیشە دیوەخانی گەرم بووە، لەگەڵ وتەی شیرینو پەندو ئەدەبو شیعردا سەودای هەبوو، هەمیشە دیوەخانەکەیان شوێنی کۆبونەوەی شاعیرانو ئەدیبانی هاوسەردەمو هاوچەرخی خۆیان بووە، گەلێك لە شاعیران هاتوچۆی دیوەخانەکەیان دەکردو لەگەڵ هەندێکیاندا نێوانیان زۆرخۆش بووەو لە نزیکەوە

---

[183] جەمال بابان: گەشتێ بەناخی تەمەندا، چ١، چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٤٠.
[184] مەیجەرسۆن: سلێمانی ناوچەیەك، ل١٥٦-١٥٧.

پەیوەندیو دۆستایەتییان هەبووە[١٨٥]، لە لایەکی ترەوە خانم ژنێکی دڵو دەروون باش بووەو هەمیشە هاوکاری هەژارانو نەدارانی شارەکەی کردووە، بە شێوازێك لە سالآنی جەنگی یەکەمی جیهانیدا کە برسێتیو قاتو قڕیو گرانی باڵی بە سەر ناوچەکەدا کێشا بوو، خانم بڕیاریدا هەتا گرانییەکە تەواو دەبێت، هەفتانە حەوت سەر مەڕ سەرببڕێتو گۆشتەکەی بەسەر خەڵکی فەقیرو هەژاری شارەکەدا دابەش بکرێت[١٨٦].

محەمەد پاشاو مەحمود پاشاو وەسمان پاشا پەیوەندییەکی نزیكو دۆستانەیان لەگەڵ شاعیرانی وەك (مەولەوی، شێخ رەزا، مەلاحەمدون، پیرەمێرد، بێخود، عەبدوڵڵا گۆرانو سلێمان بەگی باوکی)و گەلێك شاعیری تردا هەبووە، بە جۆرێك عەبدوڵڵا بەگو سلێمان بەگی کوڕی لە دوای یەك نووسەر(میرزا)ی تایبەتی ماڵی وەسمان پاشای جاف بوونو نازناوی کاتب فارسیان هەبووەو هەردوو شاعیری بنەماڵەی بەگزادەی جاف (تاهیر بەگی جافو ئەحمەد موختارجاف) زیاتر لەسەر دەستی ئەواندا پێگەیشتوون[١٨٧].

شێخ رەزا یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە ساڵێکدا چەند جارێك بۆ دیدەنی کردنی مەحمود پاشاو وەسمان پاشای برای و گەورە پیاوانی ناوچەکە سەردانی هەڵەبجەی دەکرد، مەحمود پاشای زۆر خۆش دەویستو[١٨٨] لەگەڵ وەسمان پاشاشدا سەرو سەودای گەرم بوو، هەروەها لەگەڵ عادیلەخانمی خێزانیشیدا ئەو ناسراوییەی هەر هەبوو، ئەوانیش هیچ کات بەدەستی بە تاڵ نەیان دەگەڕاندەوەو لەکاتی گەڕانەوەیدا بڕێك پارەو خۆراکی پێویستیان پێدەدا، بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بیباتەوە، جارێك شێخ رەزا سەردانی هەڵەبجە دەکاتو

---

[185] عەبدولکەریم حەمید عەبدولکەریم: س.پ، ل٢٦.

[186] بەکرحەمەصدیق عارف: س.پ، ل٦٣.

[187] عادل صدیق: هەڵەبجە، ل٧٤-٧٥.

[188] ئەو خۆشەویستییەی بە شێوەیەك بووە بۆ مەحمود پاشا، لە کاتی ئەو ناکۆکییەی کە لە نێوان مەحمود پاشاو عوسمان پاشا پەیدا بووە، عوسمان پاشا داوای لە شێخ رەزا کردووە کە بە شیعر هەجووی مەحمود پاشای برای بکاتو توانجی تێبگرێت، بەڵام شێخ رەزا نەك هەر هەجووی مەحمود پاشای نەکردووە، بەڵکو لە دێڕە شیعرێکیدا کە بە زمانی فارسی نوسیوویەتی بەم شێوە باس لە گەورەیی مەحمود پاشا دەکات: بە مەحمودی مراروی نیازانست کە سعد محمود در پیشنپ ایازانست.

واتە: من رووی داوام لە (مەحمود)ێکە سەدی وەك شاه مەحمود (سوڵتان مەحمودی غەزنەوی) وەك ئەیازی وەزیری سوڵتان مەحمود وایە لە بەردەم سوڵتان مەحموددا (مەلا عەبدولای زێوەر: گەنجینەی مەردانو یادداشتی رۆژانی دەربەدەری، ئامادەکردنی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی الادیب، بەغداد، ١٩٨٥، ل٧٨.

عادیلەخانیش بە گەرمی پێشوازی لێ دەکات، شێخ ڕەزاش ئەم دێڕە شیعرەی لە ستایشی ئەو هەڵوێستەی خانمدا داناوە:

قامەتی بێشك نەمامی عەرعەرە یا سەوسەنە

دەك فیدای نازو گریشمەت بم پەریزادەی سنە

شاعیر ئەم شیعرەی لە وەسفی بەژنو باڵای عادیلەخانمدا وتووە، لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئەم جۆرە پیاهەڵدانە کارێکی شەرم بووە، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە خانمو وەسمان پاشای مێردیشی ئەم دێڕە شیعرەیان بە ستایش داناوەو سوپاسی شێخ ڕەزایان کردووە، خۆ ئەگەر هەموو کەسێك بەم شێوەیە سەیری ئەو شیعرە بکات مانای ئەوەیە کۆمەڵگەی ئێمە پێشکەوتووە[١٨٩].

ڕۆژێك شێخ ڕەزا لە کاتی وتووێژکردندا ڕوو دەکاتە وەسمان پاشاو پێی دەڵێت "پاشام تۆ ئەرکێکی زۆری عەشیرەتی جافت لەسەر شانە، ئەم عەشیرەتە گەورەیە بەڕێوەبردنی ئەوێ، ئەم دیوەخانی دەواری دوانزە هەستونییە بەڕێوەبەرێکی تری ئەوێ، تۆ خۆتت کەنار گرتووە، خانم کاروباری عەشیرەت بەڕێوە دەبات، لە ڕاستیدا سەرپەرشتی دیوەخانو میوانو میوانداریش دەکات، بەڵام ئەمە بۆ ئەو ئەرکێکی زیاد لە تاقەتە، خواش قبوڵی نییە، خانەدانو بنەماڵەی بەناوبانگ زۆرە لەم کوردەوارییە، دەتوانیت ژنێکی تر لە یەکێك لەو خانەدانانە بهێنیت ئەو سەروکاری دیوەخانو میوانداری بکات، ئەوکات خانمیش یەکچاو دەبێتەوە بۆ عەشیرەتدارییەکەو بەڕێوەبردنی ئەم تۆپی جافە!" شێخ ڕەزا بەم جۆرە دڵی وەسمان پاشای کرمێ کرد.

ئەم قسەیە بە عادیلەخانم گەیشتەوە، ئەم قسەیەی شێخ ڕەزا خانمی زۆر توڕەو نیگەران کرد، بۆیە ناردی بە شوێنیداو هێنایان، خانم ڕوو دەکاتە شێخ ڕەزاو پێی دەڵێت" شێخ ڕەزا، تۆ چۆن قسەی وا لە لای پاشا دەکەی؟ من کە (عادیلەخان)بمو لە بنەماڵە گەورەکانی (سنە)بمو بەڕێوەبردنی عەشیرەتداریم پێ بکرێ، چۆن دیوەخانو میوانداریم پێناکرێت؟! شێخ ڕەزاش دەڵێت" خانم من قسەی وام نەکردووەو ئەمە درۆیەو بۆیان هەڵبەستووم!

---

[189] د.مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٤، ل٣٠٠، عەلادین سەجادی: مێژووی ئەدەبی، ل٤٧٣، ڕشتەی مرواری، ب٨، ل٤٧٨.

خانم دەڵێت: چۆن؟ لەوانەیە من ئەمەم لە ناو چاوی پاشاوە خوێندبێتەوە!

شێخ ڕەزاش دەڵێت" خانم ئەمەی ناوێ لەگەڵ پاشا ڕووبەڕوومان بکەرەوە، ئەگەر من قسەی ئاوام کرد بوو، ئەو کات تۆ مافی گلەیت هەیەو دەتوانیت ئەوەی لە دەستت دێ بەرانبەر بە من بیکەی، (خانم)یش دەڵێت: باشە.

ڕۆژی دواتر عادیلەخانم کۆڕێکی سێ قۆڵی بۆ خۆیو شێخ ڕەزاو وەسمان پاشای مێردی ڕێکدەخاتو سێ بە سێ کۆدەبنەوە، خانم دەڵێت" شێخ ڕەزا ئەوە تۆو ئەوەش وەسمان پاشا! فەرموو قسەکانی خۆت بگێڕەرەوە، شێخ ڕەزاش دەڵێت: قسەی چی خانم؟

خانم دەڵێت: ئەو قسانەی کە هانی پاشا ئەدەی ژنی تر بهێنێت، شێخ ڕەزاش دەڵێت: خانم ژنی تری چی؟ ئەوە پاشا خۆی بە رووەوەیەو ئەوە تۆش دانیشتووی، پاشا وەك من لە ناو چاویدا خوێندبوومەوە، دەیویست ژنێکی تر بێنێ بۆئەوەی ئەو خەریکی دیوەخانو میوانداریی بێت، تۆیش سەروکاری عەشیرەتەکەت بکەی، چونکە تۆ ئەرکێکی زۆرت لەسەر شانە، منیش وتم: پاشا شتی وامەکە، هەویە لەنێو یەکدا رێکناکەوێ، ئەوەی بە خانم دەکرێ بە کەسی تر ناکرێت، ئەگەر ژنێکی تر بهێنێت بە دەستیانەوە وەکو تۆپی منداڵانت لێ دێت، ئەم فرێت ئەداو بۆ ئەوو ئەو بۆئەو! ئەگەر دوو ژنی تر بێنیت وەك مەنجەڵی سێ کوچکەی سەر ئاگردانت لێ دێت هەر دەبێت دەست بکەی بە کوڵانو جۆشدان بەسەریانەوە هیچیشت لە دەست نایەت، ئەگەر سێ ژنی تر بهێنیت وەك چوار گوریسی دەوارت لێ دێت هەریەکەیان بە لایەکدا ڕاتدەکێشێتو تۆیش لەو نێوانەدا پرزەت لێ دەبڕێت! . شێخ ڕەزا ڕووی کردە خانمو وتی: خانم من ئەمەم وتووە!

خانم ڕەنگێکی سوورو گەشی هێنایەوەو هەر لەو کاتەدا خانم بانگی کرد خەڵاتێکی باشیان بۆ شێخ ڕەزا هێناو پاشان وتی هەر کاتێ ڕۆیشت لە بڕویشو کەشکو دۆینەشی بۆ بارکەن با شێخ ڕەزا لەگەڵ خۆیدا بیباتەوە، خانم وتی: شێخ ڕەزا تۆ هەر قسەی وابکە.

شێخ ڕەزاش وتی: چۆنی ناکەم خانم؟! لەو لاشەوە وەسمان پاشا ڕەنگ لە روویدا پەڕی بوو، پاشا ڕووی کردە شێخ ڕەزاو وتی: خوابتگری شێخ ڕەزا تۆ کەی لە لای من وات وت؟ تۆ خۆتت رزگار کردو منت تووش کرد!

شێخ ڕەزا وتی: وەسمان پاشا تۆ هیچت لە دەست نابێتەوە، هەموو شتێك هەر شایەنی خانمە، بە خودا سا هەموو جارێك من هەروا قسەی بۆ دەکەم، جاتۆیش کەیفی خۆتە![190].

وەك (محەمەد سەعید جاف) بۆمان دەگێڕێتەوە لەو کاتەی کە هەواڵی مەرگی شێخ ڕەزا لە بەغداد بە عادیلە خانم دەگات، بە ئەندازەی مەرگی یەکێك لە گەورە پیاوانی جاف داخ‌و خەفەتی بۆ خواردووەو بۆی دڵ تەنگ بووە[191]. دوای مەرگی شێخ ڕەزا فەقێ ڕەشید ناوێك کە لە بنەڕەتدا خەڵکی سلێمانی بوو زۆر تامەزۆی شیعرەکانی شێخ ڕەزا بووەو ویستوویەتی شیعرەکانی کۆبکاتەوە، یەکێك لەو شوێنانەی کە سەردانی کردووە هەڵەبجە بووە، چونکە زانیوویەتی لە کاتی خۆیدا شێخ پەیوەندییەکی توندو تۆڵی لەگەڵ بەگزادەکانی جافدا هەبووەو ساڵانە سەردانی ئەو شارەی کردووە، فەقێ ڕەشید ڕوودەکاتەماڵی عادیلە خانم بۆئەوەی یارمەتی بدەن، وەك تایبەتمەندی سەرۆکەکانی جاف خانم زۆر ڕێزی لە فەقی ڕەشید گرت، ئەویش لە بەمەستی هاتنی خۆی ئاگاداری کردەوە، خانم لە وەڵامدا پێی وت" ئەو پیاوە زانایە زۆر دۆستی من‌و پاشای ڕەحمەتی بوو، لەپاش مەرگی پاشا(١٩٠٩)، هەموو ساڵێك سەری لە من دەدا، کاتێك هەواڵی لە دونیا دەرچوونی شێخم بیست، زۆر دڵتەنگ‌و نیگەران بووم"، بۆ بەجێهێنانی مەبەستەکەی فەقێ ڕەشیدیش، خانم فەرمانیدا کەشکۆڵی میرەکانی جاف هەمووی کۆبکەنەوە. خانم فەرمانی پێدا هەر لە ماڵی خۆیاندا ئەو زانیاریی‌و شیعرانە تۆمار بکات، چونکە لە ترسی فەوتان ماوە بە هیچ کەس نادات بیان بینیێ‌و بیان باتە دەرەوە، هەروەها خانم وتی" لای من ئەم کەشکۆڵانە لە هەرچی ماڵ‌و موڵك‌و دارایی بەگزادەکانی جاف هەیە بەنرخترە"، دواتر خانم پێی ڕاگەیاند زۆرجار شێخ سەردانی کوردستانی ئێرانی کردووەوبە تایبەتی چووە بۆ سنەو لەوێشەوە بۆ تاران، بەو پێیەی کە تەکییەی تاڵەبانی لە سنە هەیەو دەستەو دەروێشی زۆری هەیە، زۆر کەس شیعری شێخ ڕەزایان نووسیووەتەوە. فەقێ ڕەشید داوای هاوکاری لە خانم کرد، خانمیش بەو مەرجە یارمەتیدا کە لە گەڕانەوەیدا هەر زانیارییەکی

---

[190] عەلادین سەجادی: رشتەی مرواری، ب٨، دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٤٧٨-٤٧٩.

[191] ئاوارە، ل٢٥٢.

تازەی لەسەر شێخ دەستکەوت بە دەستی خۆی لە کەشکۆڵەی عوسمان پاشادا یاداشتی بکات.

خانم سەد لیرەی بە فەقێ رەشید بەخشیو دوو نامەشی پێدا بۆ ئەوەی بیدات بە فەرەیدون خانی وەزیریی لە سنەو سوڵتانی هەورامان بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن، هەروەها دوو سواریشی (لالە فەتاحی عەلیو بلەی حەمە بۆر)ی لەگەڵدا نارد، ئەمانە رۆیشتنو پاش چەند رۆژێك لەسەر فەرمانەکەی خانم گەڕانەوە بۆ هەڵەبجە، بە ووردی خانمیان لە چونییەتی رۆیشتنەکەی خۆیان ئاگادار کردەوەو پێیان راگەیاند هەموو شتەکان بەرێکی بەڕێوە چوون و لەلایەن ئەو کەسانەی کە سەردانیان کردوون زۆر هاوکاری کراون تەنها پیاوێك نەبێت لە شاری سنە بە ناوی فەقێ حەسەن (حەسەنی مەلا شەریفی کوردستانی) کە لە کاتی خۆیدا لەگەڵ شێخ رەزادا شەڕە شیعری هەبووەو دڵی شێخ رەزای بریندار کردووە.

رۆژێك شێخ رەزا لەگەڵ مەلا ئیحسان کە یەکێك بووە لە زانا ئاینییەکانی شاری سنەو دۆستی شێخ رەزا بووە، دەڕۆن بۆ مزگەوت ئەو فەقێ حەسەنە وەك چاڵێك پیسایی بۆ شێخ رەزا تەڵەیەك هەڵدەکەنێت، شێخ دەکەوێتە ناو چاڵەکەوە، ئەو کارەی فەقێ حەسەن شێخ رەزای زۆر تورەو نیگەران کرد، دواتر شێخ رەزا بە شیعرێك بە ناونیشانی (هەتیوێکی سنەیی) هەجووی فەقێ حەسەنو هەموو خەڵکی شاری سنە دەکات، هەر کە فەقێ حەسەن دەزانێت مەلا رەشید بۆ کۆکردنەوەی شیعری شێخ رەزا هاتووە، منداڵانی سنەیان لێ هان دەداتو بەردبارانیان دەکەن، کاتێك خانم ئەم هەواڵەی بیست فەرمانیدا لە ماوەی بیست رۆژدا ئەو فەقێ حەسەنە بە قۆڵ بەستراوی بهێنن بۆ هەڵەبجە، پێشی وتن نابێت لێی بدەنو قسەی خراپی پێ بڵێن، چونکە نامەوێت کارێك بکەم لە دوا رۆژدا بۆ کوانووی محەمەد پاشای جاف بەدناوی بەدواوە بێت. وەکو ئاگادارم لە رابردوودا ئەگەر یەکێك، لەچینی مەلاو فەقێو شێخو سەیید خراپەیەکیان دژ بە میرانی جاف بکردایە گەورەکانی جاف دەستیان لێ دەپاراستن، منیش نامەوێت لەو رێبازە لابدەم.

عادیلە خانم هەرگیز ماوەی نەدەدا کەس لەسەر تاوانی بچووك بکوژرێت، ئەگەر کەسێکیش تاوانێکی گەورەی بکردایە دەستی لێ هەڵنەدەگرت هەتا تۆڵەی لێنەکردایەتەوەو فەرمانی کوشتنی بۆ دەردەکرد، هەتا ئەو تاوانبارە نەکوژرایە ئارامی نەدەگرت، هەرکەسێکیش بە کەم یان بە زۆر فەرمانی ئەوی جێبەجێ بکردایە زۆر بە

سەختی سزای دەدا، بۆیە پێویست بوو لەسەر ئەو کەسەی کە فەرمانەکەی جێبەجێ دەکرد وەکو خۆی چۆن فەرمانی پێدا بوو هەر بەوشێوەیە جێبەجێی بکردایە.

وەك مەلا رەشید دەگێڕێتەوە، زۆربەی دڵگرانییەکەی خانم لەبەر هەڵوێستەکەی فەقێ حەسەن بووە بەرامبەر بە شێخ رەزا، دوای هێنانی بۆ هەڵەبجە خانم دەستی کرد بە دادگایی کردنی، لە کۆتایدا خانم بڕیاریدا یەك ساڵی تەواو لە ناو تیرەی رۆغزایی جاف، لەژێر چاودێی (تۆفیق شاوەیس)دا کاری سەختو قورسی پێ بکاتو لەو ماوەیەشدا کەسووکاری مافی ئەوەیان نییە سەردانی بکەن، دوای ماوەکە بەردەدرێتو ئەو کات دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ سنە، خانم بڕیارەکەی جێبەجێ کردو هەتا ماوەکەی تەواو نەبوو بواری بە فەقێ حەسەن نەدا کە بگەڕێتەوە بۆ شاری سنە[١٩٢].

هەواڵنامەی کتێب

[192] محەمەد سەعید جاف: س.پ، ل٢٤٢ـ ٢٧٢.

هەواڵنامەی کتێب

# عادیلەخانم
# لە نێوان دوژمنایەتیو پشتیوانیکردنی شۆڕشی شێخ مەحموددا

پاش ئەوەی مێجەرنوئێل لە رۆژی ١٦\١١\١٩١٨دا لەسەر داوای شێخ مەحمودو بە فەرمانی (ولسن)ی فەرمانڕەوایی گشتی عێراق وەك نێردراوی حکومەتی بریتانیا گەیشتە شاری سلێمانی، بە خۆیو کۆمەڵێك بڕیارو راسپاردەی حکومەتەکەیەوە هاتبوو، بۆ رۆژی دواتر لە بەردەرکی سەرا، بەرامبەر بە ئاپۆڕەیەکی زۆری خەڵکی شاری سلێمانیو رۆژهەڵاتی کوردستان وتارێکی بە زمانی فارسی پێشکەش کرد، تیایدا شێخ مەحمودی وەك حوکمدار بە خەڵکی ناساند کە لە لایەن حکومەتی بریتانیاوە کراوە بە حوکمداری ئەم ناوچەیە، خودی نوئێل)یش کرا بە راوێژکاری شێخ مەحمودو (مێجەر دانلیس)یش وەك راوێژکاری سەربازی دیاریکرا[١٩٣].

جگە لەوەش نوئێل بەڕێوەبردنی ناوخۆی ناوەندەکانی (هەڵەبجەو چەمچەماڵو رانیە)ی پێکهێنا[١٩٤]. بەو پێیەی کە هەڵەبجە گرنگترین مەڵبەندی جافەکان بوو، (عادیلەخانم)یش دیارترین کەسایەتی شارەکەو ناوچەکە بوو، لێپرسراوە سیاسییەکانی ئینگلیز گفتوگۆو راوێژکردنیان هەر لەگەڵ ئەو بوو[١٩٥].

لە سەرەتای دامەزراندنی ئەو دەسەڵاتە سیاسییەیدا، شێخ مەحمود پەیتا پەیتاو رۆژانە پێشوازی لە سەرۆك هۆزو میوانەکان دەکردو سلێمانی جموجوڵێکی بەرچاوی پێوە دیار بوو[١٩٦]، گومان لەوەدا نییە کە بەگزادەکانی جافیش لەنێو ئەو خەڵکانەدا بوون کە سەردانی شێخیان کردووە بە مەبەستی پیرۆزبایی دەست بەکاربوونی وەك حوکمداری کوردستان.

---

[193] ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: س.پ، ل٩٦، عادل صدیق: س.پ، ل٩٩.

[194] عادل صدیق: هەڵەبجە، ل٩٩.

[195] هێنی هارۆڵد هانسن: س.پ، ل٢٧.

[196] ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: س.پ، ل١٠١.

سەرەڕای ئەو گێروگرفتانەی کە رووبەڕووی شێخ مەحمودو حکومەتەکەی‌و لێپرسراوە ئینگلیزەکان دەبووەوە، لە ماوەی ئەو چەند مانگەی کە نوئێل لە سلێمانی بوو لێکگەیشتنێکی باش لە نێوان شێخ مەحمودو دەسەڵاتی ئینگلیزەکاندا هەبوو، نەشبیستراوە لەو ماوەیەدا شێخ مەحمود لەگەڵ بەگزادەکانی جاف لە هەڵەبجەو خودی عادیلەخانم هیچ ناکۆکییەکی وایان هەبوبێت کە جێگای باسکردن بێت.

ئەو کاتەش ئینگلیزەکان لە دەسەڵاتی خۆیان لە کوردستان دڵنیانەبوون، بۆیە زۆریان لامەبەست بوو سوود لە تواناو دەسەڵاتی شێخ مەحمودلە ناوچەکەدا وەربگرن[١٩٧]، چونکە ئینگلیزەکان هەر لە سەرەتاوە کە هاتنە شاری سلێمانی لەوە دڵنیابوون کە شێخ مەحمود بەهێزترین‌و بەرچاوترین کەسایەتی ئەم ناوچەیەیە، بۆیە بەبێ هاوکاری‌و یارمەتی ئەو ناشێت ئاسایش‌و ئارامی لەم ناوچەیەدا بەرقەرار بێت، تەنانەت نوئێل لەو راپۆرتەیدا کە لە رێکەوتی ٨\١٢\١٩١٨ پێشکەشی سەروو خۆی کردووە بە ئاشکرا دانی بەو راستییەدا ناوە[١٩٨].

سەرباری هەموو ئەوانەش ئەو دۆستایەتی‌و نزیکییەی نێوان ئینگلیزەکان‌و حکومەتەکەی شێخ مەحمود زۆر درێژەی نەکێشا، دوای ئەوەی ئینگلیزەکان شوێن پێی خۆیان لە ناوچەکە قایم کرد، کەوتنە بیانووگرتن بە شێخ مەحمودو نکۆڵیکردنی دەسەڵاتەکەی، هەوڵیان دەدا کارێکی وابکەن شێخ مەحمود لە حوکمدارییەکەی پاشگەز بکەنەوە. بەرامبەر بەوەی هەرچی زەوی‌و زاری میری هەیە بخرێتە ژێر دەستییەوەو تا ئینگلیزەکانیش لە عێراقدا بن وەك جاران مووچەکەی خۆی پێ بدەن، جگە لەوەش کەوتنە تانەو تەشەردان لە شێخ مەحمود[١٩٩].

لە کاتێکدا تەنانەت لەنێوەندە سیاسییەکانی بریتانیاشدا بە چاوی گومانەوە لە (نوئێل)یان دەڕوانی‌و بە لایەنگری کوردیان دەزانی، لە لای خۆیەوە نوئێل زۆر لە هەوڵدا بوو بۆ کەمکردنەوەو نەهێشتنیی ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتەکەی خۆی‌و شێخ مەحمود، هەر لە سەرەتاوە رێنوێنی دەسەڵاتدارانی سەرووخۆی دەکرد کەدڵی شێخ

---

[197] هـ.س، ل١٠٣، ئەحمەد تەقی: خەباتی گەلی کورد لە یادداشتەکانی ئەحمەد تەقی دا، رێکخستن‌و ئامادەکردنی جەلال تەقی، بەغداد، ل٤٠.

[198] هـ.س، ل٩٨.

[199] هـ.س، ل١٠٨.

مەحمود رابگرنو کەسانێك بە راوێژکارو نوێنەر دابنێن کە شێخ مەحمود پەسەندیان بکاتو رەزامەندی لەسەریان هەبێت، هەروەها بەو نوێنەرانەش قایل بن کە شێخ مەحمود دەست نیشانیان دەکاتو تا دوا ئەندازە هەوڵبدرێت سوود لە تواناو دەسەڵاتی شێخ مەحمود وەربگیرێتو سیاسەتیی پاراستنو پارێزگاریکردن لە رووی دەرەوەی حکوومدارییەکەی بگیرێتەبەر[٢٠٠].

جێگای باسکردنە نوئێل لە ناو ئەفسەرو بەرپرسە ئینگلیزەکاندا یەکەم کەس بوو کە داوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی بۆ کورد کردووە[٢٠١]. هەربۆیە نوئێل لە لایەن (وڵسن)ەوە بانگکرایەوەو بە کارێك رەوانەی باکوری کوردستان کراو (مێجەرسۆن) لە جێگەی ئەو دانرا[٢٠٢]. دانانی سۆن هەروا لە خۆڕا نەبوو، پەیوەندی بە گۆڕینی سیاسەتیی بریتانیاوە هەبوو بەرامبەر بە حکومەتەکەی شێخو کوردستان، مێجەرسۆن نێردرا بۆ سلێمانیو کرا بە حاکمی سیاسی، بۆ ئەوەی ئەو سیاسەتە نوێیەی کە کاربەدەستانی بریتانیا لە خوارووی کوردستاندا بڕیاریان لەسەردا بوو جێبەجێی بکەن[٢٠٣].

سەرباری گۆڕانکارییەکانی ناو شاری سلێمانیو دەوروبەری، کە ئینگلیزەکان بە قازانجی دوا رۆژی خۆیان نەدەزانی، شێخ مەحمودیشیان وەك گەورەترین کۆسپ لە رێگەی جێبەجێکردنی سیاسەتە نوێیەکەیان بەرامبەر بە کوردستان تەماشا دەکرد. بە وتەی وڵسن بۆ پێشگرتن لەو بارودۆخە نوێیەو دانانی سنوورێك بۆ دەسەڵاتەکانی شێخ مەحمودو ئاواتەکانی، لەنێو خۆیاندا (وڵسن، نوئێل، لیچمان، مێجەرسۆن، مێجەر گۆردن، لیز، ۆکەر) چەند ئەفسەرێکی دیکە لەوانەی کە شارەزاییو ئاگادارییو پەیوەندییان لەگەڵ کورد هەبوو کەوتنە کۆبونەوەو گفتوگۆکردن، سەرئەنجام بڕیاری هەموویان لەسەر ئەوە بوو، مێجەرسۆن کە هەتا ئەو کاتە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ شێخ

---

[200] هـ.س، ل١٠٦.

[201] مەحمود مەلا عیززەت: س.پ، ل١٥٨.

[202] ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: س.پ، ل١٠٨-١٠٩.

[203] هـ.س، ل١٠٩.

مەحموددا نەبووە لەبری نوئێل بکرێت بە حاکمی سیاسی لە سلێمانی، بەڵام لێهاتوویی‌و شارەزایی سۆن لە ناوچەکە دڵنیای کردن کە دەتوانێت کارەکانی بەڕێوە ببات[٢٠٤].

هەر لەو کۆبونەوەیەدا بڕیاردرا کە (لیز)یش بکرێت بە جێگری حاکمی سیاسی لە هەڵەبجە وەك نوێنەری سیاسی بریتانیا دەست بەکاربێت بۆ ئەوەی یارمەتی مێجەرسۆن بدات لە راپەڕاندنی ئیشوکارەکانیدا، لیز خۆشی باسی ئەوەی کردووە کە یەکێك بووە لە بەشداربووانی ئەو کۆبونەوەیەی کە لە شاری بەغداد بۆ ئەم مەبەستە بەستراوە[٢٠٥].

مێجەرسۆن لەگەڵ گەیشتنی بۆ شاری سلێمانی، دەستی بە جێبەجێ کردنی ئەو نەخشەیەی کرد کە لە دژی شێخ مەحمودو بیری سەربەخۆیی دانرا بوو. هەر لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حوکمدار، تا دەرهێنانو جیاکردنەوەی ناوچەکانی هەڵەبجەو رانیەو کۆیەو شوێنەکانی تر لە ناوچەکانی دەسەڵاتەکەی، هاندانی گەلێك عەشیرەت بۆ دەربڕینی ناڕەزایی‌و ناڕازیبوونیان لە دەسەڵاتی شێخ مەحمود[٢٠٦]. هەموو ئەو رێوشوێنانەش لە پێناو لاواز کردنو کەمکردنەوەی دەسەڵاتی شێخ مەحموددا بوو[٢٠٧].

کورتەی ئەو بیروباوەڕانەی پێی دەوترێت بیروباوەڕی خێڵەکی، سوودو قازانجی سیاسی گەلێك زۆری بۆ لایەنە مەبەست دارەکان گرتبووە خۆ، هەمیشە وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندی سیاسی زیاتری خۆیان لە ناو گەلی کورددا بە کاریان هێناوەو پەیڕەوی سیاسەتی (پەرتکەو زاڵبە)یان کردووە، کارمەندانی سیاسی ئینگلیز هەر لە سەرەتای چالاکی سیاسییاندا لە باشووری کوردستان، لەم یاریکردنەیاندا بە یارمەتی خێڵەکی، ئەم بنەمایەیان بە کارهێناوە[٢٠٨].

ئینگلیزەکان دەمێك بوو مێجەرسۆنیان بۆ ئەوە گۆشکرد بوو کە فرمانێکی تایبەتی پێ بسپێرن، ئەو گەشتەی کە لە ساڵی ١٩٠٩دا کردبووی بۆ ناوچەکانی سلێمانی‌و ناو جافەکانی هەڵەبجە گەشتێکی ئاسایی‌و خۆڕایی نەبوو، بەڵکو راسپێرداوی دەزگا

---

[204] محەمەد رەسوڵ هاوار: س.پ، ب١، ل٤٦٩. مێجەرسۆن، و.حوسێن حوزنی موکریانی، گۆڤاری دەنگی گێتی تازە، ژ(٥)، بەرگی(٤)، ئابی ١٩٤٥، ل٣٨٥-٣٨٦.

[205] مێجەرسۆن، و.حوسێن حوزنی موکریانی، گ (دەنگی گێتی تازە، ژ(٥)، ل٣٨٥-٣٨٦.

[206] مەحمودی مەلا عیززەت: س.پ، ل ٢١٠.

[207] عادل صدیق: س.پ، ل١٠٠.

[208] ی.ئی.ڤاسیلیەڤا: س.پ، ل٢٦٩.

جاسووسییەکانی ئەو سەردەمەی ئینگلیز بووە لە هیندستاندا، لە شەریکەی ئەفریقیو شەریکەی ئەنگلۆ- ئێرانی، هەروەها سەرپەرشتی ئەو ئینگلیزانەی کردووە کە نێردراون بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مێجەرسۆن هەر لە خۆیەوە ئەو ڕێگەیەی نەگرتووەتەبەرو لە خۆڕا فێری زمانی فارسیو کوردی نەبووە، بەڵکو حسابی دوا ڕۆژی بۆ کراوە[٢٠٩].

سۆن لە گەشتەکەیدا لە ساڵی ١٩٠٩دا بە ناوی بازرگانییەوە ڕۆیشتە هەڵەبجەو ماوەیەك لە ناو جافەکاندا مایەوەو بەو هۆیەشەوە پەیوەندییەکی گەرمی لەگەڵ عادیلەخانمو کوڕەکانیدا پەیدا کردووە، بێگومان مێجەرسۆنی زیرەكو وریا ئاگاداری ناکۆکی لە مێژینەی نێوان شێخانو جافەکان بووە، بۆیە کاتێك مێجەرسۆن بوو بە حاکمی سیاسی سلێمانی ئەو ناکۆکییەی قۆستەوەو توانی زۆر لێزانانە بۆ بەرژەوەندی خۆیو سیاسەتی حکومەتەکەی بەکاری بهێنێت[٢١٠].

هەروەك لە کۆبونەوەکەی شاری بەغداد دا بڕیاری لەسەر درابوو، لە کۆتایی نیسانی ساڵی ١٩١٩دا حاکمێکی سیاسی بە ناوی (ج.م.لیز) بۆ جاف دانراو نێررا بۆ هەڵەبجە، بەو شێوەیە هەڵەبجە لە دەسەڵاتی شێخ مەحمود جیاکرایەوە، بۆ ئەوەی کە قەڵەمڕەوی فراوان نەبێت[٢١١]. مێجەرسۆن لە ڕاپۆرتێکی نهێنی خۆیدا کە لە ساڵی ١٩١٩دا بۆ کاربەدەستانی باڵای وڵاتەکەی ناردووە لە بەغداد، باسی ئەو دانانەی لیزی کردووە کە لە کۆبونەوەیەکداو لە نزیك (کەلار) لە کەناری ڕووباری سیروان بە ئاگاداری (وڵسن)ی حاکمی گشتی مەدەنی لە عێراق، ئەفسەری فڕۆکەوان (مولازم لیز)ی پێشکەشی جافەکان کردووە[٢١٢].

ئینگلیزەکان خۆیان دانیان بەوەداناوە کە بە ئاشکرا کاریان بۆ دابڕینی نەوەی عەشیرەتی جافی ئازاو گەورە لە دەسەڵاتی شێخ مەحمود کردووە، بەو نیازەی بە جیا لە نزیکەوە مامەڵەی تایبەتی لەگەڵدا بکەن، دابڕینو هەڵاوێرانی عەشیرەتی جاف زەبرێکی

---

209 عادل صدیق: هەڵەبجە، ل١٥٦ـ١٥٧، محەمەد ڕەسوڵ هاوار: س.پ، ب١، ل٤٥٤ـ٤٥٥.

210 هـ.س، ل ١٥٧.

211 هـ.س، ل١٠١.

212 محەمەد ڕەسوڵ هاوار، س.پ، ب١، ٤٤٨.

کاریگەر بوو کە ئاڕاستەی دەسەڵاتو حکومەتەکەی شێخ مەحمود کرا[٢١٣]. ڕاستیشت دەوێ بە نیسبەت ئینگلیزەکانەوە کردنی هەڵەبجە بە بنکەیەکی هاوتا بەرامبەر بە سلێمانیو پەیداکردنی ناکۆکییو دژایەتی لە نێوانیاندا کارێکی زۆر گران نەبوو، کۆششێکی زۆری نەدەویست، گەلێك هۆکاری خۆیەتیو بابەتی ڕێگای بۆ ئەوە خۆش دەکرد[٢١٤].

بەو شێوەیە ئینگلیزەکان لە ناوچەی هەڵەبجەدا عادیلەخانمی خێزانی وەسمان پاشایان لە شێخ مەحمود ڕاستکردەوە، ناوبراو خۆی لەگەڵ شێخ مەحموددا هێندە تەبا نەبوو[٢١٥]، عادیلەخانم خۆی هەڵسوڕێنەری کاروباری ناوچەکەو بنەماڵەو هۆزەکەی بوو، لەو سەردەمەشدا کە ئێمە مەبەستمانە ( یەکە پیاو)و دەمڕاستی عەشیرەتەکەی بووە، هەرئەویش هێڵی سەرەکیو ڕێچکەی عەشیرەتەکەی دەست نیشان دەکرد کەدەبوو پەیڕو بکرایە، هەڵبەتە ئەویش بەرژەوەندی بنەماڵەو عەشیرەتەکەی لە پێش هەموو شتێکەوە داناوە[٢١٦].

هاوکات لەگەڵ جیاکردنەوەی هەڵەبجە لە دەسەڵاتەکەی شێخ، لە ناو شاری سلێمانیشدا تا دەهات ناکۆکییەکانی نێوان شێخ مەحمودو مێجەرسۆن کە بە ئەندازیاری تێکدانی یەکەمین حکومەتی شێخ مەحمود دادەنرێت زیاتر پەرەی دەسەند، شێخ مەحمود لە لای خۆیەوە هەستی بەوە دەکرد کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەسکەوتەکانی لە دەست دەدا، لەبەرئەوە بۆ هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینێکی گشتی هەڵی قۆستەوە. لەم ڕاپەڕینەیدا زۆربەی ئەندامانی بنەماڵەی بەرزنجەو لایەنگرانیان لە هۆزەکانی هەمەوەندو جافو هۆزەکانی تری ناوچەکە، هەروەها چەکدارە هەورامییەکانی ئەوبەری سنووری ئێران (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) بەشدارییان کرد[٢١٧].

---

[213] کۆمەڵێك لە پسپۆڕانو ئەفسەرانی سیاسی ئینگلیز، کوردوکوردستان، و. حسێن عوسمان نێرگسەجاڕیو حسێن ئەحمەد عارف، چ١، چاپو بڵاوکراوەی ئاراس، ٢٠٠٢، ل٦٤ـ٦٥.

[214] عادل صدیق: هەڵەبجە، ل١٥٨.

[215] ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: س.پ، ل١١٣.

[216] عادل صدیق: هەڵەبجە، ل١٠٦.

[217] سیسیل جۆن ئیدمۆندس: س.پ، ل٥٥ـ٥٦، د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕەیەك، ب٢، ل٢٢٣.

سەبارەت بە هەڵوێستی سیاسی جاف لەو سەردەمەدا لە ئاست شێخ مەحمودو ڕاپەڕینەکەی هەروەك هەمەوەندو پشدەرو زۆرعەشیرەتی تر، تەنانەت سادات خۆشیان دوو بەرە بوون[٢١٨]:

یەکەم/ گروپی یەکەم بە سەرکردایەتی عادیلەخانمو هەردوو کوڕەکەی (عیزەت بەگو ئەحمەد موختار جاف)و خانەوادەی مەحمود پاشا بوون. ئەم گرووپە لەگەڵ بەرپاکردنی شۆڕشدا نەبوون لە دژی ئینگلیزەکان، ئەمانە پەیوەندییەکی نزیكو دۆستانەیان لەگەڵ لێپرساوە ئینگلیزەکاندا هەبوو[٢١٩]. ئەو قسەیە کەم تازۆر بە ڕاست ناگەڕی کە هەندێك لە نووسەران تۆمەتی ئەوەیان داوەتە پاڵ ئەم گرووپە بەوەی کە ئەمانە دژی شێخ مەحمودو ئامانجە نەتەوایەتییەکانی بوون، بەو پێیەی ئەمانە نەهاتوونەتە پاڵ شێخ مەحمودو بۆ وەستانەوەی لە دژی ئینگلیزەکان هاوکارییان نەکردووە. ئەمەش پێچەوانەی ڕاستییە مێژووییەکانو هەڵوێستی سیاسی دواتری ئەمانەیە کە لە داهاتوودا بەرامبەر بە شێخ مەحمودو نەتەوەکەیان نواندوویانە، تەنها ئەوەندە هەیە ئەگەر شێخ مەحمود بە لایەوە هەڵگیرساندنی شۆڕش لە پێناو بەدەست هێنانی خواستی گەلەکەی کارێکی دروست بوو بێ، ئەوا ڕەنگبێ بەگزادەکانی جاف بەشێکیانو دەسەڵات بە دەستەکانی بە تایبەتی پێیان وابووە پشت بەستن بە هێزێکی گەورەی وەك ئینگلیزەکان تاقە ڕێگای ڕاستەو بەو شێوەیە دەتوانرێت مافی گەلەکەیان دابین بکەنو کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکەش لە کارەساتی جەنگو دەردی سەریو ماڵوێرانی[٢٢٠] بەدوور بگرن، لە دواتریشدا ئاماژە بە هەندێك لە هەڵوێستە سیاسییەکانی تری ئەم گرووپە دەکەین.

دووەم/ گرووپی دووەم بە سەرکردایەتی حامید بەگی کوڕی مەجید بەگی وەسمان پاشاو داود بەگی حەمەسەعید بەگی ئامۆزای بوون، ئەمانە لە کاتی سەرهەڵدانی ئەم ناکۆکییانەدا پشتیوانی شێخ مەحمود بوونو دژایەتی بریتانیای داگیرکەرو لایەنگرو سیخوڕەکانیان دەکرد لە ناوچەکەدا، تێبینی ئەوەش دەکرێت هەردوو هەڵوێستەکە

---

[218] د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ: دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ل٢٠.

[219] فواد حمەخورشید: العشائر الکردیە، بغداد، ١٩٧٩، ص ٧٨، پ٣٩.

[220] عەبدولکەریم حەمید عەبدولکەریم: س.پ، ل٢٢٣.

گشتگیر ناکرێت لەسەر تەواوی تاکەکانی عەشیرەتەکەو لقەکانیان، هەروەك چۆن ئەم قسەیە بۆ نەوەکانیشیان راستە[٢٢١].

عادیلەخانم بە نیازی پاراستنی هەڵەبجەو ناوچەکە، پەیوەندی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بەستو هاوکاری کردن، بەڵام هەندێك لە هۆزەکانی ناوچەکە ئەو کارەی خانمیان بەلاوە پەسەند نەبوو، هەندێکیان ملیان بۆ بڕیارەکانی نەدەداو کەوتنە دژایەتیکردنی ئینگلیزەکان[٢٢٢].

سەرئەنجام لە مایسی ساڵی ١٩١٩دا، شێخ مەحمود هەواڵی بۆ مەحمود خانی دزڵی نارد بە ناوی سەردانی (کاك ئەحمەدی شێخ)ەوە بە لەشکرەوە بێت بۆ سلێمانی، مەحمود خانیش لەسەر داواکەی شێخ مەحمود بە لەشکرێکی تەواوەوە خۆی گەیاندە ناو شاری سلێمانی، پاشان لە ٢١/مایسی/١٩١٩دا راپەڕین بە هەموو مانایەك سەری هەڵداو ئەو کاربەدەستە ئینگلیزانەی کە لە سلێمانی بوون لە لایەن شێخ مەحمودەوە گیرانو شۆڕشی یەکەمی خۆی بەرامبەر بە ئینگلیزەکان هەڵگیرساند. لەو کاتەی کە مەحمودخانی دزڵی ویستی بڕواتە ناو شاری سلێمانییەوە، لە لایەن لیزی ئەفسەری سیاسی لە هەڵەبجە ئاگادارکرایەوە کە رێگەی لێناگیرێت بڕواتە ناو شارەکە، بەڵام بەو مەرجەی خۆیو پیاوەکانی بەبێ چەك بڕۆنە شارەوە، مەحمود خان گوێی بەو داواکارییەی ئینگلیزەکان نەداو بە چەکەوە رۆیشتە ناو شاری سلێمانی، لەبنەڕەتیشدا خۆی بۆ ئەو کارە رۆیشتبوو.

مێجەرسۆن بەر لە گەیشتنی مەحمود خان بۆ ناو شار، گرینهاوسی کرد بە جێگری خۆی لە شارەکەداو خۆشی لە بەرەبەیانی ٢١/مایسی/١٩١٩دا بە ئۆتۆمبیل خۆی گەیاندە کەرکوك. بەڵام شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمود دەڵێت" لەمکاتەدا مێجەرسۆن بەرەو شارەزوور هەڵهات، چونکە پێی وابوو بەگزادەکانی جاف لە هەڵەبجە لەگەڵ شۆڕشەکەی شێخ مەحموددا نینو یارمەتی ئەم دەدەن، بەڵام پێش ئەوەی بگاتە هەڵەبجە هەواڵی گرتنی گرینهاوسی پێگەیشت، لێرەدا ئیتر مێجەرسۆن هیوا بڕاو بوو، بە ناچاری بەرەو بەغداد هەڵهات".

---

[221] فواد حمەخورشید: العشائر الکردیە، بغداد، ١٩٧٩، ص٧٧-٧٨، پ٣.

[222] عادل صدیق: هەڵەبجە، ل١٠٨.

هەمان کات لایەنگرانی شێخ مەحمود لە هەڵەبجە بە سەرکردایەتی حامید بەگ گەمارۆی هەڵەبجەیانداو (لیز)یان لە دەوروبەری شارەکە دابڕی[٢٢٣]. بەڵام بەرلەوەی دەستی شۆڕشگێڕەکانی پێ بگاتو بنکەکەی داگیربکەن لە ١٩١٩/٥/٢٦داو بە یارمەتی عادیلەخانم توانی خۆی رزگار بکاتو خۆی بگەیەنێتە خانەقین، (خانم)یش لە پاداشتی ئەو کارەیدا نازناوی (خان بەهادر)ی لە لایەن ئینگلیزەکانەوە کە نازنازێکی بەرزی هیندییە پێ بەخشرا.

ئینگلیزەکان دەترسان ئەو عەشیرەتانەی کە هەتا ئەو کاتە تێکەڵ بە شۆڕش نەبوو بوون لەگەڵ شێخ مەحموددا رێك بکەونو بڕۆنە پاڵ شورش. باوەڕیشیان بەوە نەبوو کە هەتا سەر جافەکان بێلایەنی خۆیان بپارێزنو دوور لە شێخ مەحمود بمێننەوە[٢٢٤].

ئەم بارودۆخە زۆر درێژەی نەکێشا، حوکمڕانی یەکەمی شێخ مەحمود لە ١٩١٨/١١/١٧ دەستی پێکردو تا حوزەیرانی ساڵی ١٩١٩ بەردەوام بوو، ئەوە بوو شەڕەکەی دەربەندی بازیان کە لە ١٩١٩/٦/١٧ روویدا، کۆتایی بەو فەرمانڕوایەتییە هێناو شێخ بە برینداری کەوتە دەست ئینگلیزەکان. سەرەتا لە دادگادا بە کوشتن حوکمدرا، بەڵام دواتر حوکمەکەی بە دەساڵ زیندانیو دوورخستنەوەی بۆ دوورگەی ئەندامان لە هیندستان کەمکرایەوە[٢٢٥]. لە کاتی دادگایکردنی لە بەغداد، ئینگلیزەکان حەوت کەسی ناسراویان لە سلێمانییەوە بە زۆر برد بۆ ئەوەی لە دادگادا شایەتی دژی شێخ مەحمود بدەن، عیزەت بەگی کوڕی وەسمان پاشا یەکێك بوو لەو حەوت کەسە[٢٢٦].

هەر پاش گرتنەوەی سلێمانی کاروانێکی سەربازی ئینگلیزەکان لە خانەقینەوە بە رێکەوتو بەشیوی سیرواندا تێپەڕیو لەگەڵ کاروانێکی دیکەدا کە لە سلێمانییەوە رۆیشتبوو، هەڵەبجەیان گرتەوەو (لیز)یان لە جێگای خۆی دانایەوە[٢٢٧]. لە دوا رۆژەکانی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩١٩داو پاش گرتنەوەی هەڵەبجە لە لایەن ئینگلیزەکانەوە،

---

[223] ه، س، ل١٠٣ـ١٠٤.

[224] رەفیق حیلمی : یادداشت کوردستانی عێراقو شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، ب١، بەشی یەکەم ل١٣٣.

[225] مەحمود مەلا عیززەت: س.پ، ل٢١٢، رەفیق حیلمی: س.پ، ب١، ل١٧٨ـ١٧٩.

[226] رەفیق حیلمی: س.پ، ب١، ل١٧٨.

[227] عادل صدیق: هەڵەبجە، ل١١٠، و.نەجاتی عەبدوڵڵا: کوردستان لە بەڵگەنامەکانی کونسوڵی فەرەنسی لە بەغدا لە ساڵی ١٩١٩دا، ب١، ٢٠٠٤.

جەنەڕاڵ فرەیزەر بڕیاریدا خۆی بڕوات بۆ هەڵەبجەو سوپاسی فەرماندەی گشتی بە عادیلەخانم بگەیەنێت. لەو سەردانەی فرەیزەردا، جگە لە گرینهاوس هەردوو کوڕەکەی عادیلەخانم (عیزەت بەگو ئەحمەدموختار) هاوڕێیەتیان کرد، ئەوان بۆ پێشوازی کردن لە جەنەڕاڵو گەیاندنی پەیامی ئەمەکناسیەتی (خانم) ڕۆیشتبوونە سلێمانی، لەگەڵ فرەیزەردا سواری ئۆتۆمبیل بوونو بەرەو هەڵەبجە گەڕانەوە[٢٢٨].

کاربەدەستانی ئینگلیز تەنانەت ئەوانەشیان کە لە بەرزترین پۆستی باڵادا بوون لە عێراق لە گەیاندنی سوپاسگوزاریو نرخاندنی ئەو هاوکارییو یارمەتییانەی کە عادیلەخانم پێشکەشی ئەوانی کرد بوو هیچ دوودڵ نەبوون، هەروەها ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی کە لە پاراستنی ئارامییو سەقامگیریی ناوچەکەدا گێڕاویەتی، خودی وڵسن حاکمی گشتیی عێراق لە پاش تێپەڕبوونی دوو مانگ بەسەر ئەو ڕووداوانەدا، بە نامەیەکی فارسی کە بە زمانێکی ئەدەبی بەرز نوسراوەو ئاڕاستەی عادیلەخانمی کردووە، تیایدا سوپاسی ئەو هاوکاریو یارمەتییانەی ئەوی کردووەو کارەکانی ئەوی بەرز نرخاندووە، لەگەڵ پێشکەشکردنی مەدالیایەکی شاهانەی بریتانیا کە لەسەری نوسرا بوو(خان بەهادر)، لەگەڵ مۆرێکی تایبەت کە ئەویش هەمان ناوی لەسەر بوو، ئەمەش دەقی نامەکەیە:

ئیدارەی فەرمانڕەوای موڵکی گشتی لەعێراق

بەغداد ٢٢/ئابی/١٩١٩

بڕیار

بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی بۆ حکومەتی بریتانیا ڕونکراوەتەوە، خاتوونی شکۆمەندو وەجاخزادەو ڕێزدار(عادیلەخانم)، خێزانی خوالێخۆشبوو (وەسمان پاشا) گۆڕەکەی پڕ بێت لە نوور، لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەوپەڕی لێبڕاویو چالاکانە، خەریکی سەرکەوتنو پێشکەوتنی گشتییو چاودێری بەردەوامی سەقامگیریی باری ئارامیو ئاسایش بووەو هێشتا لە چارەسەرکردنو یەکلایی کردنەوەی ناکۆکییو دووبەرەکییە جۆراو جۆرەکانی نێوان خەڵكو دانیشتوانی هەڵەبجەو گوندەکانی دەوروبەریدا، لە هەوڵو تێکۆشاندایەو

---

[228] سیسیل جۆن ئیدمۆندس: س.پ، ل٨١-٨٢.

لەکاتی دەست بەسەراگرتن‌و باڵادەستی ئەفسەرەکانی دەوڵەتی شکۆمەند بەسەر باشووری کوردستاندا ئاگربەستێکی نوێ لە ئارادا بووەو خاتوونی ناوبراو هیممەتێکی گەورەی سەبارەت بەئیدارەو کاروباری پێویست‌و پاراستنی ئاسایش‌وئارامی نواند، بە تایبەت دەربارەی فەرمانڕەوا سیاسییەکان کە لە لایەن دەوڵەتی شکۆمەندەوە بۆ ئەو ناوچەیە رەوانە کرابوون، شێلگیرانەو بە نەرموونیانی چاودێریان بووە.

هەر بۆیە گەورەو شکۆدار فەرمانەدەی سوپای داگیرکار لە عێراق بەوپەڕی خۆسەویستی‌و پێزانینەوە، مەدالیایەکی بە خشراو بە پلەی (خان بەهادر)ی بە خاتوونی گەورەی ئاماژە پێکراو بەخشی، ئەم فەرمانی دۆستایەتییەشیان هاو زمان بە مەبەستی پەسەندکردنی‌و جێگیرکردنی نیشانەی رێزلێنانی ئاماژە پێدراو دەرکردووە.

فەرمانی شکۆدار فەرمانەدەی سوپای داگیرکار لەعێراق بەفەرمانی لفننت

کرینل ئەی ت. ولسن، ئێس. ئەی . سی. ئێم.جی. سی. ئای. ئەی. وی. ئێس. ئەو.

فەرمانڕەوای موڵکی گشتی لە عێراق

A. TWLSN

لفننت کرنل ئەی تی ولسن[229]

قایمقام فەرمانڕەوای موڵکی گشتی عێراق[230]

(ئەدمۆنس)یش سەبارەت بە خانم دەلێت" شاژنی تاج لەسەر نەنراوی تەختی شارەزوور بوو، دواتر بە چاکەی خزمەتەکانی لە لایەن جێگری فەرمانڕەوای هیندستانەوە (مەبەستی ولسنە)، پلەی بەرزی (خان بەهادر)ی پێ بەخشرا"[231].

---

[229] سێرئارنۆڵد ولسن فەرماندەیەکی سیاسیی‌و سەربازی ئینگلیزەکان بوو، لەگەڵ یەکەم پەلاماردانی ئینگلیزەکان بۆ سەر خاکی عێراق لە ساڵی ١٩١٥دا لەژێر فەرماندەیەتی (سێرپرسی کۆکس) هاتە عێراق‌و پلەی (نەقیب)ی هەبوو. دوای ئەوەی پرسی کۆکس حاکمی گشتی بەریتانیا لە عێراق لە١٩١٨/٩/١٥دا کرا بە باڵوێز لە تاران، ولسن کرا بە جێگری حوکمداری گشتی بەریتانیا لە عێراق. دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠ی عێراق‌و سەرنەکەوتنی ولسن لە دامرکاندنەوەی شۆڕشەکە برایەوە بۆ بەریتانیا. ولسن یەکێکە لە دوژمنە سەرەکییەکانی شۆڕشی کوردو سەرۆکەکەی (شێخ مەحمود). (عومەر مەعروف بەرزنجی: مەحمودخانی دزڵی شۆڕشگێڕی رۆژهەڵاتی کوردستان، چ٢، ٢٠٠٠، ل٦٧ـ٦٨، پ٤)

[230] عادل صدیق: لڤین نامەیەکی بلاونەکراوەی ولسن بۆ عادیلەخانم ئاشکرا دەکات، گۆڤاری لڤین، ژ(٨١)، ٢٠٠٨، ل١٧.

[231] سیسیل جۆن ئیدمۆندس: س.پ، ل٨١.

پێشتر باسمان لەوە کرد کە مێجەرسۆن بەرلەوەی دەستی شۆڕشگێڕەکانی بگاتێ بە بیانووی گەیشتنی (لینیت)ی خێزانی بە شاری بەسرەو ڕۆیشتن بەدوایدا ئەو شارەی بەجێهێشت، دوای داگیرکردنەوەی سلێمانی بەهۆی ئەو پەیوەندییە مێژووییەی کە مێجەرسۆن لەگەڵ عادیلەخانمو کوڕەکانیدا هەیبووە، لەگەڵ خێزانەکەیدا سەردانی هەڵەبجەو ماڵی خانمی کردووە، پێدەچێت ژنەکەی سۆن ماوەیەکیش لە ماڵی خانمدا مابێتەوە، بەو هۆیەشەوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان (خانمو لینێت)دا پەیدا بووە، رادەی توندوتۆڵی ئەو پەیوەندییەش لەو نامەیەی عادیلەخانمدا دەردەکەوێت کە لە پاش گەڕانەوەی بۆ وڵاتەکەی بۆ (لینێت)ی ناردووە، وەك دەردەکەوێت ئەو نامەیەش وەڵامی نامەیەکی (لینێت)ە کە بۆ خانمی ناردووە، خانمیش وەڵامی نامەکەی ئەوی داوەتەوەو لە ڕێگای کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتییەوە بۆی ناردووە، نامەکە دەڵێت:

"هاوڕێی ئازیزو خۆشەویست، تۆ ڕۆیشتیتو دڵی ئێمەت شکاند، تەنها خودا دەزانێ چەند دڵم خەمبار بوو بە ڕۆیشتنی تۆی بەرێز، لەبەرئەوەی نازانم چەن دوور کەوتوویتەتەوە، کاتێك نامەکەت لە بۆمبایەوە گەیشت، زۆر دڵخۆش بووم، لەوانەیە تۆش دڵخۆش بوو بیت لەبەرئەوەی ئەم ڕۆژگارەت دروستکرد، زۆر بە میهرەبانانە پرسیاری منت کرد بوو، خۆش بەختانە هیچ خەمێك نییە جگە لە خەمی دووری تۆ، ئومێدەوارم بە تەندروستییەکی باشو بە خۆشییەوە بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتەکەت، هاوڕێکانت ببینیتەوەو سوپاسگوزاریان بکەی، انشاالله، خێرا بگەڕێرەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر تۆ ببینمەوە، هەواڵت ئەپرسمو چاوەڕوانی بیستنی شتێکی تۆی ئازیزم".

خێزانی وەسمان پاشا، ٢٦/رەمەزانی/١٣٣٩ك

ئەم نامەیە جگە لەوەی بە زمانی فارسی نوسراوە، واژوو مۆری عادیلەخانمی لەسەرەو لەسەر مۆرەکەش نوسراوە (عادیلەخانم)[232]. دەبێ ئەو ڕاستییەش بڵێین عادیلەخانم چ لە سەردەمی دەسەڵاتەکەی شێخ مەحمودو چ لە سەردەمی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی ئینگلیزەکاندا، پەیوەندییەکی توندوتۆڵو دۆستانەی لەگەڵ لێپرسراوە ئینگلیزەکانی ناوچەکەدا لەوانە (مێجەرسۆن، لیز، ئەدمۆنس) هەبووە[233].

---

[232] عادل صدیق: هەڵەبجە، ل١٦١ـ١٦٢.

[233] عادل صدیق: لڤین نامەیەکی، گۆڤاری لڤین، ژ(٨١)، ل١٧.

جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین گوندی عەبابەیلێ لەبەرئەوەی زێدی شێخانی عەبابەیلێ بووەو هاوکات ماڵی داود بەگی جافی لێ بووە، ئەمانەش بەشدارییەکی کارایان لە شۆڕشەکەدا دژی دەسەڵاتی ئینگلیز کردبوو، لە لایەن فڕۆکەکانی ئینگلیزەوە بە خەستی بۆمبارانکراو دانیشتوانەکەی ناچار بوون گوندەکە بەجێبهێڵن، بەپێی بەڵگەنامەکانی کونسوڵی فرەنسی ئەو رۆژانە لە بەغداد ئەو شۆڕشگێڕانەشی کە پەنایان بردبووە بەر(دەربەندی ئەشکەوەڵ)ی نزیك گوندی هاواری (١٠میلی) رۆژهەڵاتی هەڵەبجە، رۆژی ١٩١٩/٧/٢٩ لە لایەن ئینگلیزەکانەوە هێرشیان کرایە سەر، بەڵام بەتوندی لە لایەن شۆڕشگێڕەکانەوە بەرپەرچ درانەوە، هێزەکەی ئینگلیز بە زیانێکی زۆرەوە پاشەکشەی کرد، هەر بەپێی بەڵگەنامە فرەنسییەکە هەمان رۆژ کاروانێکی سەربازی لە رۆژهەڵاتەوە هاورێ لەگەڵ گوردانێکی زرێپۆش گەمارۆی شۆڕشگێڕەکانیانداوەو لە ملەی چیایەکی قوڵەوە (مەبەستی چیای شنروێ یە) پەلاماردراونو شۆڕشگێڕەکان تێکشکاونو بەرەو سنوورەکانی ئەو دیو لە ئێران ناچار بەهەڵاتن کراون[٢٣٤].

ئینگلیزەکان پاش ساڵێك بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە بڕیاری لێبووردنیان بۆ حامید بەگو داود بەگو شێخ رەشیدو شێخ کەریمی عەبابەیلێ دەرکردو هەموو بەشدارانی تری ئەو شەڕەی گرتەوە ئەوانیش گەڕانەوە هەڵەبجەو[٢٣٥]، دواتریش حامید بەگیان کرد بە جێگری ئەحمەد موختاری مامی کە قایمقامی شارەکە بوو[٢٣٦]. سەرچاوەی واش هەن باس لەوە دەکەن مەحمود خانی دزلی کە بە پاڵەوانی شۆڕشی یەکەمی شێخ مەحمود دەناسرێت، دوای دەسگیرکردنی لە لایەن ئینگلیزەکانەوەو پاش ماوەیەك لەسەر داوای عادیلەخانمو ئەحمەد موختاری کوڕی، بە پارەیەکی زۆری ئەوان کە داویانە بە ئینگلیزەکان، ئینگلیزەکان لێی خۆش بوونو ئازادیان کردووە[٢٣٧].

بەو شێوەیە گەورەترینو بەهێزترین عەشیرەتی باشووری کوردستان کە جافەکان بوون وەك پێویست پشتیوانیان لە شێخ مەحمود نەکرد، وەك دەریشکەوت سەرباری ئەو هۆکارانەی کە پێشتر باسمان کرد لەم هەڵوێستەی جافەکاندا رۆڵی دەزگا جاسووسییەکانی

---

234 و.نەجاتی عەبدوڵڵا: کوردستان لە بەڵگەنامەکانی، ل٧٢، ٧٩.

235 عادل صدیق: هەڵەبجە، ل ١١٥.

236 ه.س، ل١٢٤.

237 محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب١، تەهران، ل ١٣٨٠.

ئینگلیز کەم نەبووە، ئەم دەزگایە ململانێی مێژوویی نێوان بنەماڵەی شێخانو جافەکانی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکارهێنا کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی شێخ مارفی نۆدیو مەولانا خالیدی نەقشبەندی دەگەڕایەوە[٢٣٨].

هەرچۆنێك بێت لە ناو شاری هەڵەبجەدا، جگە لە چەند کەسایەتییەك کە ئەوانیش (سەیدقادرو کوێخا ئەحمەدی پیرۆتو شێخ مستەفا قەرەداغی کەناسراوە بە باوە موفتی[٢٣٩]) بوون، کەس نەیدەتوانی نەیاری ئاشکرای سیاسەتەکانی خانم بێت، ئەوانەش دواتر لە لایەن ئینگلیزەکانەوە گیرانو رەوانەی سەربازگەی ئینگلیزەکان کران لە گوندی باوەکۆچەکی نزیك هەڵەبجە. بەڵام لە دەوروبەری شاردا خەڵکانێك هەبوون بە ئاشکرا نەیاری پەیوەندییەکانی خانم بوون لەگەڵ ئینگلیزەکاندا، لەوانەش (مەحمودخانی دزڵیو حەمەی سان ئەحمەدی شەمێران) بوون، ئەمانە لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشەکەی شێخدا، بە ئاشکرا پشتیوانی خۆیان بۆ شۆڕشەکە راگەیاندو هەڵوێستیان وەرگرت، بێگومان (خانم)یش لە ئاست ئەم بێنەو بەردەیەدا دەستەوەستان رانەوەستا بوو، بەڵکو هەموو توانایەکی خۆی خستەکار هەتا هێمنی ناوچەکە بپارێزێت[٢٤٠].

(ج.م.لیز) کە لە کۆتایی ئازارو سەرەتای نیسانی ١٩١٩ وەك جێگری حاکمی سیاسی لە هەڵەبجە دەست بەکار بوو، لە کانوونی دووەمی ١٩٢١ گوازرایەوە بۆخانەقین[٢٤١]. بەڵام لیز خۆی دەڵێت" من تا ساڵی ١٩٢١ لە هەڵەبجە مامەوە بۆ دیدەنی وڵاتەکەم روخسەتم وەرگرت، لەبری من کاپیتان ( ا.ژ.دەگلیز) وەك ئەفسەری سیاسی لە هەڵەبجە دانرا، منیش لە دۆستو دەستە براکانی کورد جیابوومەوەو دەستم لە کوردستان بەردا"[٢٤٢]. بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە (لیز) لە هەڵەبجە بوو،خانووی حامید بەگی جاف

---

238 ی.ئی.ڤاسیلیەڤا: س.پ، ل٢٧٨.

239 لە کاتی دەستبەراگرتنی هەڵەبجە لە لایەن شۆڕشگێڕەکانەوە، شێخ مستەفا قەرەداغی(باوە موفتی) رۆیشتبووە سەر سەرای هەڵەبجەو ئاڵای ئینگلیزەکانی داگرتبوو، ئینگلیزەکان دواتر بەمەیان زانیو دوای گرتنەوەی شارەکە جگە لە گرتنی ناوبراو داوای (٣٠٠) روپیەیان وەك سزا بۆ ئەوکارەی لێکردووە، ئەویش ناچار بووە بەشێکی زۆر لە باخو موڵکەکانی خۆی لە هەڵەبجەدا بفرۆشتێت بۆئەوەی بتوانێت ئەو پارەیە بدات بە ئینگلیزەکان.

240 عادل صدیق: هەڵەبجە، ل١٠٨، چاوپێکەوتنی لێکۆڵەر لەگەڵ حاجی تۆفیق، ٢٠٠٧/٩/٢، هەڵەبجە.

241 ه.س، ل١٥٩.

242 بەوەرگرتن لە گۆڤاری دەنگی گێتی تازە، ژ(٥)، ب٤، ل١٧١.

کەوتبووە لە لای رۆژئاوای شارەکە بۆ کارو ژیان بەکارهێنابوو، ئەوخانووە دوای بەشداریکردنی حامیدبەگ لەشۆڕشی ساڵی (١٩١٩) داگیرکرا بوو[٢٤٣]. لە مانگی مارتی هەمان ساڵیشدا مێجەرسۆن گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەیی‌و (گۆڵدسمپ) جێگای ئەوی گرتەوەو بوو بە حاکمی سیاسی ئینگلیز لە سلێمانی[٢٤٤].

لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەشدا وردە وردە بارودۆخی ناوچەکە رووی لە ئاڵۆز بوون دەکردو رەوشی ناوچەکە رۆژ لە دوای رۆژ لە دووری شێخ مەحمود بەرەو خراپی دەڕۆیشت[٢٤٥]، لە ساڵی ١٩٢١دا کە مەحمود پاشای جاف کۆچی دوایی کرد، عەلی بەگی کوڕی کە زاوای عادیلەخانم بوو جێگەی گرتەوەو بوو بە سەرۆکی عەشیرەتی جاف، بەڵام جێگری حاکمی سیاسی (مەبەستی دەنگلیزە) ئەو پلەیەی لە عەلی بەگ وەرگرتەوەو بەخشی بە (کەریم بەگی فەتاح بەگ)ی برازای مەحمود پاشاو وەسمان پاشا، ئەم کارەی حاکمی سیاسی هەڵەبجە نارەزایی عادیلەخانم‌و بەگزادەکانی تری هەڵەبجەی لێکەوتەوە، ئەوان بەو گۆڕانکارییە نارازیبوون، چونکە دانی ئەو پلەیەیان بە ئەندامێکی بچووکی[٢٤٦] بنەماڵەکەیان بە دڵ نەبوو[٢٤٧].

لە هاوینی هەمان ساڵدا کۆمەڵەو گروپێکی بچووک لە لایەن کۆمەڵێك لاوو گەنجی شارەکەوە کە دیارترینیان (کوردی[٢٤٨]، عەبدوڵڵا سلێمان (گۆرانی شاعیر)، مەحمود بەگی ئەوڕەحمان بەگ‌و ئەحمەد بەگی برای مەحمود بەگ) بوون دروستکرا، ئەمانە کەوتنە بڵاوکردنەوەی بیرو هۆشی نەتەوایەتی‌و جولاندنی هەستی نەتەوایەتی خەڵك‌و هاندانی

---

[243] سیسیل جۆن ئیدمۆندس: س.پ، ل١٦١ـ١٦٢.

[244] رۆژنامەی پێشکەوتن، ژ(٤٦)، ١٠/مارت/١٩٢١، گۆڤاری دەنگی گێتی تازە، ژ(٥)، ب٤، ل١٧١.

[245] ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: س.پ، ل١١٣.

[246] لە راستیدا کەریم بەگ نەك هەر ئەندامێکی بچووکی ئەو بنەماڵەیە نەبووە، بەڵکو یەکێك بووە لە بەگزادەو پیاوە دیارو ناسراوەکانی عەشیرەتی جاف‌و پیاوێکی زۆر بەسەلیقەوخاوەن عەقڵ‌و دیوەخان بووە.

[247] سیسیل جۆن ئیدمۆندس: س.پ، ل١٦٠.

[248] ئەم کوردیە، کوردی شاعیری گەورەی بنەماڵەی ساحێبقڕانی سەدەی نۆزدە نییە، ئەم کوردیە خۆی خەڵکی سلێمانییەو لەبەرئەوەی باوکی لە شاری کفری قازی بووە هەر لەوێ لە رۆژی ١٩٠٤/٨/٢٥ لە دایك بووە بەڵام دواتر گەڕاونەتەوە بۆ سلێمانی‌و ماوەیەکیش لە هەڵەبجە بووە، براکەشی بەڕێوەبەری مالیەی هەڵەبجە بووەو یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵەیە ( بۆ زیاتر زانیاری لە بارەی ئەم کوردیەوە بڕوانە جەمال بابان: گەشتێ بەناخی تەمەندا، ل١٦٨ـ١٧٣.

خەڵکی بۆ یەکێتیو یەکڕیزیو خوێندن بە زمانی کوردی، سنووری چالاکی ئەمانە زیاتر لە ناو شاری هەڵەبجەو گوندو دێهاتەکانی دەوروبەریدا بوو[٢٤٩].

ئەدمۆنس ئاماژەی بەم بارودۆخە نوێیە کردووە، ئەو وای بۆ دەچێت خراپ بوونی بارودۆخەکە بە هۆی کۆمەڵە پلانێکەوە بووە کە لەنێو جافەکانی سەر بە عادیلەخانمو لە شاری هەڵەبجەدا داڕێژراوە. خانم لەگەڵ ئەوەشدا کە رایگەیاند بوو کە تا ئەو کاتەش بەرامبەر بە لێپرساوە حکومییەکان (مەبەستی مێجەرسۆنو لیزە) وەفادارە، بەڵام لەگەڵ دوانوێنەری حکومەت (ئینگلیز) پەیوەندییان باش نەبوو، چونکە ئەو بارودۆخە نوێیە بە وتەی ئەدمۆنس لەگەڵ خواستو ئاواتەکانی ئەودا نە دەگونجا.[٢٥٠] عادیلەخانم کە بە دەستێکی پۆڵایین فەرمانڕوایی عەشیرەتەکەیو ناوچەکەی دەکرد، هەروەك لاین ئاماژەی بۆ دەکات لە فرتو فێڵدا زۆر وریا بوو، لە هیچ تەڵەیەك نە دەسڵەمییەوە، تاڕادەیەك لەوە بێزار بوو کە لەلایەن ئەفسەرێکی لاوەوە (مەبەستی دەنگلیزـ ە) کۆنترۆڵ بکرێت[٢٥١].

لەلایەکی دیکەوە ئەحمەد بەگی ریشێن کە یەکێك بوو لە بەگزادە ناسراوەکانی جافو زاوای عادیلەخانمو لە هەمان کاتیشدا سکرتێری بوو، لە سەرەتادا لایەنگری ئینگلیزەکان بوو، بەڵام دواتر بوو بە دوژمنیان، لە لایەن ئینگلیزەکانەوە بە تۆمەتی هاندانی بەگزادەکانی هەڵەبجە دژی ئەوانو هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ مەحمود خانی دزڵی گیراو رەوانەی شاری سلێمانی کراو خرایە ژێر چاودێرییەوە، سەبارەت بەو گرتنو خستنە ژێرچاودێرییەی ئەحمەد بەگی ریشێنو هەڵوێستی خانم، ئەدمۆنس دەڵێت" عادیلەخانم بەو گرتنو ناردنەی ئەحمەد بەگی ریشێن بۆ سلێمانی لێمان دڵگیر بوو، پڕوپاگەندەی تورکەکان کاری تێکرد بوو، خەریکی ئەوە بوون پەیوەندی لەگەڵدا بکەن"[٢٥٢].

ئینگلیزەکان ئەحمەد بەگیان ناچار کرد ماڵەکەشی بباتە سلێمانی، بەڵام ریگەیان پێدا کە بە رۆژ بگەڕێ، پاش ماوەیەك ئەحمەد بەگ هەڵهاتو خۆی گەیاندە ئاوایی رۆستەم بەگی یەك کیلۆمەتر دووری باکووری خۆرهەڵاتی ناحیەی خورماڵ، ئینگلیزەکان

---

249 جەمال بابان: گەشتێ بەناخی، ل١٦٩.

250 سیسیل جۆن ئیدمۆندس: س.پ، ل١٦٠.

251 کورد عەرەب بەریتانیەکان، ل٩١.

252 بیرەوەریو شیعرەکانی محەمەد سەعید بەگ، ل٣٢، محەمەدرەسوڵ هاوار: س.پ، ب٢، ل٢٢٣.

بۆ ئەوەی خۆی نەگەیەنێتە لای مەحمود خانی دزڵی نزیکەی (٧٠) سەربازیان بە سەرکردایەتی کاپتن ڤیتز گیبون لەگەڵ ئەفسەرێکی خەڵکی ناوچەکە کە ناوی (عیزەت) بوو ناردە هەڵەبجە بۆ ئەوەی لە ڕۆژی ١٩٢٢/١/١١دا بە نهێنی بڕۆنە سەر ئەو گوندەو ئەحمەد بەگ دەستگیر بکەنەوە.

بەڵام محەمەد سەعید بەگی جاف کە یەکێك بووە لەوانەی لەو ڕۆژانەدا لەو گوندە بووەو بەشداری شەڕەکەشی کردووە، ژمارەی ئەو سەربازانەی بە (١٨٠) سەرباز خەملاندووە. دوای ڕۆیشتنی ئەحمەد بەگی ریشێن بۆ ئەو گوندە، خەڵکی گوندەکە لە ترسی ئینگلیزەکان بۆ ماوەیەك ئێشکگریان بۆ خۆیان دانا، پاش چەن ڕۆژێك پۆلیسێك لە هەڵەبجەوە کە ناوی (غولام) بوو، نامەیەکی لە کاپتن (دەنگلیز)وە بۆ ئەحمد بەگ هێنا لە نامەکەدا نوسیبووی لەم ڕۆژانەدا چارەسەری گرفتەکەتان دەکەم، بە پێی گێڕانەوەکانی محەمەد سەعید بەگ دانیشتوانی گوندەکەش بینا لە سەرنامەکەی کاپتن ئیشکگرەکان لادەبەن، بەڵام هەر ئەو شەوە کە ئەوان ئێشکگرەکانی خۆیان هەڵدەگرن، هێزەکەی ئینگلیز دەدەن بە سەر گوندەکەیاندا، پاش شەڕێك کە نزیکەی پێنج کاتژمێری خایاند، ئینگلیزەکان (٤٥) کوژراوو (١٠بۆ١٢) بریندارو(١٢) گیراویان دەبێت، خودی کاپتن ڤیتزگیبون لە شەڕەکەدا رانێکی دەشکێت‌و یەکێك دەبێت لە گیراوەکان، بەڵام دواتر دەیکوژن، عیززەتی ئەفسەریش یەکێك بوو لە گیراوەکان، بەڵام دواتر گیراوەکانیش لە لایەن حەسەن بەگی حەمەسەعید بەگەوە ڕەوانەی هەڵەبجە دەکرێنەوەو ئازاد دەکرێن. لە بەرامبەردا سێ کەس لە شەڕکەرەکانی گوندەکە (عەبدولقادرو محەمەدی خەڵکی گوندەکەو خوسرەوی پیاوی ئەحمەد بەگی ریشێن) کوژران، هەر بەپێی گێڕانەوەکانی حەمە سەعید بەگ، قارەمانی ئەم شەڕە ڕۆستەم بەگی کوڕی یارئەحمەد بەگ بووە[٢٥٣].

بەڵام دواتر فشاری فڕۆکە، ئەحمەد بەگو چەکدارەکانی ناچارکرد کە پەنا ببەنەبەر گوندەکانی (زەڵم‌و یالانپێ‌و دزڵی) لە ناوچەی هەورامان، هەتا ماوەیەکیش فڕۆکەکانی ئینگلیز بە خەستی ئەو گوندانەیان بۆردومان دەکرد. ئەحمەد بەگی ریشێن خۆی گەیاندە لای مەحمودخانی دزڵی، پاش ساڵێك ئینگلیزەکان بڕیاری لێبوردنیان بۆ چەکدارە

[253] بیرەوەریوشیعرەکانی محەمەد سەعید بەگ، ل١٥.

ئاوارەکان دەرکرد، (ئەحمەدبەگ)[254]یش سەرەتا کە گەڕایەوە لە گوندی عەنەبی دووکیلۆمەتر دووری باکوری ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجە گیرسایەوە، بەڵام دواتر گەڕایەوە بۆ ناو هەڵەبجەو هەتا مرد هەر لەوێ مایەوە[255].

کاپتن دەنگلیزیش زۆر لە هەڵەبجە نەمایەوە لە نیسانی ١٩٢٢دا بانگکرایەوەو لەبری ئەو ئەدمۆنس دانرا تا کاروباری ناوچەکە بەڕێوەبەرێت، بەڵام ئەم دانانەی بە شێوەیەکی کاتی بوو، ئەدمۆنس لە لایەن کاربەدەستانی وڵاتەکەیەوە ئاگادارکرایەوە کە بارودۆخ لە سلێمانیدا ئاڵۆزەو هەڵەبجەش پێویستی بە کەسێکی شارەزا هەیە، حاکمی سیاسی هەڵەبجە کە دەبوو ئەدمۆنس جێگەی بگرێتەوە لەو ڕۆژانەدا بە تەواوی ورەی ڕووخا بوو، بەپێی گێڕانەوەکانی ئەدمۆنس خەریك بووە مێشکی تێك بچێت[256]، لە کاتی هاتنی (ئەدمۆنس) بۆ هەڵەبجە یەکەمین شتێك کە کاپتن دەنگلیز نیشانی ئەویدا، ڕەهەندێك بووە کە جێگرەکەی بەر لەو (واتە لیز) بۆ هەڵهاتن لە کاتی هێرشی لایەنگرانی شێخ مەحمود لە ناوچەکەدا هەڵی کەندبوو[257].

کەسایەتیی سیاسی ناوچەکە هێشتا هەر عادیلەخانم بوو، خانم بە هۆی ئەحمەد موختاری کوڕییەوە کە بە شێوەیەکی فەرمی قایمقامی شارەکە بوو، دەسەڵاتی خۆی دەپاراستو دابین دەکرد، بەڵام بەڕێوەبەرو سەربازو پۆلیسە ئاساییەکانی حکومەت فەرمانیان لە جێگری حاکمی سیاسی شارەکە وەردەگرتو ئەویش بڕیارە گرنگەکانی لە ناوەندی قەزاوە بۆ دەهات. (داود بەگ)یش، کە نوێنەری لقێك لە بنەماڵەکانی کەیخەسرەو بەگی بوو(بێگومان مەبەستی داود بەگی حەمەسەعید بەگە) سەرۆکی شارەوانی شارەکە بوو[258].

---

[254] ئەحمەد بەگ کوڕی حەمە بەگی کوڕی قادربەگی کوڕی ڕۆستەم بەگەو لە بەگزادەی جافی وەڵەدبەگییەکان، ئەحمەد بەگ لەوە بەدوا پەیوەندییەکان لەگەڵ ئینگلیزەکاندا باش بوویەوەو، هەر لە هەڵەبجەدا مایەوە هەتا لە ڕۆژی دووشەممەی ١٩٢٨/٧/٢ لە هەڵەبجە بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.(بڕوانە بیرەوەریو شیعرەکانی محەمەدسەعیدبەگی سەلیم بەگی جاف، ل٣٢، ڕۆژنامەی ژیان، ژ(١٢٠)، ١٩٢٨/٧/٥)

[255] ه.س، ل٣١ـ٣٣، عادل صدیق: هەڵەبجە، ل١٦٥ـ١٦٦، محەمەد ڕەسوڵ هاوار: س.پ، ب٢، ل٢٢٢.

[256] سیسیل جۆن ئیدمۆندس: س.پ، ل١٥٩ـ١٦٠، عادل صدیق: هەڵەبجە، ل١٦٧ـ١٦٨.

[257] ه.س، ل١٦٣، عادل صدیق: هەڵەبجە، ل١٦٨.

[258] ه.س، ل٢٠١.

ژمارەیەکی زۆر لە جافەکان هەرچەندە لە دەرەوەی ناوچەی سلێمانی بوونو لە خاکی کەرکوکدا تاوڵیان هەڵدا بوو، بەڵام جێگری حاکمی سیاسی هەڵەبجە سەرپەرشتی دەکردن[٢٥٩]. ئەدمۆنس بە مەبەستی راپەڕاندنی هەندێك ئیشوکار لە هەڵەبجەوە بەرەو کەلار بە رێکەوت، بەر لە گەیشتنی بە کەلار شەوەکەی لە گوندی (بانیخێڵان) مایەوە، بەپێی گێڕانەوەکانی ئەدمۆنس خۆی ئەو شەوە نامەیەکی پڕ لە گلەییو ئاخوناڵەی (کەریم بەگی فەتاح بەگ)ی بە دەست دەگات، لە نامەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کرا بوو کە لایەنگرانی عادیلەخانم لە ناو خەڵکدا دەنگۆی ئەوەیان بڵاوکردووەتەوە کە ئێوە (ئەدمۆنس) بۆ لابردنی من لە سەرۆکایەتی عەشیرەتی جاف دێنە ئێرە. ئەو رووداوەش کاریگەرییەکی خراپی لەسەر باری هێمنایەتییو بارودۆخی گشتی عەشیرەتی جاف دانا بوو، ئامادە نەبوون باج بدەن[٢٦٠].

لە لایەکی دیکەوە لە کاتی ئامادە نەبوونی ئەدمۆنس خۆیدا لە هەڵەبجە بارودۆخی شارەکە رووی لە ئاڵۆزی کرد، جافەکان وەك پێویست لەژێر فەرماندا نەمان، ئەو ئاڵۆزییەش دەیتوانی زیانێکی گەورە بداتو بارودۆخێکی خراپ لە ناوچەکەدا بهێنێتە ئاراوە. ئەم رووداوانەش رادەی ئاڵۆزیو شێواوی بارودۆخی ناوچەکە نیشان دادەت[٢٦١]. (ئەدمۆنس)یش زۆر لە هەڵەبجەدا نەمایەوە، پاش ماوەیەك نوئێل هاتو بەرپرسیارێتیی شارەکەی لە ئەستۆگرتو جێگەی ئەوی گرتەوە[٢٦٢].

ئینگلیزەکان بە هۆی پەرەسەندنی ئاڵۆزییەکانی ناوچەکانی کوردستان لە لایەكو، هاتنی ئۆزدەمیر پاشا (عەلی شەفیق)ی تورك بۆ ناوچەکانی رەواندز بە تەواوی تەنگەتاوبوون، بۆ کۆنترۆڵ کردنەوەی بارودۆخەکەو دەرپەڕاندنی ئۆزدەمیر پاشا بڕیاریاندا شێخ مەحمود لە ئاوارەییەکەی بگێڕنەوە بۆ سلێمانی[٢٦٣].

---

[259] هـ.س، عادل صدیق: هەڵەبجە ل٢٠٢.

[260] هـ.س، ٢٠٣.

[261] هـ.س، ل١١٣.

[262] هـ.س، ل ٢٢٢.

[263] ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: س.پ، ل١٥٢ـ١٥٣، عادل صدیق: ئەحمەد موختار جاف شۆرشگێرو روناکبیر، گۆڤاری (هەڵەبجە)، ژ(١٧)، ٢٠٠٩، ل٣٨.

له کاتی گەڕانەوەیداو تا ئەو کاتەشی کە شێخ مەحمود دووەمین حکومەتی خۆی پێکهێنا، بەگزادەکانی جافو لە نێویشیاندا ئەحمەدموختارو عیزەت بەگی کوڕانی خانم چەند جارێكو بەمەبەستی بەخێرهێنانەوەی شێخ مەحمود سەردانی شاری سلێمانیان کردووە. کاتێکیش کە شێخ مەحمود لە ڕێکەوتی١٩٢٢/١٠/١٠ بەپێی فەرمانێکی حوکمداری، کابینەی دووەمی حکومەتەکەی ڕاگەیاند، عادیلەخانم لەگەڵ ژمارەیەك لە بەگزادەکانی جافو دەستو پێوەندەکانیدا بۆ پیرۆزبایی کردن لە شێخ مەحمود سەردانی سلێمانی کردو چاوی بە شێخ مەحمود کەوت[٢٦٤].

ئەم جارەشیان دۆستایەتی نێوان شێخو ئینگلیزەکان زۆر درێژەی نەکێشا، هەر ئەوەندەی ئینگلیزەکان بۆیان دەرکەوت کە شێخ مەحمود ئەو مەبەستانە ناهێنێتەدی کە ئەوان ئەویان لەهیندستانەوە بۆ هێنابووەوە، سەرلەنوێ دەستیان کردەوە بە کەمکردنەوەی سنووری دەسەڵاتەکەیو وەك هەنگاوی یەکەمیش قەزاکانی (هەڵەبجەو ڕانیەو کۆیە)یان لێ دابڕی. لەو کاتەشدا هەر ئەحمەد موختار قایمقامی هەڵەبجە بوو، ئینگلیزەکان داوایان لە کاربەدەستانی ئەو ناوچانە کرد کە خۆیان لە هەرجۆرە یارمەتیو هاوکارییەکی شێخ مەحمود بە دوور بگرنو لەژێر ڕێنماییو ڕاسپاردەکانی ئەواندا کاروباری ناوچەکانیان بەڕێوە ببەن[٢٦٥].

ناکۆکییەکانی نێوان شێخ مەحمودو ئینگلیزەکان ڕۆژ بە ڕۆژ ڕووی لە هەڵکشان دەکردو کەلێنی نێوانیان زیاتر دەبوو، نەیارەکانی ئەحمەد موختاریش دەنگوباسی وایان دەگەیاندە شێخ مەحمود، کە ئەحمەد موختار پەیوەندی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا زۆرباشەو هاوکاریان لەگەڵدا دەکات[٢٦٦]، لەو ماوەیەشدا ئەحمەد موختار چەند جارێك سەردانی شێخ مەحمودی کرد بوو، دواجار کاتێك لە شوباتی ١٩٢٣ سەردانی شاری سلێمانی دەکات ڕاستەوخۆ لە لایەن شێخەوە فەرمانی دەستگیرکردنی دەردەکرێتو بە بەندکراوی ڕەوانەی ئەشکەوتی جاسەنە لە ناوچەی سورداش دەکرێت، ئەگەرچی ئەحمەد خواجە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەحمەد موختار لە گوندی قەمچوغەو لەنێو ماڵێکدا بەندکراوە، پاش بە سەربردنی ماوەیەکی کەم لە بەندینخانە سەرئەنجام لە ڕۆژی ١٩٢٣/٢/٢٤ لەو بەندییەی

---

264 عادل صدیق: ئەحمەد موختار،گۆڤاری (هەڵەبجە)، ژ(١٧)، ل٣٨، ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: س.پ،ل١٥٩.
265 ھ.س، ل٣٩، عادل صدیق: هەڵەبجە، ل١٢١.
266 ھ.س، ل٤٠.

ئازاد دەکرێت، ئەگەرچی لەسەر بەربوونەوەکەی بۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەو باوەڕن کە ئەحمەد موختار لە کاتی بەندییەکەیدا شیعرێکی نوسیووەو ئاڕاستەی شێخ مەحمودی کردووە، بە گەیشتنی ئەو شیعرە بە دەستی شێخ مەحمود، دەست بەجێ بڕیاری ئازادکردنی دەردەکات، دواتریش ئەو شیعرە لە رۆژنامەی (رۆژی کوردستان)دا بڵاوکراوەتەوە، شیعرەکەش بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

سەبا عەرزی خلووصیو بەندەگیمو هەم دوعا خوانی

ببە بۆ شاهی موحیطی گشت سلێمانی

بلێ قوربانی تۆ بم ئەی صلاحەالدینی ئەیوبی

بە زور پەنجە وەك حەیدەر بە سیما یوسفی سانی

....هتد[٢٦٧].

ئەحمەد موختار لە دوای ئەو بەربوونەی هەر قایمقامی هەڵەبجە بووەو دەسەڵاتی پەیدا کردووەتەوە، بەڵام نە لە قسەکردنو نە لە رەفتاری رۆژانەیدا هیچ هەڵوێستێکی خراپی بەرامبەر بە شێخ مەحمود نەنواندووە[٢٦٨]، لەم بارەیەوە د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ دەڵێت" هەڵوێستی پیاوانی وەك (ئەحمەد موختارو کەمالیو رەفیق حیلمی) هەڵوێستی پیاوی نیشتیمانپەروەری هەست بە بەر پرسیارێتیکەری ئەوتۆیە کە بۆ چاکەی گەلو نیشتیمان چاویان لە هەموو ئازارو بارێکی تایبەتی خۆیان پۆشیووەو لە گوڵ ناسکتریان بە شێخ مەحمود نەوتووە"[٢٦٩].

بە پێچەوانەی هەڵوێستی شێخ مەحمود، ئەم رەفتارەی شێخ مەحمود بەرامبەر بە کوڕەکەی، هەروا بە ئاسانی بۆ عادیلەخانمی دایکی قوت نەدرا، دوای ئەوەی ناکۆکییەکانی نێوان شێخو ئینگلیزەکان گەیشتە لوتکە، سەرئەنجام فڕۆکەکانی ئینگلیز لە رۆژی ١٩٢٣/٣/٣ کەوتنە بۆردومانکردنی شاری سلێمانیو شێخ مەحمودیش بە ناچاری شاری بەجێهێشتو پەنای بردەبەر ناوچەی سورداش، لەوێش فڕۆکەکانی ئیگلیز

---

[267] ه.س، ل٤٠ـ٤١، عادل صدیق: هەڵەبجە، ١٢١ـ١٢٣، رۆژنامەی ( رۆژی کوردستان)، ژ (١٣)، ١٣٤١ك.

[268] ه.س، ل٤١.

[269] عەلی باپیرئاغا: دیوانی کەمالی، ئامادەکردنو ساغکردنەوەی عەلی کەمال باپیر، دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی، ١٩٨٦، ل٢٣.

زۆریان بۆ هێنا بوو، ئا لەو کاتەدا عادیلەخانم نامەیەکی توند بۆ شێخ مەحمود دەنێرێت، لە دێڕە شیعرێکی نامەکەدا دەڵێت:

بە چاوی ئەحمەد بە قەبری پاشا    من ئەو بۆردومانەم زۆر لەلا باشە

شێخ مەحمودیش شاعیر بووەو حەزی لەو بەزمانە کردووە، کاتێك نامەکەی بە دەست دەگات کە فڕۆکەکان خەریکی بۆردومانی ناوچەکە بوون، ئەویش دەست بەجێ وەڵامی نامەکەی خانم دەداتەوەو لە دێڕە شیعرێکی نامەکەدا دەڵێت:

بە چاوی لەتیف بە کوڕەکەی خانم من ئەو بۆردومانە بە گونمە زانم

دوورکەوتنەوەی شێخ مەحمود و هاوەڵەکانی زۆری نەخایاند، ئەوەبوو لە ڕۆژی ١٩٢٣/٦/١٧ بۆ جارێکی دیکە ئینگلیزەکان سلێمانییان بەجێهێشت[٢٧٠]، بە چەند ڕۆژێك بەرلەجێهێشتنی شارەکە ئینگلیزەکان عیزەت بەگی کوڕی وەسمان پاشایان کرد بە سەرۆکی شارەوانی سلێمانی، پێدەچێت لەگەڵ بڕیاری پاشەکشەی ئینگلیزەکاندا ئەویش وازی لە کارەکەی هێنا بێت، چونکە ماوەی سەرۆکایەتییەکەی عیزەت بەگ تەنها (٩) ڕۆژی خایاندووە[٢٧١]، لە بەڵگەنامەکانی ئەو ڕۆژانەی شارەوانی سلێمانیدا قەیسەری وەسمان پاشا (کە بە قەیسەری وەسمان پاشا بەناوبانگ بوو) بە ناوی عیزەت بەگەوە تۆمار کراوە، چونکە ئەو سەرپەرشتی کردووە، هەر پاش گەڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ شارەکە، شارەوانی سلێمانی دەستی بەسەردا گرتووەو داهاتەکەی بۆ شارەوانی شارەکە بەکارهێناوە، پێدەچێت ئەو دەست بەسەرا گرتنە بەهۆی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی شارەوانی بووبێت لە لایەن عیزەت بەگەوە[٢٧٢].

لە تەمووزی هەمان ساڵدا شێخ مەحمود گەڕایەوە سلێمانی، لەم کاتەدا بەگزادەکانی جاف‌و لە نێویشیاندا ئەحمەدموختارو عیزەت بەگ بە سەرۆکایەتی کەریم بەگی فەتاح بەگ سەردانی سلێمانییان کردو چاویان بە شێخ مەحمود کەوتوو پەیمانی دۆستایەتی‌و هاوکارییان لەگەڵدا دووپاتکردەوە. پاش گەڕانەوەی بۆ سلێمانی شێخ مەحمود دەستی کردەوە بە گێڕانەوەی دەسەڵاتی خۆی بۆ ئەو قەزاو ناحیانەی کە پێشتر ئینگلیزەکان لە

---

[270] عادل صدیق: هەڵەبجە، ل١٢٥، ئەحمەدموختار شۆڕشگێڕو، گۆڤاری (هەڵەبجە)، ژ(١٧)، ل٤١-٤٢.

[271] هـ.س، ل١٧١.

[272] عبدالرقیب یوسف: لە بەڵگەنامەکانی حکومەتی شێخ مەحمود (تۆمارێکی شارەوانی سلێمانی ١٩٢٣-١٩٢٤)، لێکۆڵینەوەی سدیق ساڵح، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ٢٨.

سلێمانییان جیاکردبووەوە، هەڵەبجە یەکێك بوو لەو قەزایانەی کە بەبێ هیچ کێشەو گرفتێك گەڕێنرایەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتەکەی شێخ مەحمود.

ئینگلیزەکان زۆر بە وردی چاودێریی شێخ مەحمودیان دەکردو ئاگاشیان لەو سەردانەی بەگزادەکان بووە بۆ لای ئەو، هەروەك لە بەڵگەنامەکانی ئەو رۆژانەی ئینگلیزەکان خۆیاندا هاتووە، بە ماوەیەك پاش ئەم سەردانە بە نامە ئەحمەد موختار وەك قایمقامی هەڵەبجەو بەگزادەکانی جافیان ئاگادارکردەوە کە هەڵەبجە لە ئیدارەی سلێمانی جیاکراوەتەوەو داواشیان لێکرا کە فەرمانبەرەکانیان لەوێ دابمەزرێنن، لەوە بەدواش نامەو نووسراوەکانیان لەگەڵ ئەفسەرە بریتانییەکان لە رێگەی کفرییەوە دەبێت[273].

هاوکات ئاگاداری شێخ مەحمودیشیان کردەوە کە دەست لە کاروباری (هەڵەبجەو رانیەو چەمچەماڵ) وچەند ناوچەیەکی تر کە ئەوان دیارییان کردبوو وەرنەدات، سەرئەنجام ئاڵۆزییەکانی گەیشتنە رادەیەك فڕۆکەکانی ئینگلیز جارێکی تر لە ١٩٢٣/٨/١٦ بە بۆمبای (٢٢٠) پاوەندی کە بۆ یەکەمجار بوو بەکاری بهێنن شاری سلێمانییان بۆردومان کردەوە، یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانیشیان خودی شێخ مەحمود بوو،بەڵام لەو کاتەی کە فڕۆکەکان بۆمباکانیان بەردایەوە سەرماڵی شێخ، شێخ مەحمود لە ماڵی عیزەت بەگدا بوو، بەو هۆیەشەوە لەو پیلانەی کە ئینگلیزەکان بۆ کوشتنی ئەو دایاننابوو رزگاری بوو.

مانگە دواییەکانی ١٩٢٣ ماوەی گەشەسەندنی حکومەتەکەی شێخ مەحمود بوو، هەر لەو کاتەدا بوو کە (ئەحمەد موختارو عیزەت بەگو حامید بەگی برازایان) سەردانی سلێمانیان کردو چاویان بە شێخ مەحمود کەوت. بڕیار بوو هەر لەو سەردانەدا چاویان بە (ئەدمۆنس)یش بکەوێت، بەڵام بەهۆی نەهاتنی (ئەدمۆنس)ەوە بۆ سلێمانی ئەو دیدارو چاوپێکەوتنە سەری نەگرت. لەم کاتەدا ئەدمۆنس لە کەرکوکەوە بەرەو کەلار بەرێکەوتبوو، بەگزادەکان نامەیەکیان بۆ ناردو پێیان راگەیاند کە وایان زانیوە ئەویش دێت بۆ سلێمانی، بۆیە ئەوانیش رۆیشتوون بۆ ئەوێ، هەمان کات عادیلە خانم لە هەڵەبجەوە نامەیەکی بۆ ئەدمۆنس ناردو پێی راگەیاند کە بۆ بینینی ئەو دەچێتە گوندی

---

[273] د.وەلید حەمدی: کوردو کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، و.محەمەد نوری تۆفیق، چ٢، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، عادل صدیق، ئەحمەد موختار شۆڕشگێڕو، ل٤٢.

(فەقێ جنە) کە ئەو کات ناوەندی ناحیەی وارماوا بووەو لە رووی ئیدارییەوە یەکێك بووە لە ناحیەکانی سەر بە قەزای هەڵەبجە.

خراپی کەشوهەوا وایکرد ئەدمۆنس بە بروسکە عادیلەخانم ئاگادار بکاتەوەو داوای لێبوردنی لێ بکات لەوەی کە ناتوانێت بیبینێ، وەك ئەدمۆنس خۆی باسی دەکات بەڵام ئەو کەسێك نەبووە کە پیاو بتوانێ وا بە ئاسانی خۆی لێ رزگار بکات، سەرەڕای خراپیو ئاڵۆزی هەوا، بە شەستو شەش ساڵ تەمەنی، لە نزیك دەمی نیوەڕۆدا هەر دوو کەلی پاشارێو پەیکوڵی بڕیو لەگەڵ ئەحمەد موختار وعیزەت بەگو ژمارەیەك لە چەکدارەکانی عەشیرەتی جاف خۆیان گەیاندە پیسەکان (ئێستا پساکانی پێدەوترێت)و لەوێدا لەگەڵ ئەدمۆنس کۆبونەوەو باسوخواسی دوا گۆڕانکارییو پەرەسەندنەکانی ئەو رۆژانەو بارودۆخی هەڵەبجە بابەتی مشتومڕی نێوان هەردوولا بووە، ئەو دیدارو گفتوگۆیانە هەتا سەر لە بەیانی رۆژی داهاتووی خایاند، بەو شێوەیە جارێکی تر بەگزادەکان پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ئینگلیزەکان ئاسایی کردەوە، ئەویش پاش ئەوەی کە بۆ ماوەیەك ئاڵۆزی تێکەوتبوو[٢٧٤].

لە دوای دانیشتنەکەی پیسەکانەوە، ئینگلیزەکان ژمارەیەك کارمەندو پۆلیسیان بۆ هەڵەبجە دامەزراندو رەوانەی ئەو شارەیان کرد، بەر لە گەیشتنیان بە هەڵەبجەو لە ناوچەی شارەزووردا لە لایەن هێزێکی سەر بە شێخ مەحمودەوە رێگەیان لێگیرا، ئەو ژمارە چەکدارەشی کە ئەحمەد موختار ناردبوونییە شارەزوور بۆ پاراستنی ئارامیو ئاسایشی ناوچەکە، لە لایەن هێزەکەی شێخەوە پەلاماردرانو تێکشکێنران، بەوەش مەترسی لەسەر هەڵەبجە دروست بوو، هەر ئەمەش وای لە عادیلەخانم کرد کە داوای یارمەتی لە جافرسانی هەورامی بکات، بەرلەوەی شەڕ لە نێوان هەردوولادا دروست ببێت، هێزەکەی سەر بە شێخ مەحمود پاشەکشەی کردو وازی لە گرتنی هەڵەبجە هێنا[٢٧٥].هاتنی جافرسان لە سەرەتاداو دواتریش گەیشتنی ئەدمۆنس بە هەڵەبجە، عادیلەخانمی هێورکردەوە، خانم بە ئەدمۆنسی راگەیاند کاروباری ناوچەکە تا یەك مانگ بەو شێوەیە دەتوانرێت راگیر بکرێت[٢٧٦].

---

274 هـ.س، ل٤٢ـ٤٣، سیسیل جۆن ئیدمۆندس: س.پ، ل٤٤٩ـ٤٥٠.

275 هـ.س، ل٤٣.

276 عادل صدیق: هەڵەبجە، ل١٣٢.

لە ناوەڕاستی مانگی مارسدا، سێ فرۆکە بە سەر ناوچەی شەمێرانداو لە نزیك لای چەپی رووباری سیروان لە باشووری رۆژئاوای هەڵەبجە، کە ئەو کات سەر بە ناحیەی وارماوا بوو، مانۆڕیان دەکردو بۆردومانی ئەو ناوچانەیان دەکرد کە (حەمەی سان ئەحمەد)و چەکدارەکانی خۆیان تێدا حەشار دابوو، بەڵام گوللەی یەکێك لە چەکدارەکان بەر عەمباری بەنزینی یەکێك لە فرۆکەکان کەوتوو ناچار بوو لە نزیك رووبارەکە بنیشێتەوە. کینهیدو و.مانکی شرلاك لە نزیك فڕۆکە کەوتووەکە نیشتنەوەو فرۆکەوانەکەی (ڕ.دی.ویلن)و میکانیکەکەیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتەوە[٢٧٧].

ئەحمەد تەقی لە زاری هەباس ئاغای پشدەرەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن ئینگلیزەکان لەژێرەوە لەگەڵ بابەکری سەلیم ئاغاو عادیلەخانمدا کەوتوونەتە گفتوگۆ بۆ پیلاندانان لە دژی حکومەتەکەی شێخ مەحمود[٢٧٨]، ئەگەر بە وردی سەرنجی پەیوەندییەکانی نێوان خانمو شێخ مەحمود لە لایەكو خانمو ئینگلیزەکان لە لایەکی ترەوە بدەین، زۆرباش لەوە تێدەگەین کە پەیوەندییەکانی خانم لەگەڵ هەریەکە لەو دوو لایەنەدا بەپێی گۆڕانکارییەکانی ئەو رۆژانە بووە، روونتر بڵێین لەو کاتانەی کە پەیوەندی نێوان ئینگلیزەکانو شێخ مەحمود ئاسایىو دۆستانە بووە، عادیلەخانمیش ناکۆکییەکی ئەوتۆی لەگەڵ شێخو دەسەڵاتەکەیدا نەبووە، بەڵام هەر کاتێك کە پەیوەندی ئینگلیزەکان لەگەڵ شێخدا رووی لە ئاڵۆزی کردبێت، بە ئاشکرا دیارە کە کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان شێخ مەحمودو عادیلەخانم داناوە، چونکە ئینگلیزەکان لەو کاتانەدا بە هەموو شێوەیەك هەوڵیاندەدا کە عادیلەخانمو بەگزادەکانی جاف لە شێخ مەحمودو دەسەڵاتەکەی دابڕن.

ئەم کاریگەریو هەوڵەی ئینگلیزەکان وەنەبێ هەر تەنها تایبەت بووبێت بە جافەکان، بەڵکو شێخ قادری برای شێخ مەحمود خۆیو حەپسەخانی نەقیبی خێزانی کە دەکاتە ئامۆزای شێخ مەحمودو هاوکات براژنیشی بووە بە دوور نەبوون لە کاریگەری ئەو پڕوپاگەندانەی کە ئینگلیزەکان دژی شێخ مەحمود لە ناوچەکەدا بڵاویان دەکردەوە. لە ساڵی ١٩٢٤ بە دواوە شێخ قادرو حەپسەخانی خێزانیو ژمارەیەك لەوانەی کە سەر بە

---

[277] سیسیل جۆن ئیدمۆندس: س.پ، ل٤٥٦، کەمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕەیەك، ب٢، ل٤٣.

[278] ئەحمەد تەقی: خەباتی گەلی کورد لە یادداشتەکانی ئەحمەد تەقی دا، رێکخستنو ئامادەکردنی جەلال تەقی، چاپخانەی سلمان الاعگمی، بەغداد، ل٤٠، ٥٣. محەمەد رەسوڵ هاوار: س.پ، ب٢، ل١٤٣.

ئینگلیزەکان بوون ڕۆیشتنە گوندی تەنگی سەری ناوچەی قەرەداغو حەپسەخان رایگەیاند کە ئیتر سەر بە شێخ مەحمود نییەو لەگەڵ ئەودا نییە، شێخ عەبدولکەریمی قادرکەرەمو شێخ عەبدولقادری گۆپتەپەو ژمارەیەکی تر لەوانەی کە تا ئەوکاتە لایەنگری شێخ مەحمود بوون گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان[279]. سەبارەت بە حەپسەخان، شێخ ڕەوفی کوڕی شێخ مەحمود دەڵێت" لەوە بەدوا حەپسەخانی نەقیب دەستێکی باڵای هەبوو لە بڵاوکردنەوەی ئەو پڕوپاگەندانەی کە ئینگلیزەکان دژی شێخ مەحمود بەرپایان کرد، لەو ڕووەوە دەیویست لاسایی عادیلەخانمی ژنی وەسمان پاشای جاف بکاتەوە"[280].

بڕیار بوو ئەدمۆنس لە ڕۆژی ١٩٢٤/٤/٢٦دا بڕوات بۆ پشوودان، بەڵام بەر لەوادەکەی بڕیاریدا سەردانی هەڵەبجە بکات، بۆ ئەوەی لە بارودۆخی ناوچەکە دڵنیا بێت، لە ڕۆژی ٢١\٤\١٩٢٤ لەگەڵ دوو فڕۆکەی دیکە بەرەو هەڵەبجە بە ڕێکەوتن، سەرەتا بڕیار بوو (ئەدمۆنسو کنیهید) بنیشنەوەو دوو فڕۆکەکەی دیکە لە ئاسماندا بسورێنەوە تا دڵنیا دەبن کە هێشتا شار لە دەستی ئەواندایە، ئەو ڕۆژە هاتووچۆی خەڵکی زۆر بە کەمی بەدی دەکرا، چونکە مانگی ڕەمەزان بوو، خەڵکی لەبری نەخەوتنی شەو، لە خەودا بوون، پاش دڵنیابوون، دوو فڕۆکەکەی ئاگادارکردەوە کە ئەوانیش بنیشنەوە، لە کاتی نیشتنەوەدا یەکێك لە فڕۆکەکان ئاگری تێبەر بوو کەوتە خوارەوەو تێکشکا، بەو هۆیەشەوە هەردوو ئەفسەرەکەی ناو فڕۆکەکە بریندار بوون. لە دوای شکانی ڕۆژی نۆزدەی مانگی رابردوو ئەوە یەکەمجار بوو کە ئەفسەرانی ئینگلیز لە شارەکە ببینرێن[281].

جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین ئەوە دوا هەمین دیداری ئەدمۆنس بوو لەگەڵ عادیلەخانم، چونکە خانم لەوە بە دوا زۆر نەژیا، لە تەموزی ١٩٢٤دا کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی عەبابەیلیو لە تەنیشت تاهیر بەگی کوڕیەوە بە خاك سپێردرا، یانزە ساڵ دواتر ئەحمەد موختاری جوانەمەرگی کوڕیشی هەر لەو گۆڕستانە بووە میوانی ئەوانو لە تەنیشت دایكو برا گەورەکەیەوە بە خاك سپێردرا.

هێنی هارۆلد ولسنی ژنە کوردناسی دانیمارکی لە ساڵی ١٩٥٧دا بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگاو کەلتوورو دابوونەریتی کوردی هاتووەتە کوردستانو سەری لە هەڵەبجەداوە،

---

279 ه.س، ل٤٥٠.

280 ه.س، ل٤٢٧.

281 سیسیل جۆن ئیدمۆندس: س.پ، ل٤٥٧ـ٤٥٨.

لەو سەردانەیدا سەردانی گۆڕستانی عەبابەیلێی کردووەو بە چاوی خۆی گۆڕی عادیلەخانمی بینیوە کە چەند بێ خزمەت بووە، بگرە هەر بە تەواویش پشت گوێ خراوە، کاتێك هێنی لە هۆکاری ئەو بایەخ پێنەدانە دەپرسێت، وەرگێڕەکەی کە ناوی (حەلیمە کەریم سەعید) بووە پێی راگەیاندووە، لەسەر خواستی عادیلەخانم خۆی گۆڕەکەی بایەخی پێنەدراوەو پارێزگاری لێ نەکراوە، بەڵام ئەوەندەشی وتووە کە خەڵك مەڕو ماڵات لەسەر گۆڕستانەکە دەلەوەڕێنن‌و بە ساردی یادی ئەو خانمە گەورەیە دەکەنەوە[282].

بەڵام ئەوندە هەیە وەستانەوەی عادیلەخانم لە هەندێ بارودۆخی تایبەتیدا لە رووی خواستەکانی شێخ مەحموددداو، دەرکەوتنی شێخ مەحمود وەك سەرکردەو کەسێکی نەتەوەیی کە دژایەتی سیاسەتی داگیرکاری ئینگلیزی کردووەو بە توندی پێداگری لەسەر مافەکانی نەتەوەکەی کردووە، وایکردووە کە عادیلەخانم کەمتر لە ئاستی خۆی بایەخی پێبدرێت‌و ئاوڕی لێ بدرێتەوە، بە شێوازێك کە شایستەی گەورەیی ئەو خانمە بێت. لە کاتێکدا عادیلەخانم‌و حەپسەخانی نەقیب هەروەك لە سەرەتای ئەم کتێبەماندا ئاماژەمان بۆ کردووە، دوو لە ژنە هەرە بەناوبانگ‌و کاریگەرەکانی قۆناغ‌و سەردەمی خۆیان بوون‌و وێنەی ئەمانە لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا زۆر دەگمەن بووە، هێنی هارۆڵد خۆشی لە زاری وەرگێڕەکەیەوە ئەمەی بەدی کردووەو هەستی پێکردووە، وەك خۆی باسی دەکات وەرگێڕەکەی بەو پەڕی رێزەوە باسی شێخ مەحمودی نەیاری عادیلەخانمی کردووەو بە پاشای راستەقینەو مەلیکی کوردستان ناوی هێناوە[283].

---

[282] ژیانی ئافرەتی کورد، ل ٢٨.

[283] هـ.س، ل٢٨.

# سەرچاوەکان

## * سەرچاوە کوردییەکان

- ئەحمەد تەقی: خەباتی گەلی کورد لەیادداشتی ئەحمەد تەقی دا، ڕێکخستنو ئامادەکردنی جەلال تەقی، چاپخانەی سلمان الاعظمی، بەغداد.

- ا.م.مینتیشاشفیلی: کورد کورتە پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئابووری ڕۆشنبیریو گوزەران، و.د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٨.

- ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: شاری سلێمانی (١٩١٨ـ١٩٣٠)، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانست، سلێمانی، ٢٠٠٢ .

- بیرەوەریو شیعرەکانی محەمەدسەعید بەگی سەلیم بەگی جاف، ئامادەکردنی سدیق ساڵح، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٨.

- پ. بەدرخان سندی: کۆمەڵگای کوردەواری لەدیدی ڕۆژهەڵاتناسیدا، چ١، چاپخانەی خانیّ، دهۆك، ٢٠٠٨.

- بەکر حەمەصدیق عارف: لاپەڕەیەك لە مێژووی هەڵەبجە (١٧٠٠ـ١٩٥٨)، چاپی یەکەم، سلێمانی،١٩٩٧.

- پۆڵ دۆمۆن: سەردەمی تەنزیمات (١٨٣٩ـ١٨٧٨)، و.نەجاتی عەبدوڵڵا، دەزگای چاپو بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

- تاهیر بەگی وەسمان پاشای جاف: دیوانی تاهیر بەگ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی هەولێر، هەولێر، ١٩٦٦.

- جەمال بابان: گەشتێ بەناخی تەمەندا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

- جەمال بابانوئەوانی تر: سلێمانی شارەگەشاوەکەم،بەرگی سێیەم،دەزگای چاپوپەخشی سەردەم،٢٠٠٠.

- حەمەبۆر (محەمەد مستەفا حەمەبۆر): چەپکێ لە هەڵبەستی بڵاونەکراوەی مستەفا بەگ (کوردی) ساحێبقرانو کورتەیەکی ژیاننامەی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٨.

- حەسەن فەهمی بەگی جاف: مێژووی هۆزی جافو مەحمود پاشای جاف، چاپخانەی دێکان، ١٩٩٩.

- حەسەن گۆران: دیوانی تاهیر بەگی جاف، چاپی یەکەم، چاپخانەی گلبان، سنندج، ١٣٨١شەمسی.

- ڕەفیق حیلمی: یادداشت کوردستانی عێراقو شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٥٦.

- سیسیل جۆن ئیدمۆندز: کورد تورك عەرەب، و.حامیدگەوهەری، دەزگای چاپو بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

- د.سەعدی عوسمان: بزاڤی ڕزگاری خوازی کوردی، دەزگای توێژینەوەی بڵاوکراوەی موکریان، هەولێر، ٢٠٠٦.

- شاکرفەتاح: گەشتی هەڵەبجەو هەورامان لە ساڵی١٩٣٣دا، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٧٤.

- شێخ لەتیفی حەفید: یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، ئامادەکردنی کەمال نوری مەعروف، چاپی یەکەم، دهۆك، ١٩٩٥.

هەولێرنامەی کتێب

- عەبدولعەزیز یامولکی: کوردستانو راپەڕینەکانی کورد، و.شێرزادکەریم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی.
عەلادین سەجادی:
- رشتەی مرواری، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤-٢٠٠٥.
- مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی معارف، سەردەشت، ١٩٥٢.
- عبدالرقیب یوسف: لە بەڵگەنامەکانی حکومەتی شێخ مەحمود (تۆمارێکی شارەوانی سلێمانی١٩٢٣-١٩٢٤)، لێکۆڵینەوەی سدیق ساڵح، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- د.عەبدوڵڵا عەلیاوەیی: کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تاجەنگی یەکەمی جیهانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- عەبدولکەریم حەمید عەبدولکەریم: ئەحمەد موختار جاف شاعیرو مرۆڤ، دەزگای چاپوپەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.
- عەبدولجەبار محەمەد جەبار: ژنە ناودارەکانی کورد، چاپخانەی الجمهوریە، کەرکوك، ١٩٦٩.
- عەبدولخالید صابر: سەرۆك شارەوانییەکانی سلێمانی (١٨٩٠-٢٠٠٣)، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٣.
- عادل صدیق: هەڵەبجە (١٨٨٩-١٩٣٠)، چاپو پەخشی نوسەر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨.
- د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ: دیوانی ئەحمەد موختار جاف، چاپخانەی (الادیب)، بەغداد، ١٩٨٦.
- عەلی باپیر ئاغا: دیوانی کەمالی، ئامادەکردنو ساغکردنەوەی عەلی کەمال باپیر، دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی، ١٩٨٦.
- عومەر مەعروف بەرزنجی: مەحمود خانی دزڵی شۆڕشگێڕی رۆژهەڵاتی کوردستان، چاپی دووەم، ٢٠٠٠.
- و.فەیسەڵ دەباغ: کوردستان لە چاپکراوە عوسمانیەکاندا، دەزگای چاپو بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤.
- قامووسولئەعلامی شەمسەدین سامی: کوردو کوردستان لە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا، ، و.ئەحمەدتاقانە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨.
- کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف: تەئریخی جاف، لێکۆڵینەوەی د.حەسەن جاف، دارلکتب والوپائق، بەغداد، ١٩٩٥.
- کورد عەرەب بریتانیەکان: بیرەوەرییەکانی کاپتن لاین لەمەڕ رووداوەکانی باشووری کوردستان، و.یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٨.
د.کەمال مەزهەرئەحمەد:
- مێژوو، چاپی دووەم، چاپخانەی دۆست، هەولێر، ٢٠٠٧.
- کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد،١٩٧٥.
- چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەرگی یەکەم، چاپخانەی الادیب البغدادیە، بەغداد، ١٩٨٥.
- چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠١.
- کوردوکوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی حکومەتی بریتانیادا، بەرگی یەکەم، ٢٠٠٨.

- کۆمەڵێك لە پسپۆڕانو ئەفسەرانی سیاسی ئینگلیز: کوردو کوردستان، و.حسێن عوسمان نێرگسەجاڕیو حسێن ئەحمەدجاف، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو بڵاوکراوەی ئاراس، ٢٠٠٢.
- مەیجەرسۆن: سلێمانی ناوچەیەك لە کوردستان،و.مینە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.
- مەحمود عەزیز حەسەن: کورتەیەك لە مێژووی هۆزی جافو باسی هەندێك لە تیرەکانی، چاپخانەی نەورەس، سلێمانی، ٢٠٠٢.
- مەلاعەبدوڵڵای زێوەر: گەنجینەی مەردانو یادداشتی ڕۆژانی دەربەدەری، ئامادەکردنی محەمەدی مەلکەریم، چاپخانەی الادیب، بەغداد، ١٩٨٥.
- مامۆستا جەعفەر (فازیل کەریم ئەحمەد): شاری سلێمانی ململانێی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان (١٨٢٠ـ١٩٢٠)، سلێمانی، ٢٠٠٦.
- م.س.لازاریف: کێشەی کورد (١٨٩٦ـ١٩١٧)، و.کاوس قەفتان، بەرگی یەکەم،مگبعە الجاحف، بەغداد،١٩٨٩.
- محەمەدرەسوڵ هاوار:
شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، لەندەن، ١٩٩٠.
شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، بەرگی دووەم، ١٩٩٠.
- محەمەد ئەمین زەکی بەگ: تایخی سلێمان وە وڵاتی، بەرگی سێیەم، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.
- د.مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.
- مینۆرسکی: کورد، و.حەمەسەعید حەسەن حەمەکەریم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٤.
- محەمەدی حەمەباقی: میرنشینی ئەردەڵان بابان سۆران لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو بڵاوکراوەی ئاراس، ٢٠٠٢.
- مەعروف چیاووك: کارەساتی بارزانی زوڵملێکراو، و.ئەبوبەکرساڵح ئیسماعیل، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٨.
- مەلمحەمەدی چرۆسانی: یادداشتەکانی منالیو بەشێکی سەردەمی فەقێیەتی، ساغکردنەوەو پێشکەشکردنی، محەمەدی مەلکەریم، چاپخانەی الحوادپ، بەغداد، ١٩٨٤.
- مەحمودی مەلا عیزەت: حکومەتی کوردستان لە ناو مەتەڵی سیاسەتی بریتانیادا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ، ٢٠٠٦.
- میر بەسری: ناودارانی کورد، و.عەبدولخالق عەلادین، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
- محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، بەرگی یەکەم، تەهران، ١٣٨٠هەتاوی.
- نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردو عەجەم مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.
- و.نەجاتی عەبدوڵلا: کوردستان لە بەڵگەنامەکانی کونسوڵی فرەنسی لە بەغداد لە ساڵی ١٩١٩،بەرگی یەکەم، ٢٠٠٤.
- هێنی هارۆڵد هانسن: ژیانی ژنانی کورد، و. عەزیزگەردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغداد، ١٩٨٣.

- واسیلی نیکیتین: کوردوکوردستان، و.خالیدحسامی (هێدی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر، ١٩٩٨.
- د.وەلید حمدی: کوردو کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بریتانیادا، و.محەمەدنوری تۆفیق، چاپی دووەم،دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.
- ی.ئی.ڤاسیلیەڤا: کوردستانی خواروی ڕۆژهەلآت لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە، هەولێر، ١٩٩٧.

***سەرچاوە عەرەبییەکان**

- فؤاد حمه خورشيد: العشائرالكردية،بغداد،١٩٧٩.
- ميجرسون (ميرزاغلام حسين شيرازي):
رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين وكردستان، ت.فوادجميل، جزءالاول، مطبعةالجمهورية، بغداد،١٩٧٠.
رحلةمتنكر الى بلاد مابين النهرين وكردستان، ت.فوادجميل، جزءالثانی، بغداد،١٩٧٠.
- محمد علی الصويركی: معجم اعلام الكردفی التاريخ الاسلامی والعصر الحديث فی كردستان وخارجها، مؤسسة ذين،سليمانية،٢٠٠٦.

***سەرچاوەی فارسی**

- د.کريم سنجابی: ايل سنجابی ومجاهدت ملی ايران (خاطرات علی اکبرخان وسالارمقتدر)، چاپ اول،تهران،١٣٨٠شەمسی.

*** گۆڤار**

- ئازاد عەبدولواحید: هەڤپەیڤینێك لەگەڵ (حیلمی) شاعیری کۆچکردووی هەڵەبجەی شەهید، گۆڤاری رامان، ژمارە (١٤٠)، ٢٠٠٩.
- د.عەبدوڵڵا مەردۆخ: دامو دەزگای دەرەبەگی بنەماڵەی وەزیرەکانی کوردستانی ئەردەڵان،گۆڤاری مەڵبەندی کوردۆلۆجی،ژمارە (١)، ٢٠٠٨.
عادل صديق:
- ئەحمەد موختار جاف شۆڕشگێڕو روناکبیر،گۆڤاری هەڵەبجە، ژمارە (١٧)، ٢٠٠٩.
- لڤین نامەیەکی بڵاونەکراوەی ولسن بۆ عادیلەخانم ئاشکرا دەکات، گۆڤاری لڤین، ژمارە (٨١)، ٢٠٠٨.
- ئەحمەد موختارجاف ئەو شیعرەی بەگوللەی براکان سوورکرا، گۆڤاری لڤین، ژمارە (٧٨)، ٢٠٠٨.
- مێجەرسۆن، وحوسێن حوزنی موکریانی، گۆڤاری دەنگی گێتی تازە، ژمارە (٥)، بەرگی چوارەم، ١٩٤٥.

*** چاوپێکەوتنەکان**

- چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمیدەی کچی ئەحمەد موختارجاف، ٢٠٠٦/١٢/١٦، هەروەها ٢٠٠٨/٨/٢٤، سلێمانی.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ د.عەبدوڵڵا مەردۆخ، ٢٠٠٩/٤/٢٨، سلێمانی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی.

هەواڵنامەی کتێب

### شەجەرەی بەگزادەکانی جاف[284]




هەواڵنامەی کتێب

---

[284] بۆ ئەم خشتەیە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە (ئیدمۆندس: س.پ، ل١٨٧، ا.م.مینتیـشاشفیلی: س.پ، ل١٠٢، عەبدولکەریم حەمید عەبدولکەریم: س.پ، ل٢٨).